
دیوان
گروپی کۆمپانیاکانی دیوان
diwan
مۆبیلیات . کەرانتەر . PVC
فرۆشتن بە شێوازی قیستی مانگانە بەبێ زیادکردنی نرخەکان بۆ :
- فەرمانبەران بەگشتی و قوتابیان و مامۆستای زانکۆو پەیمانگاکان ٨ هەشت قیست
- کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال و کیمیاباران و یوک و زاوا ١١ یانزە قیست
- سلێمانی - شەقامی پیرەمێرد ٣١٣٧٣٢٥ - سلێمانی - سی مەتری هەواری تازە ٣٢٣٢٣٥٨
- سلێمانی - کۆتایی شەقامی چوارتای کۆن ٣٢٨٨٢٢٠
- هەولێر - شەقامی شۆرش ٠٦٦٢٥٣٣١٠١ - هەولێر - شەقامی شەستی ٠٦٦٢٥٠٦٠٧٤
- دهۆک - حی عەسکەری ٠٦٢٧٦٣٠٦١٢
- کەلار - شەقامی سەرەکی سلێمانی ٠٧٤٨٠٢٢٤٩٠٧ - کەلار شەقامی شەهیدان ٠٧٤٨٠٢٧٣٥٧٧
- دەربەندیخان - بەرامبەر پارێگای داخراو ٠٧٤٨٠٢٣٨٠٣٠

رۆژنامە

www.rozhname.com

رۆژنامەیەکی رۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

No.514 Sun 19/ 7/ 2009 | نرخ 500 دینار | ژمارە 514 یەکشەممە 19/ 7/ 2009

سەرکردەکانی یەکێتی هەڕەشە لە (٤) قایمقام دەکەن

رۆژنامە

لە کۆبوونەوەیەکدا لە مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سلێمانی، ژمارەیەک لە سەرکردەکانی یەکێتی، قایمقامەکانیان کۆکردووەتەوەو هەڕەشەیان لێکردوون و پێیانوتوون: «ئەگەر خۆیان ساغنەکەنەوە لە داهاتوودا تووشی زیان دەبن»، سەرچاوەیەکی بەرپرسی یەکێتیش ئەوەی رەتکردەوە هەڕەشە لە هیچ کەسێک کرابێت.

رۆژی چوارشەممەی رابردوو هەریەک لە عیماد ئەحمەد، جێگری سەرۆکی حکومەت، جەعفەر شێخ مستەفا، وەزیری پێشمەرگە، حاکم قادر، بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایش، مەحمود سەنگاوی، ئەندامی سەرکردایەتی، بەرپرسی مەڵبەندەکانی یەکێتی لە دوکان و سلێمانی و چەمچەماڵ، چوار قایمقامی سنووری پارێزگای سلێمانییان لە مەکتەبی سیاسی حیزبەکەیان کۆکردووەتەوەو هەڕەشەی خۆیەکلاییکردنەوەیان لێکردوون.

لە کۆبوونەوەکەدا بە دیاریکراوی گومانیان لە (٤) قایمقام هەبووە (لەسەر داوای خۆیان رۆژنامە ناوەکانی بڵاونەکردەوە) بەرپرسە حیزبییەکان پێیانوتوون «دەبێت دوای دەوام بە جلی کەتافییەوە بانگەشە بۆ لیستەکەی یەکێتی و پارتی بکەن».

سەرچاوە بەرپرسەکە وتی: «بەو قایمقامانە وتراوە ئەمە کۆبوونەوەی یەکێتییەو کێ خۆی بە یەکێتی نازانێت بچێتە دەرەوە، هیچ کەسێک نەچووەتە دەرەوە جگە لە قایمقامێک کە شیوعی بووە».

بەرپرسە حیزبییەکان هەڕەشەکەیان توندتر کردووەو بە قایمقامەکانیان وتووە، «ئەگەر خۆتان ساغنەکەنەوەو دەربکەوێت لایەنگری لیستی گۆڕانن، لە داهاتوودا فیشەک دەنێین بەسەرتانەوە».

لەدوای پرۆژەکەی تاڵەبانی بۆ جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت، ئەوە چەندینجارە کۆبوونەوەی حکومیی لە مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی ئەنجامدەدرێت و دووەمینجاریشە لەلایەن بەرپرسە حیزبییەکانەوە کۆبوونەوە بە قایمقامەکان کە حکومین، دەکرێت.

گۆڤاری ئیکۆنۆمیست: بزووتنەوەیەکی نوێ دەیەوێت کۆتایی بە پاوانکردنی دوو لایەنە بهێنێت

ل ٦



فۆتۆ: شکار موعتەسەم

دەنگەکان لە بەغدا یان هەرێم جیادەکرێنەوە؟

فەلاح نەجم

حەمدیە حسێنی رایگەیاند: «دەنگەکان لە بەغدا جیادەکرێنەوە»، چونکە بەوردی و بە چاودێریی ژمارەیەکی زۆر چاودێری نێودەوڵەتی جیادەکرێنەوە، هاوکات بەرپرسێکی دیکەی کۆمسیۆن ئەمە رەتدەکاتەوە.

هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان (٢٥)ی ئەم مانگە بەڕێوەدەچێت، کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق سەرپەرشتی دەکات.

حەمدیە حسێنی، بەرپرسی بازنەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان، رایگەیاند «دەنگەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی هەرێم لە بەغدا جیادەکرێنەوە، ئەنجامەکەشی لە بەغداوە رادەگەیەنرێت».

ئەو بەرپرسە لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان وتیشی: «چاودێرانی نێودەوڵەتی سەرپەرشتی پرۆسەی جیاکردنەوەی دەنگەکان دەکەن».

سەردار عەبدولکەریم ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیارانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان رایگەیاند: «تەنیا ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان لە بەغدا رادەگەیەنرێت، لە بنکەکاندا دەنگەکان جیادەکرێنەوە».

یوست هیڵتەرمان:

دۆڕاندنی کەرکوک، ئاکامی راستەوخۆی سیاسەتی هەڵەی حکومەتی هەرێمە

ل ٥



تونێلی ئەزمڕ تەنیا بۆ حیزبێکە

ل ٢

هەڵەبجەییەکان بارزانییان سزادا

ستارە عارف،
ئارام نەجیم

دوێنێ مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی بەشداریکردن لەبانگەشەی هەڵبژاردنەکان گەیشتە شاری هەڵەبجەو ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئەو شارەش ئامادەنەبوون پێشوازی لێبکەن، ئەوەش وەک ژمارەیەک لە دانیشتووانەکەی پەیوەندییان بە رۆژنامەوە کرد، «بۆ سزادانی بارزانی بووە. لەبەرئەوەی لەماوەی چوار ساڵی تەمەنی سەرۆکایەتیدا سەردانی شارەکەیانی نەکردووە» و سەردانی ئەمجارەی بارزانی بۆ شارەکەیان، «تەنیا بانگەشەی هەڵبژاردنە».

سەرچاوەیەک لەشاری هەڵەبجەوە بە رۆژنامەی راگەیاند، ژمارەیەکی زۆر خەڵکیان بەجلوبەرگی مەدەنییەوە کە لەهێزو پێشمەرگەکانی خۆیان بوون لەدەرەوەی هەڵەبجە هێناوەتە ناوەوە.

بەدرێژایی رێگای سلێمانی هەڵەبجە زیاتر لە ٢٠ گوند لەسەر شەقامەکەن، جگە لە یەک گوند کە ژمارەیان ٢٠ کەس دەبوون، هیچ گوندێک ئامادەنەبوو دانیشتووانەکەی بنێرێتە پێشوازیی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

سەرچاوەیەکی دیکەش بە رۆژنامەی راگەیاند: لق و مەڵبەندەکانی یەکێتی و پارتی بۆ قەرەباڵغکردنی ئاهەنگەکە، بە پاس خەڵکی دەرەوەی هەڵەبجەیان بۆ ناو شار گواستەوە، لەبەرئەوەی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ناوشار ئامادەی کۆبوونەوەکەی سەرۆکی هەرێم نەبوون و لەشوێنە جیاجیاکانی دەرەوەی هەڵەبجەوە خەڵکیان بۆ کۆبوونەوەکە کۆکردووەتەوە، «سەردانەکەشی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنە».

ئەم سەردانەی بارزانی دوای سەردانەکەی تاڵەبانی دێت، کە لەسەردانێکدا بۆ شاری هەڵەبجە رایگەیاندبوو، مەسعود بارزانی سەردانی شاری هەڵەبجە دەکات و لەگەڵ جەماوەرەکەی کۆدەبێتەوە.

ژمارەیەک لە دانیشتووانی هەڵەبجە بە رۆژنامەیان راگەیاند، خەڵکی هەڵەبجە لەهاتنەکەی جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانیش زۆر ناڕازیین، ژمارەیەکی زۆر خەڵکیان بەجلوبەرگی مەدەنییەوە کە لەهێزو پێشمەگەکانی خۆیان بوون لەدەرەوەی هەڵەبجە هێناوەتە ناوەوە بۆ ئامادەبوون لە پێشوازییەکە، لەهاتنەکەی سەرۆکی هەرێمدا لەسەر رێگای ناحیەی سیروان ویستوویانە ئاڵاکانی لیستی گۆڕان دابگرن و کەمێک گرژیی روویداوە، بەڵام چارەسەرکراوە.

ـــــیستی کوردستانی بەردەوامە



که ئاهەنگەکە دوابخرێت»، چونکە ئێمە بەرپرسی پاراستنی ئەمنیەتی ئاهەنگەکە بووین و «لێکردنەوەی پۆستەر مانای ئەوە نییە زەمانەتی پاراستنی ئاهەنگەکەمان پێنەکرێت». وتیشی: «لەبارەی ئەوەی دەوترێت ئەوانەی بەو کارە هەستاون بەشێکیان ئاسایش بوون، یاخود ئەو پۆلیسانەی لەوێبوون بە ئەرکی خۆیان هەڵنەستاون، بڕیارە برادەرانی گۆڕان ئەو حاڵەتانە بە سیدی بۆمان بنێرن، بۆئەوەی بزانین ئەو کارمەندو پۆلیسانە کێن و ئیجراتاتی یاساییان لەگەڵدا بکرێت».

ئەو پێشێلکارییانەی لیستی کوردستانی لەهەولێری پایتەختی هەرێم لەکاتێکدایە، کە بەپێی یاسای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان و رێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق پێویستە لیستە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن هاماهەنگی لەگەڵ یەکتربکەن بۆئەوەی دژایەتی لەنێوانیان روونەداتو هاوکاتیش هیچ قەوارەیەکی سیاسی بۆی نییە کۆڕو کۆبوونەوەی لیستێکی دیکە تێکبداتو بیکاتە هەڵمەتی بانگەشەی خۆی، یان هەڕەشە لە لیستی دیکە بکاتو زمانی زبر بەکاربهێنن.

هەندرێن حەمە ساڵح لێپرسراوی ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ئاماژەی بەوەکرد، بەپێی یاساکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانو رێنماییەکانی کۆمسیۆن، لێکردنەوەی پۆستەرو دروشمی لیستەکانو تێکدانی ئاهەنگو شوێنی بانگەشەی هەڵبژاردنی هەر لیستێک لەلایەن لیستێکی دیکەوە، پێشێلکردنی یاسایەو لایەنی زەرەرمەند دەتوانێت سکاڵا تۆماربکات. وتیشی: «تائێستا سکاڵای لیستی گۆڕان لەسەر ئەو حاڵەتەی لەهەولێر رووبداوە نەگەیشتووەتە دەست ئێمە».

نوێنەری یاسایی لیستی گۆڕان:
دەزگاکانی پڕوپاگەندەی دەسەڵاتداران تووشی ئیفلاسی سیاسی و ئیعلامی بوون

ڕۆژنامە

لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە، نوێنەری یاسایی لیستی گۆڕان ئەو هەواڵەی دەزگاکانی پڕوپاگەندەی لیستی کوردستانی بەدرۆخستەوە کە گوایە کاندیدێکی لیستی گۆڕان بەناوی «هاوژین محێدین جەلیل»ەوە کشاوەتەوە.

نوێنەرە یاساییەکەی لیستی گۆڕان دووپاتی کردەوە کە هەر لە بناغەوە کاندیدێکمان نەبووە بەوناوەوە تا کشانەوەی خۆی رابگەیەنێت. هەروەها وتی: «لەوەدەچێت دەزگاکانی پڕوپاگەندەی دەسەڵاتداران بە جۆرێک تاسابن و تووشی ئیفلاسی سیاسی و ئیعلامی بووبن کە بەزۆر هەواڵی درۆ هەڵبەستن و دڵی خۆیانی پێ خۆشبکەن».

نوێنەرە یاساییەکەی لیستی گۆڕان ئاموژگاری دەزگاکانی پڕوپاگەندەی دەسەڵاتدارانی کرد کە بە گوتاری سیاسیی شارستانی ململانێی لیستی گۆڕان بکەن نەک گوتاری گۆبلزیی، چونکە پەتی ئەو گوتارە زۆر کورتەو نەک لەماوەی چەند ڕۆژێکدا بەڵکو لەماوەی چەند سەعاتێکدا ئاشکراو ڕیسوا دەبێت.

من و ١٤٠
کێن ئەوانەی مادەکەیان مراند؟!

پەیام ئەحمەد محەمەد ئەمین*



بەهۆی ئەوەی خۆم خەڵکی شاری خانەقینم، کەم کەس هەیە وەک ئێمە هەست بە ئازاری دابڕان و تەعریب بکات، کە خۆمان بەشێک بووین لە ئەجێندای ئەو سیناریۆ ڕەشانەی بەسەر ناوچەکەماندا هات، وەک بنەماڵەش هەر لە شۆڕشی ئەیلولەوە تا شۆڕشی نوێ و ڕاپەڕینیش بەشداربووین لە خەبات و چەندین قوربانیماندا و لەو پێناوەدا.

بەهۆی چاوپێکەوتنێکەوە کە لە کەناڵی KNN سازکرابوو، هەندێک بۆچوونم خستەڕوو لەسەر مادەی (١٤٠)، ئەو بۆچوونانەی من بوونەهۆی وروژاندن و بەخەبەرهاتنی بەشێک لەوانەی مادەی (١٤٠) لەلایان لە دروشم و هاتوهاوارێکی ئیعلامی بەولاوە شتێکی دیکە نییە. (١٤٠) لای ئەوان ئازاری دابڕان و بە ناحەق وەلانانی بەشێکی گرنگو پیرۆزی خاکی کوردستان نییە، مەینەتی لێکترازان و سووتەمەنی عەقڵیەتە شۆڤینی و دژ بە بەرژەوەندییەکانی کورد نییە، (١٤٠)و ناوچە دابڕاوەکان لای ئەو بەڕێزانە بەرنامەیەکی ستراتیژی نییە لەپێناو گەڕاندنەوەی ماف و خواستی گەلی کورد لەو ناوچانەدا، بەڵکو تەنیا دروشم و شیعاراتی بێناوەڕۆکە.

لە ڕاستیدا مادەی (١٤٠) نەمردووە، بەڵکو پشتگوێخراوە، تاکە لایەنیش کە بەرپرسیاری ڕاستەوخۆ بەشداری سەرەکی پیلانی پشتگوێخستنی ئەو مادەیەیە، بەرپرسانی کوردە. دەستووری عێراق نووسرا، مادەی (٥٨)ی قانوونی ئیدارەی دەوڵەت گۆڕدرا بۆ مادەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی، کۆتایی ساڵی (٢٠٠٧) دانرا بۆ جێبەجێکردنی سەرجەم قۆناغەکانی مادەکە (ئاساییکردنەوە، سەرژمێری و ڕاپرسی). کورد بەشدارێکی بەهێزی کابینەی مالیکی بوو، بەگوێرەی ڕێککەوتنێک لەنێوان هاوپەیمانی کوردستان و ئیئتیلافی شیعە، کشانەوەی کورد لە حکومەتەکەی مالیکی دەبێتەهۆی ڕووخانی ئەو کابینەیەو پێویستە کابینەیەکی نوێ پێکبهێنرێت، حکومەتی مالیکی بەهۆی کشانەوەی سوننەکان و بەشێک لە شیعەکان لە سەرەمەرگدا بوو، سەرانی کورد لە بەغدا لە بری هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی مادەکە، تەنیا لە خەمی ڕزگارکردنی مالیکی و بەهێزکردنی ناوەندا بوون.

ئێستاش لە ناوەڕاستی ساڵی (٢٠٠٩)داین، کاتی خۆیەتی بپرسین ئایا سەرکردایەتی کورد ئەوساو ئێستاش هیچ گوشارو هەڕەشەو فشارێکیان خستووەتە سەر حکومەتی عێراق بۆ جێبەجێکردنی مادەکە، هیچ نەخشەیەکیان هەیە بۆ جێبەجێکردنی مادەکە، هیچ پلانێکیان هەیە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانە؟ ئێوە کە ڕازیبوون بەشێکی گرنگی خاکی کوردستان بخەنە ڕاپرسییەوە، کە هیچ میللەتێک ئامادە نییە خاک و ئاوەکەی بخاتە ڕاپرسییەوە، مەبەستتان چییە لەم خەمساردیی و گوێنەدانە بە چارەنووسی ئەو ناوچانە؟ گەلی کورد تاکەی چاوەڕوان بێت؟ چاوەڕوانی چی بێت؟ ئێوە کە مادەی (١٤٠)تان ئاوا فەرامۆشکردووەو بۆ ئەوانەتان جێهێشتووە کە بە «ناحەز» ناویاندەبەن، چ بەدیلێکتان هەیە؟ بەرپرسانی کورد لە بەغدا چیانکردووە بۆ ئەو ناوچانە، چەندە لە خەمی گەڕاندنەوەی بوون، چ بڕگەیەکیان لەو مادەیە جێبەجێکرد؟ چ ڕۆژێک هەڕەشەیەکیان کرد؟

ئێوەن سااڵنێکە بە ئەوپەڕی خەمساردییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم کێشە ناوەندییەی کورد دەکەنو هیچ دیدگایەکتان نییە بۆ ڕزگارکردنی ناوچە دابڕاوەکان،

بۆیە جێگەی پێکەنینو تەنانەت بەزەیی پێهاتنەوەشە بێتوانایی و کەمتەرخەمیو لاوازیی خۆتان بخەنە ئەستۆی کەسانی دیکە.

*کاندیدی لیستی گۆڕان

قادر عەزیز: ئەنجومەنی باڵای پارتە سیاسییەکان بەهۆی ڕاپۆرتی چوار حیزبەکەوە هەڵوەشایەوە

شارا عەبدولڕەحمان

نزیکەی حەوت مانگە ئەنجومەنی باڵای پارتە سیاسییەکان هیچ کۆبوونەوەیەکی ئەنجامنەداوەو سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشانیش ئاماژە بەوە دەکات، کە لەدوای ڕاپۆرتی چوار حیزبەکەوە یەکێتی و پارتی کۆبوونەوەی ئەو ئەنجومەنەیان ڕاگرت.

ئەنجومەنی باڵای پارتە سیاسییەکان لە (٢٠٠٧/٣/٣٠) دوای بەرزکردنەوەی یاداشتێکی حیزبەکانی (سۆسیالیست، شیوعی، زەحمەتکێشان، کۆمەڵوێەکگرتوو) دروستبوو کە ئەو حیزبانە داوایان لە سەرکردایەتی یەکێتی و پارتی و سەرۆکایەتی هەرێم کردبوو، کە ڕۆڵیان هەبێت لە بڕیاردان لە مەسەلە سیاسی و ئابووری و ستراتیژییەکانی کوردستان و سەرۆکی هەرێم سەرۆکایەتی ئەنجومەنەکەی دەکردو مانگانە ئاگادارەکرانەوە لە کاتی کۆبوونەوەیان، بەڵام نزیکەی حەوت مانگە ئەو ئەنجومەنە هیچ دانیشتنێکیان ئەنجامنەداوەو هیچ ڕاگەیەنراوێکیش لە بارەی کۆنەبوونەوەیان بڵاو نەکراوەتەوە.

سوبحی مەهدی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعی کوردستان، زانیارییەکانی بۆ ڕۆژنامە پشتڕاستکردەوەو وتی: «مانگانە لە سەرۆکایەتی هەرێمەوە ئاگادار دەکرایینەوە بۆ کۆبوونەوە، بەڵام ئەوە حەوت مانگە هیچ کۆبوونەوەیەکمان نەکردووە، بەو هۆیەشەوە پێموایە ئەو ئەنجومەنە لە ڕووی عەمەلییەوە هەڵوەشاوەتەوە».

هەرچەندە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی باڵای پارتە سیاسییەکان، هەروەک چۆن دامەزراندنی ئەنجومەنەکە بە بڕیاری فەرمی دروستکراوە، هەڵوەشانەوەشی بە بڕیاری فەرمی ڕابگەیەنرێت، بەڵام ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسیی تەکێدی لەسەر ئەوە کردەوە، کە هیچ ڕاگەیەنراوێک بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو ئەنجومەنە نەکراوە.

چوار حیزبە کوردستانییەکە (سۆسیالیست، زەحمەتکێشان، یەکگرتوو، کۆمەڵ) لە ڕۆژی (٢٠٠٩/١/١٠)دا ڕاپۆرتێکیان ئاراستەی دەسەڵاتی سیاسی و ڕای گشتیی کوردستان کرد بە مەبەستی دابینکردنی خزمەتگوزاریی و پێکهێنانی دەستەی نەزاهەو مەسەلەی چاکسازیی و چەند شتێکی دیکە، بەڵام جگەلەوەی وەڵامی ڕاپۆرتەکەیان نەدرایەوە، بە بڕوای سکرتێری یەکێک لەو حیزبانە ڕاپۆرتەکەیان بووە هۆی ڕاگرتنی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی باڵای پارتە سیاسییەکان.

قادر عەزیز سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشان بۆ ڕۆژنامە وتی: «سەبارەت بە وەستاندنی کارەکانی ئەنجومەنی پارتە سیاسییەکان، یەکێتی و پارتی هیچ پرس و ڕایەکیان بەو (٥) حیزبەی دیکەی ئەنجومەنەکە نەکردووە، ئەمەش دوای ئەوە هات کە چوار حیزبە کوردستانییەکە ڕاپۆرتێکیان ئاراستەی دەسەڵاتی سیاسی و ڕای گشتیی کردو بە بەلاغێکی سەربازیی وەڵامدرانەوە».

لەلایەکی دیکەوە، هەرچەندە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنەکە هەڵوەشاندنەوەی ئەو ئەنجومەنە دەبێت بە ڕەزامەندی هەر حەوت حیزبەکە بێت، بەڵام قادر عەزیز پێیوایە «کە یەکێتی و پارتی بۆ هیچ کارێکیان ناگەڕێنەوە بۆ پەیڕەو نەک بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی باڵای پارتە سیاسییەکان».

(پێنج داواکاری گشتیی) بەدواداچوون بۆ بەفیڕۆدانی سامانی گشتیی دەکەن

بەهادین یوسف

لێژنەی بەدواداچوونی ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی زیاتر (٧٠٪)ی دۆسییەکانی جێبەجێدەکات و زیاتر لە (یەک ملیار) دینار دەگەڕێنێتەوە بۆ خەزێنەو هاوکات، وەزارەتی دادەستەیەکی تایبەتی داواکاری گشتیی پێکدەهێنێت بۆ بەدواداچوونی دۆسییەکانی چاودێری دارایی و گەندەڵی و بەفیڕۆدانی سامانی گشتیی.

فاروق جەمیل وەزیری دادی حکومەتی هەرێمو سەرۆکی لێژنەی بەدواداچوونی ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی (لەساڵانی ٢٠٠٤ بۆ ٢٠٠٩) بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەو دۆسیانە ئاراستەی فەرمانگەو بەڕێوەبەرێتییەکان کراوەو لێژنەیەک لە خودی فەرمانگەکان پێکهێنراوە تا لەگەڵ دیوانی چاودێری دارایی چاو بە ڕاپۆرتەکاندا بخشێننەوە، ئەوانەی کە جێبەجێدەکرێت پێویست ناکات بگەڕێتەوە لای لێژنە باڵاکەو ئەوانە چارەسەر دەکرێن، ئەوەی کێشەکەی چارەسەر نەکرێت یان پێشێلکاریی یاسای تێدایە دەگەڕێتەوە لێژنەی باڵاو هەندێکیشی دەدرێتە دادگاکان.

وتیشی: «چوارشەممە ژمارەیەک دۆسییەی دیکەی دیوانی چاودێریی گەیشتووەتە لێژنەی باڵای بەدواداچوون و ئاراستەی دەستەیەک داواکارانی گشتیی کراوە بۆ لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی».

لەلایەکی دیکەوە، وەزارەتی دادە، دەستەیەکی لە پێنج داواکاری گشتیی پێکهێناوە بەناوی (دەستەی تۆماری داد بە مافی گشتیی) بۆ لێکۆڵینەوە لە دۆسییەکانی چاودێری دارایی و چاودێری فەرمانگەکانی حکومەت و گەندەڵی و بەفیڕۆدانی سامانی گشتیی.

هیوا فەریق حەسەن سەرۆکی دەستەی تۆماری داد بە مافی گشتیی لە لێدوانێکی تایبەتدا بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: دەستەکە لە پێنج داواکاری گشتیی پێکهاتووە بۆ بەدواداچوون لەسەر پێشێلکاریی لەسەر مافی گشتیی، ئەو لێژنەیە بۆ کاراکردنی کاری داواکاری گشتییە، کە بە سست ناوی دەبەن، هەروەها ژمارەیەک لە دۆسییەکانی چاودێری دارایی لەلایەن لێژنە باڵاکەوە لە بەردەستدایە، ئەوانەی پێویستیان بە مورافەعەکردن و جولاندن هەبێت بەتایبەتی لەسەر بەفیڕۆدانی سامانی گشتیی لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت و سکاڵای لەسەر تۆماردەکرێت، بەتایبەتی ئەوانەی بەلگەیان لەگەڵدایە، تائێستا دوو داوا لە دادگاکان تۆماکراوە».

ئاماژەی بەوەشکرد: «لە سێ ڕێگەوە داواکان وەردەگیرێت، لە ڕێی ئەو نووسراوانەی لە دەزگا حکومییەکانەوە بۆیان دەچێت، یان لە ڕۆژنامەکاندا بڵاودەکرێتەوە، یان ئەو داوایانەی لە تاکە کەسەوە ئاراستە دەکرێتو بەنیازین (٥) سندوق لە هەموو شارەکانی هەرێم دابنێین بۆ وەرگرتنی ئەو کێشانەی کە خەڵک ئاراستەیان دەکات، لەسەر بەفیڕۆدانی سامانی گشتیی».

ئەمە لە کاتێکدایە کە لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەدالەگەڵ عیمادئەحمەد، ڕایگەیاندووە، (٧٣٪)ی کارەکانی بەدواداچوونی ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی تەواوکراون، (لە سەرووی ملیار) دینارەوە گەڕێنراوەتەوە بۆ خەزێنەی حکومەتو زۆر کەسیش لێپێچینەوەیان لەگەڵدا کراوە.

پێشنیازدەکرێت پارەی کۆمپانیاکانی نەوتی هەرێم لە (١٧٪)کە بدرێت

هەستیار قادر

وەزارەتی نەوتی عێراق پێشنیازدەکات کە پارەی کۆمپانیا وەبەرهێنەکانی نەوتی هەرێم لە رێژەی (١٧٪)ەکەی هەرێم ببردرێتو سەرۆکی لیژنەی نەوتو گازی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش ئەو هەنگاوە بە «نامەنتیقی» لەقەڵەمدەدات، بە پێویستیشی دەزانێت لەبارەی چارەسەرنەکردنی ئەو کێشەیەدا هەرێم کارتی گوشار بەکاربهێنێت.

لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا بەیان جەبر، وەزیری دارایی عێراق ئاشکرایکرد، کە وەزارەتی نەوت پێشنیازێکی داوەتە بەرپرسانی هەرێم سەبارەت بە سەرفکردنی مافی دارایی کۆمپانیا وەبەرهێنەکانی نەوتی هەرێم لە رێژەی (١٧٪)ی بودجەی هەرێم،

هەرچەندە د.فازل نەبی بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق بێئاگایی خۆی لە پێشنیازێکی لەو جۆرە دەربڕی، بەڵام د.عەلی بەلو سەرۆکی لیژنەی نەوتو گازی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئاماژەی بەوەدا کە ئەو پێشنیازە بۆچوونی خودی حسێن شەهرستانی وەزیری نەوت بووە تا مافی دارایی کۆمپانیا وەبەرهێنەکانی نەوتی هەرێم لەسەر (١٧٪)ی بودجەی هەرێم بدرێت، وتیشی: «ئەو پێشنیازە مەنتیقی نییەو بڕواناکەم هەرێم پێی رازیبێتو ئەگەر حکومەتی ناوەندیش ئەو کێشەیەی پێچارەسەرنەکرا، پێویستە حکومەتی هەرێم کارتی گوشاری خۆی بەکاربهێنێتو بایکۆتی ناوەند بکات».

تونێلی ئەزمڕ تەنیا بۆ حیزبێکە

نیان مەجید

هەرچەندە نزیکەی دوو هەفتەیە بە رەسمیی کراوەتەوە، بەڵام پاسەوانەکانی تونێلی پێشڕەو لە چیای ئەزمەڕ رێگەنادەن ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکان بەو تونێلەدا تێپەڕن، بەڵام بارهەڵگرەکانی یەکێتی رۆژانە بە تونێلەکەدا تێپەڕ دەبن.

حەسەن عەزیز، یەکێکە لەو شۆفێرانەی کە هاتوچۆی مەرزەکانی باشماخو چۆمان دەکات باسی لەوە کرد، کە پێشتر رێگەیان پێنەدەدرا لە رێگەی ئەزمڕەوە هاتوچۆ بکەن، ئێستاش پاش تەواوبوونی تونێلەکە ئەو رێگەیەشیان لێ قەدەغە کراوەو وتیشی: «تەنیا رێگە بەو لۆرییە بارهەڵگرەکان دەدرێت بە تونێلەکەدا بڕۆن، کە کتابی دەزگایەکی یەکێتییان پێیە، بەڵام بەهیچ جۆرێک رێگە بە هاوڵاتییان نادەن، نازانم بۆچی بۆ کۆمپانیاکانی خۆیان هەموو شتێک سەربەستەو بۆ ئێمە قەدەغەیە».

توانا کەمال، بەڕێوەبەری نیشەجێبوونو ئاوەدانکردنەوەی سلێمانی هۆکاری رێگەنەدان بە تێپەڕبوونی ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکان بە تونێلی ئەزمڕدا بۆ رێنماییەکانی هاتوچۆ گەڕاندەوە، کە پێوستە شۆفێرەکان رەچاوی بکەن لە رووی فیزیاییەوە لە هەمانکاتدا نکۆڵی لەوەش نەکرد، کە ئۆتۆمبێلی بارهەڵگری هەندێک لە کۆمپانیاکانی پێدا دەڕۆن، بە پاساوی ئەوەی «ئەو پاسەوانو بنکانەی ئاگاداری رێگاکە دەکەن زوو زوو دەگۆڕدرێنو چاودێریی باشیان لەسەر نییە، لەبەرئەوەیە کە کۆنترۆڵ ناکرێت».

بەڕێوبەری رێگەوبانو ئاوەدانکردنەوە ئاماژەی بەوەشدا، کە بە هاوکاری بەڕێوەبەری هاتوچۆی سلێمانی سەرقاڵی دانانی رێوشوێنی یاسایین بۆ رۆیشتنی هەر ئۆتۆمبێلێکی ئاساییو بارهەڵگر بەو تونێلەدا، بەجۆرێک تەنیا رێگە بەو لۆرییانە بدرێت بە تونێلەکەدا بڕۆن، کە هیچ بارێکیان پێ نەبێت.

لیستی گۆڕان سکاڵا تۆماردەکات

لە هەولێر پێشێلکارییەکانی لـ

دلێر عەبدولخالق

بەهۆی هێرشی کادیرانی لیستی کوردستانیو دڕاندنو لێکردنەوەی پۆستەرەکانی لیستی گۆڕان ئەو ئاهەنگە جەماوەرییە دواخرا، کە بڕیاربوو لیستی گۆڕان بۆ هەوادارانی لەشاری هەولێر رێکیبخات. هاوکاتیش ئەنجومەنی لیژنەی هەڵبژاردنەکانی لیستی گۆڕان لە روونکردنەوەیەکدا ئاماژە بەوەدەکات هێزە ئەمنییەکانی پایتەخت بەرگرییان لە «گێرەشێوێنەکان» کردووە.

لەگەڵ ئەوەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق لەماوەی بانگەشەی هەڵبژاردندا، دوو جار لیستی کوردستانی بەهۆی پێشێلکارییو خروقاتەکانیان بەرامبەر لیستەکانی دیکە غەرامەکردووە، بەڵام لیستی ناوبراو بەردەوامە لەسەر پێشێلکارییەکان، لەو چوارچێوەیەدا شەوی رابردوو تۆڕی هەواڵی کوردی (KNN) لە نەشرەی هەواڵەکانیدا بە بەڵگەی بینراوو نووسراو پێشێلکارییەکانی لایەنگرانی لیستی کوردستانی لە هەولێری پایتەخت بەرامبەر لیستی گۆڕان بڵاوکردەوە، کە سەرگەمی لێکردنەوەو دڕاندنی ئاڵاو پۆستەرو دروشمەکانی لیستی گۆڕان بوون.

بڕیاربوو کەمپەینی هەڵبژاردنی لیستی گۆڕان رۆژی (٧/١٧) ئاهەنگێکی جەماوەریی بەرفراوان بۆ هەوادارانی لیستەکەی لەشاری هەولێر سازبکات، بەڵام «بەهۆی پێشێلکارییەکانی لیستی کوردستانیو هاوکارینەکردنی لایەنی ئەمنیی پایتەخت» ئاهەنگەکە دواخرا، لەوبارەیەوە ئەنجومەنی لیژنەی باڵای هەڵبژاردنی لیستی گۆڕان ئاماژە بەوە دەکەن بەهۆی ئەوەی کە شەوی پێش ئاهەنگەکە ژمارەیەکی زۆر لە لایەنگرانی لیستی کوردستانی هێرشیانکردە سەر کادیرەکانی لیستی گۆڕانو سەرجەم لافیتەو پۆستەرەکانیان دڕان، بەڵام پاش ئاگادارکردنەوەی لایەنی بەرپرسو هێزە ئەمنییەکان، نەک هەر بارودۆخەکەیان ئاسایی نەکردەوە، بەڵکو «بەئاشکرا پارێزگارییان لە گێرەشێوێنەکان کرد، بەو هۆیەشەوەو لەبەر سەلامەتی خەڵکی شاری هەولێر ئاهەنگەکەمان دواخست».

سەفین مەلا قەرە، لێپرسراوی لیژنەی هەڵبژاردنەکانی لیستی گۆڕان لە هەولێر، بە رۆژنامەی راگەیاند: دوای ئەوەی رەزامەندیمان لە وەزارەتی ناوخۆو پارێزگای هەولێر وەرگرت بۆ رێکخستنی ئاهەنگێکی جەماوەرییو پاراستنی ئەمنییەتی ئاهەنگەکە لەلایەن جیهازی ئەمنییەوە، بەڵام «بەداخەوە شەوی پێش ئاهەنگەکە لەلایەن چەند کادیرێکی ناوچەی پارتیو چەند ئاسایشێک بە جلوبەرگی مەدەنییەوە (کە بە بەڵگەوە وێنەی ئەو کەسانەمان لایە) هەڵدەکوتنە سەر چەند کادیرێکی خۆبەخشی لیستەکەمان کە بەمەبەستی رازاندنەوەی شەقامەکانی سەر رێگاکەو شوێنی ئاهەنگەکە بە پۆستەرو دروشمەکانی لیستی گۆڕان، لەو شوێنە بوون». وتیشی: «ئەو کەسانەی کە لەلایەن لیستی کوردستانییەوە هاندرابوونو زۆربەی ئاڵاو پۆستەرەکانی گۆڕانیان لێکردەوەو دوای ئەوەی لیژنەی ئەمنیمان ئاگادارکردەوە بەداخەوە لەکاتی هاتنی پۆلیسدا، پۆلیسەکان پارێزگارییان لە لایەنگرانی لیستی کوردستانی کردو ئێمەش بۆئەوەی کێشە بۆ خەڵکی هەولێر دروستنەبێت، ئاهەنگەکەمان دواخست».

لەدوای ئەو حاڵەتەش لیستی گۆڕان لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان سکاڵا لەسەر لیستی کوردستانی تۆماردەکاتو هاوکاتیش جۆری سەرپێچییەکانو ئەوکەسانەی بەو کارە هەستاون بە بەڵگەوە تەسلیمی لیژنەی ئەمنی پارێزگای هەولێر دەکەن، لە بەرامبەریشدا پارێزگای هەولێر لەگەڵ ئەوەی پێیوایە ئەو کارەی لایەنگرانی لیستی کوردستانی کردوویانە پێچەوانەی یاسای بانگەشەی هەڵبژاردنەکانە، بەڵام ئەمە پاساوی ئەوە نییە کە لیستی گۆڕان ئاهەنگەکەیان دوابخەن.

نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێرو سەرۆکی لیژنەی ئەمنی پارێزگای هەولێر، بۆ رۆژنامەی روونکردەوە «حاڵەتی لێکردنەوەی پۆستەرو دروشمەکانی لیستی گۆڕان، درەنگانی شەوی پێش ئاهەنگەکە بووەو ئەو کارە هیچ کاریگەریی لەسەر ئەوە نەبووە

کوردستان شێوازی نوێی بانگەشە پەیڕەودەکات



رۆژنامەی شەرقولئەوسەت لە راپۆرتێکیدا بڵاویکردووەتەوە ئەمساڵ جیاواز لە ساڵانی رابردوو قەوارەو لیستە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنەکانی کوردستان چەندین شێوازی نوێی بانگەشەکردن پەیڕەودەکەن، کە پێشتر لە کوردستاندا بەکار نەهاتوون، لەوانە دانانی شاشەی تەلەفزیۆنی گەورەیە، واتە (سینەماڤیژنو سکرین) لەسەر شەقامو گۆڕەپانو شوێنە گشتییەکانی ناوشار.

ژمارەیەک لەلایەنە رکابەرەکان لە رێگەی چەندین پێگەی ئینتەرنێتییەوە بانگەشەی هەڵبژاردن دەکەن، وەک پێگەی (یوتوب، فەیس بوک)و لە رێگەی ئەو پێگانەوە بەرنامەو دروشمی خۆیان بڵاودەکەنەوە، ئەوە جگە لەوەی رازاندنەوەو هەڵواسینی وێنەی کاندیدو دروشمو لۆگۆی لیستەکان ئۆتۆمبێلی گواستنەوەی بەشێک لە هێڵەکانی ناو شاری داپۆشیوە، بەڵام رێکخستنی ئاهەنگی جەماوەریی لە رێگەی گۆرانیبێژە میللییەکانەوە کاریگەرترین شێوازی نوێی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی کوردستانە.

شەرقولئەوسەت ئاماژە بەوەشدەکات، لیستی گۆڕان کە گەورەترین رکابەری لیستی کوردستانییەو لەلایەن نەوشیروان مستەفاوە سەرۆکایەتی دەکرێت لە بانگەشەکانیدا نوێترینو پێشکەوتووترین شێوازی بانگەشەکردن پەیڕەودەکات ئەویش لە رێگەی ئەو کچو کوڕە گەنجو لاوانەوەیە، کە شێوەیەک جلیان پۆشیوەو جلەکانیان دروشمو لۆگۆی لیستی گۆڕانی پێوەیەو بە جادەو گەڕەکو کۆڵانەکانی ناو شاردا دەگەڕێنو گوڵی سوورو سپی پێشکەش بە هاوڵاتییان دەکەنو هانیان دەدەن کە بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنبکەن.

سایتی (نیقاش) لەزاری زانا عەبدولقادر، کە مامۆستای زمانی ئینگلیزییە بڵاویکردەوە ئەو دەنگ بە دوو حیزبە سەرەکیەکە نادات، چونکە «پارتیو یەکێتی لەم چەند ساڵەی تەمەنیاندا خزمەتیان بە کۆمەڵێک کەس کردووەو بەشێکی دیکەشیان پشتگوێخستووە».

زانا هیواشی خواست کە ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز لە کوردستاندا دروستببێتو ببێتە گوشارێک بۆ سەر دوو حیزبەکە، بۆئەوەی ئەو دوو پارتە بەهەڵەکانیخۆیاندابچنەوە.

هەر لە میانەی راپۆرتەکەی نیقاشدا هادی عەلی، بەرپرسی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامی، ئاماژەی بەوەکرد «بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی راستەقینە بۆ پرۆسەی سیاسییو دیموکراسیزۆرپێویستە».

سایتەکە لەزاری د.هادی مەحمود، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعی کوردستانو وتەبێژی لیستی ئازادییو عەدالەتی کۆمەڵایەتی، نووسیویەتی «د. هادی بێگومانیی خۆی لەوە نیشاندا کە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار بەجدییەوە بەرگری لە خۆیان دەکەن»، شیروان حەیدەری، سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد لە پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە، ئەو دەستکەوتانەی ئێستا لە کوردستان هەن بەهۆی خەباتی یەکێتیو پارتییەوەیە، هاوکات ئامادەیی خۆیانی نیشاندا بۆ پێشوازیکردن لە ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمانداو وتی: «بەبێ بوونی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەماندا بەرەوپێشچوونی دیموکراسی لە کوردستاندانایەتەدی».

رۆژنامەی دەستوور بڵاویکردەوە، نووسینگەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان رەتیکردەوە کە هیچ قەوارەیەکی سیاسی پاشەکشەی کردبێت لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستاندا.

رۆژنامەی دەستوور کە لە بەغدا چاپو بڵاودەکرێتەوە لە زاری محەمەد تاهیر، بەڕێوەبەری نووسینگەی سلێمانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، بڵاویکردەوە، کۆمسیۆن بە پێویستی دەزانێت ناوی پاڵێوراوانی ئەو لیستانە رابگەیەنێت کە سوورن لەسەر کشانەوەیان، بۆئەوەی ناوەکەیان لە لیستی دەنگدەراندا بسڕێتەوە، وتیشی: «لەئێستادا رێگە نادرێت بەکشانەوەی هیچ لیستێکی بەشداربوو، وەک چۆن رێگەش نادرێت بە تۆمارکردنی هیچ لیستێکی نوێ بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا».

لێدوانەکەی ئەو بەرپرسەی کۆمسیۆنی باڵا لەکاتێکدایە کە دەنگۆی ئەوە لە ئارادایە لیستە بچووکەکانی بەشداربووی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستانپاشەکشەیانکردبێت.

ئاژانسی هەواڵی ئەنبائی عێراقیی بڵاویکردەوە، باڵیۆزانی یەکێتی ئەوروپا جەخت لەسەر گرنگی رۆڵی کۆمسیۆن دەکەنەوەو بەڵێنی کۆمەکو هاوکاریکردنی کۆمسیۆنیشیان دووپاتکردەوە.

فەرەج حەیدەری، سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، لەمیانەی کۆبوونەوەکیدا لەگەڵ باڵیۆزی سویدو ژمارەیەک لە باڵیۆزانی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا، ئاماژەی بەوەکرد، عێراق بەرەو قۆناغی بەرەوپێشچوونی دیموکراسی هەنگاودەنێتو کۆمسیۆنیش کاردەکات بۆئەوەی رۆحی دیموکراسی لە عێراقدا بچەسپێتو دەوڵەت بەرەو بە دەزگاییکردنبچێت.

ئاماژەی بەوەشکرد، ئێستاکۆمسیۆن چاوەڕێی سێ (استحقاقات)دەستکەوتە کە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە پەسەندبکرێتو دواتر کۆمسیۆن کاریان لەسەر بکات، ئەوانیش (رێککەوتنی ئەمنی نێوان عێراقو نەتەوەیەکگرتووەکانو راپرسی لەسەر کەرکوکو هەڵبژاردنی قەزاو ناحیەکان)ە لەدوای هەموارکردنی دەستوور.

لای خۆشیەوە بالیۆزی سوید هیوای خواست وەک چۆن هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان سەرەتای ئەمساڵ بەشێوەیەکی رێکوپێک بەڕێوەچوو، ئاواش هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی شەفافو دوور لە دەستێوەردان ئەنجامبدرێت.

باڵیۆزانی یەکێتی ئەوروپا جەختیان لەسەر ئەوەکردووە، وەک چۆن هاوکاری کۆمسیۆن بوون لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا، ئاواش هاوکارییان دەکەن لە بەڕێوەچوونو دەستکەوتەکانی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان، لێپرسراوی بەشی سیاسەتی یەکێتی ئەوروپا ئاماژەی بەهەوڵی کۆمسیۆنی ئەوروپا کرد بۆ پشتگیریکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن لەعێراقو هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان لە رێگەی پسپۆڕانی کۆمسیۆنی ئەوروپاوە دەربارەی چۆنێتی نووسینی راپۆرتو چاودێریکردنیهەڵبژاردنەکان.

یوست هیلّتەرمان بۆ رۆژنامە: دۆڕاندنی کەرکوک ئاکامی ڕاستەوخۆی سیاسەتی هەڵەی حکومەتی هەرێمە

شالاّو فەتاح

یوست هیلّتەرمان، دەڵێت: ئەمریکاو نەتەوەیەکگرتووەکان هەوڵی زۆردەدەن بۆ خولقاندنی گفتوگۆ لە کەرکوک، ئەمەش هەڵوێستێکی پۆزەتیڤە، چونکە هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی دیکە نییە.

لەم چاوپێکەوتنەی ڕۆژنامەدا جێگری بەرێوبەری گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی دەربارەی دوا ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکەیان لەسەر کێشەی نێوان حکومەتی ناوەندو هەرێم دەدوێتو دەڵێت: لە هەر سیستمێکی دیموکراسیدا (تازەدەرکەوتوو یان دامەزراو) گۆڕینی دەسەلاّت تەندروستو زەروورییە، باوەڕناکەم بەرهەڵستکارەکان بتوانن زۆرینە بهێنن، بەلاّم لەوانەیە پارتە دەسەلاّتدارەکان ناچاربکەن کە شەفافترو بەرپرسیارتر بێت، کە ئەمەش ئاکامێکی زۆر تەندروستی هەڵبژاردن دەبێت.

ڕۆژنامە: پێتانوایە پێشنیازی چوونەپاڵ تورکیا بۆ کوردستان تاچەند واقعییەو دەکرێت لەلایەن سەرکردە سیاسییەکانی کوردستانەوە وەک کارتێکی فشار بۆسەر ناوەند بەکاربێت؟

* پێموانیە ئەمە پێشنیازێکی واقیعی بێت، چونکە پشتگیرییەکی فراوانی نییە لە کوردستانداو سەرکردە تورکەکانیش بەرهەڵستی وەها کارێک دەکەن، پێشموانیە سەرکردە کوردەکان بتوانن وەک کارتی فشار بەکاربهێنن، بەلاّم واقیعەکە ئەوەیە ئەمریکا لە عێراق دەکشێتەوەو کوردەکان پێویستیان بە ئەڵتەرناتیڤە، کێشەکەش لێرەدایە کە ئەوە باشترین ئەڵتەرناتیڤ نییە، ئەنقەرەش پشتگیری ناکات، چونکە لە بەرژەوەندی تورکیا نییە پشتگیری وەها پێشنیازێک بکات.

ڕۆژنامە: کەواتە پێتوایە باش نییە ئەمە لەلایەن سەرکردە کوردییەکانەوە باسبکرێت، بەتایبەت لەکاتێکدا حکومەتی ناوەند زۆر بە گومانە لە سەرکردە کوردەکان؟

* هەرگیز نابێت ئەو پێشنیازە بەجدی وەربگرن، ئەوەش پێشنیاز نەبوو، هێندەی ئەوەی بیرۆکەیەک بوو چەند سیاسەتمەدارێکی کوردی باسیانکرد.

ڕۆژنامە: پێتوایە کشانەوەی ئەمریکا شەڕ لەنێوان نەتەوە جیاوازەکانی عێراق دروستدەکات؟

* هیوادارم ئەوە ڕوونەدات، بەلاّم ئەوە پشت بەوە دەبەستێت کە ئایا حکومەتی هەرێمو بەغدا دەگەنە ڕێککەوتنێک لەبارەی ناوچە جێناکۆکەکانەوە یان نا، یاسای نەوتو دابەشکردنی دەسەلاّتیش لەنێوان ناوەندو هەرێمدا دوو کێشەی دیکەن کە دەبێت چارەسەر بکرێن، چونکە ئەگەر چارەسەر نەکرێن، بارودۆخەکە خراپتر دەبێت، بەتایبەت لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا.

ڕۆژنامە: ئەی لەبارەی کەرکوکەوە؟

* ئەویش هەر پشت بە ڕووداوەکانی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاو هەوڵەکانی ئەمریکا پێش جێهێشتن دەبەستێت، بەتایبەت لە شێوەبەخشین بە سازشو گفتوگۆ سیاسییەکانی نێوان نەتەوە جیاوازەکانی کەرکوک، بەتایبەت لەسەر دەسەلاّتو ناوچە جێناکۆکەکانو سەرچاوەی سروشتی، بەتایبەت دوای یەکبوونی ئەو گروپانەی پێشتر دوژمنی یەکتری بوون.

ڕۆژنامە: ئایا چی وا لە کوردو تورکەکان دەکات پێکەوە بن لەدوای بوونی بەلاغەتێکی نەشیاو و تووندوتیژ لەنێوان هەردوولادا؟

* بەڕژەوەندی دوولایەنە، تورکیا پێویستی بە کوردەکانە لە:

١) کوردەکان دەکەونە نێوان بەرداشی ئێرانو عێراقەوە، ئەگەر دۆخی عێراق تێکبچێت دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاو بەهۆی هەژموونی ئێرانەوە لەعێراقدا، بەمەش هاوپەیمانێک نابێت بۆ تورکیا جگە لەوان.

٢) هاوکارییەکانی کوردستان دژی پەکەکە.

٣) دەروازەیەک بۆ نەوتو گاز لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

حکومەتی هەرێمیش پێویستی بە تورکیایە لە :

١) پاراستنی لە حکومەتی ناوەندی بەغدا.

٢) دەروازەیەک بۆ ئەوروپا.

٣) بازارێکی هاوردە بۆ نەوتو گاز.

٤) وەبەرهێنانو بازرگانی تورکیا.

ئەمانە بناغەی پەیوەندی نێوان تورکیاو هەرێمن، بەلاّم مەسەلەی کەرکوک کێشەکان ئاڵۆز دەکات، بەلاّم ئەگەر مامەڵەکە بەستراو ڕێککەوتن روویدا، ئەوا بەلاغەتی تووندوتیژ هەربەزوویی دەمرێت، تەنانەت گەر کوردو تورک هەرگیز یەکتریان خۆشنەوێت.

ڕۆژنامە: ئەی لەبارەی ڕۆڵی UNو ئەمریکاوە رات چۆنە؟ پێتوایە ئەوان بەپێی پێویست بەدەم کێشەی کەرکوکەوە چوون؟

* ئەمریکاو نەتەوەیەکگرتووەکان هەوڵی زۆردەدەن بۆ خولقاندنی گفتوگۆ لە کەرکوک، ئەمەش هەڵوێستێکی پۆزەتیڤە، چونکە هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی دیکە نییە، سەفەری جۆزێف بایدن، جێگری سەرۆکی ئەمریکا، ئەوە دەردەخات کە ئیدارەی ئەمریکا زۆر بەجدی کێشەکەی وەرگرتووە، بەلاّم جارێ با بزانین لە داهاتوودا تاچەند هێزی دیبلۆماسییەت بەکاردێنن بۆ ئەو مەبەستانەی ئاشکرایان کردووە دەربارەی کەرکوک.

ڕۆژنامە: گروپە جیاوازەکانی کەرکوک وەک عەرەبو تورکمان، سیاسەتی ئیدارەکردنی کورد لەو شارە بە نەشیاو دەزانن و پێیانوایە ئیدارەی کوردی بووەتە هۆی بلاّوکردنەوەی ڕقو جیاوازی لە نێوانیاندا، ئایا ئەمە ڕاستە؟

* سەرکردەکانی کورد، هەروەک سیاسییەکانیان کە هەمان پلانی سەرکردەکانیان بەکارهێناوە، بەرپرسە کوردەکان لەدوای (٢٠٠٣)وە هەڵەی زەبەلاحیان کردووە لە کەرکوک، هەڵەی وەک کۆنترۆڵکردنی زۆربەی پۆستە باڵاکانی کەرکوک، دەستبەسەراگرتنی مواڵکی گشتیو نامۆکردنی نەتەوەکانی دیکە لە کەرکوک، ئاکامی هەڵەکانیش ڕوونە، ئێستا قەومیەتەکانی دیکە بەرهەڵستی هەر پڕۆژەیەک دەکەن بۆ گەڕاندنەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان، تەنانەت ئەگەر مافی کەمینەکانی بەچڕوپڕی تێدابێت، دوای شەش ساڵ متمانە نەماوە لەنێوان ئەم نەتەوانەدا، نەتەوەکانی دیکە هیچ باوەڕێک بەو زەمانەتانە ناکەن کە حکومەتی هەرێم پێشکەشی دەکات، تەنیا ڕێگەش بۆ گەڕاندنەوەی متمانە بە پەیماندان نییە، بەڵکو گۆڕینی ستراتیژە، چارەسەریش پێویستی بە گفتوگۆی جەماعی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانو سازشکردنێکە کە بۆ زۆرێک لە کوردەکان بەئازارە، ئەمەش ڕاستەوخۆ بەهۆی سیاسەتی حکومەتی هەرێمەوەیە لە کەرکوک لەدوای (٢٠٠٣)وە.

ڕۆژنامە: پێتوایە گۆڕینی حکومەتو پەرلەمان هیچ خزمەتێک بەو کێشەیە دەکات، بەتایبەت دوای دووپاتکردنەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان لەبارەی خراپ بەکارهێنانی دەسەلاّتەوە بەتایبەت لەناو هەرێمدا؟

* لەهەر سیستمێکی دیموکراسیدا (تازەدەرکەوتوو یان دامەزراو) گۆڕینی دەسەلاّت تەندروستو زەروورییە، باوەڕناکەم بەرهەڵستکارەکان بتوانن زۆرینە بهێنن، بەلاّم لەوانەیە پارتە دەسەلاّتدارەکان ناچاربکەن کە شەفافترو بەرپرسیارتر بن، کە ئەمەش ئاکامێکی زۆر تەندروستی هەڵبژاردن دەبێت.



بەرپرسە کوردەکان لەدوای (٢٠٠٣)وە هەڵەی زەبەلاحیان کردووە لە کەرکوک، هەڵەی وەک کۆنترۆڵکردنی پۆستە باڵاکانی کەرکوک، دەستبەسەراگرتنی مواڵکی گشتیو نامۆکردنی نەتەوەکانی دیکە لە کەرکوک، ئاکامی هەڵەکانیش ڕوونە، ئێستا قەومیەتەکانی دیکە بەرهەڵستی هەر پڕۆژەیەک دەکەن بۆ گەڕاندنەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان، تەنانەت ئەگەر مافی کەمینەکانی بەچڕوپڕی تێدابێت

کێشەکانی برایەتیو حەدبا موسڵ دەکات بە دوو لەتەوە

هەستیار قادر

بە بنبەست گەیشتنی کێشەکانی نێوان هەردوو لیستی حەدبای حوکمڕانی موسڵو لیستی برایەتی نەینەوا ئەگەرەکانی دابەشکردنەوەی موسڵ دەهێنێتە ئاراوەو ئەندامێکی لیستی هاوپەیمانیش دان بەوەدا دەنێت، کە «گوتاری سیاسی کورد لە موسڵدا هەڵەی زۆری تێدا بووە».

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست ڕۆژنامە کەوتوون، ناوبژیوانی سەدرییەکان بۆ لێکنزیککردنەوەی تێڕوانینی هەردوو لیستی حەدباو برایەتی بە بنبەست گەیشتووەو ئەگەرەکانی پەنابردنەوە بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنێکی تایبەت هاتووەتەوە ئاراوە بۆ ئەو (١٦) یەکە ئیدارییەی لیستی برایەتی زۆرینەی دەنگی تێدا بەدەستهێناوەو بە ناوچەی کێشە داڕەکانی سنووری پارێزگای موسڵ لەقەڵەمدەدرێن، کە پێویستە بەپێی مادەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق چارەسەر بکرێت.

لە لێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی دەنگەکانی عێراق دەرمان سلێمان، ئەندامی لیستی برایەتی نەینەوا ئاشکرایکرد، کە ئەگەر هەوڵی سەدرییەکان بۆ نابژیوانیکردنی لیستەکەی لەگەڵ لیستی حەدبادا سەرینەگرت، ئەنجومەنێک بۆ ئەو یەکەی ئیدارییانە پێکدەهێنن کە بایکۆتی ئیدارەی نوێی موسڵیان کردووە.

کێشەکانی هەردوو لیستی حەدباو برایەتی نەینەوا لەدوای ئەوە دەستپێکرد، کە حەدبای خاوەن زۆرینەی (١٩) کورسی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ لە دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژادنەکانو بە هاوپەیمانێتی حیزبی ئیسلامی خاوەن (٣) کورسیو هەردوو کۆتای ئێزدیو شەبەک کە هەریەکەیان یەک کورسییان هەبوو حکومەتی محەلی لە موسڵ پێکهێناو لیستی برایەتی نەینەوای لەو ئیدارە نوێکەیدا بەشداری پێنەکردو لە بەرامبەریشدا لیستی برایەتی بڕیاریدا بایکۆتی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی نوێی پارێزگای موسڵ بکاتو (١٦) یەکەی ئیداریش کە دەنگی زۆرینەی ئەو لیستەی تێدایە بایکۆتی ئیدارەی نوێیان کردو لە دوا هەنگاوی ئاشتکردنەوەی ئەو دوولایەنەشیدا لە (١٣)ی مانگی حوزەیرانی ڕابردوودا ڕەوتی سەدر نوێنەرێکی خۆی ڕەوانەی موسڵ کرد، بۆ ئەوەی لەگەڵ هەردوولایەنی ناکۆکدا کۆببێتەوە، بەلاّم بە وتەی ئەندامێکی لیستی برایەتی تائێستا بە ڕەسمیی سەدرییەکان پەیوەندییان بە لیستەکەیەوە نەکرووە.

قاسم سالّح، ئەندامی لیستی برایەتی نەینەوا بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: تائێستا بە ڕەسمیی لەلایەن سەدرییەکانەوە ئاگادار نەکراونەتەوە سەبارەت بە ناوبژیوانیکردنی هەردوو لایەنو جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە، کە زۆرێک لە ئەندامانی لیستەکەی لەگەڵ بیرۆکەی پەنابردنە بەر پێکهێنانی ئەنجومەنێکی بەڕێوەبردنن بۆ ئەو (١٦) یەکە ئیدارەییەی بەلایەنگری لیستی برایەتی دەزانن»

هاوکات ئەحمەد شەبەک پەرلەمانتاری موسڵ لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان، پەنابردنە بەر پێکهێنانی ئەو ئەنجومەنەی بە «هەنگاوێکی ناچاریانە» لە قەڵەمدا، گەر کێشەکانی نێوان هەردوو لایەنی حەدباو برایەتی چارەسەر نەکرا، وتیشی: «چارەسەرکردنی کێشەی نێوان حەدباو لیستی برایەتی بەبێ هێزێکی دەرەکی وەک ئەمریکا یان نەتەوەیەکگرتووەکان ئەستەمە»

ئەگەرچی سەرکردایەتی سیاسیی کورد تاک لایەنانە خوێندنەوە بۆ ئەو کێشەیەی نێوان لیستی برایەتیو حەدبا دەکاتو پێیوایە تاکە ڕەهەندی ئەو قەیرانە «شۆڤێنیستی عەرەبییە» هەندێکی دیکە بەشێک لەو کێشانە دەبەستنەوە بە «خراپ مامەڵەکردن»ی کورد لە موسڵ کە ڕق لێبوونەوەیەکی وای لە موسڵدا دورستکردووە پاڵ بە خەڵکی موسڵەوە بنێت دەنگ بە لیستی حەدبا بدەن لە دژی لیستی برایەتی، لەو بارەیەشەوە ئەحمەد شەبەک دەڵێت: «لە ماوەی ڕابردوودا ئەدای سیاسییو گوتاری سەرکردایەتی سیاسیی کورد

ژمـــارە (514) یەکشەممە 2009/7/19
hewal.rozhnama@gmail.com
ڕۆژنامە

بەرپرسانی کورد لە بەغدا بۆ ئیمتیازو بەرژەوەندی چاوپۆشییان لەجێبەجێکردنی (١٤٠) کردووە

پشتیوان سەعدوڵڵا

نەوشیروان مستەفا، ڕەخنە لە کاربەدەستانی کورد دەگرێت کە لەپێناوی کۆمەڵێک ئیمتیازاتو بەرژەوەندیدا چاوپۆشییان لە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) کردووەو پسپۆرێکی مێژوویی دەڵێت، «ئەو شەڕەی بەرپرسانی کورد لەسەر بودجە کردوویانە، لەسەر مادەی (١٤٠) نەیانکردووە».

مادەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق کە تایبەتە بە کێشەی ناوچە کێشە لەسەرەکان، دەبوو تاکو لە (٢٠٠٧/١٢/٣١) جێبەجێبکرێت، بەڵام دوای (٢٠) مانگ بەسەر ئەو بەروارەدا تائێستا مادەکە جێبەجێنەکراوەو بەرپرسانی کورد لە بەغدا بەرپرسیارن بەرامبەر بەو مەسەلەیە.

نەوشیروان مستەفا، سەرۆکی لیستی گۆڕان، لە پەیامێکیدا ڕەخنە لە نوێنەرانی کورد دەگرێت لە بەغدا بەوەی کە کەمتەرخەمبوون بەرامبەر بە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)و چارەسەرکردنی مەسەلەی ناوچەدابڕاوەکان، هەروەک دەڵێت: «من پێموایە کە نوێنەرایەتی کورد لە بەغدا لەوکاتەوە پێش ساڵی (٢٠٠٧) کە کابینەکەی نوری مالیکی زۆر لاواز بوو، نەیتوانیبوو نە لە ڕووی سیاسییەوە نە لە ڕووی ئابووریيەوە نە لە ڕووی عەسکەریيەوە کاروبارێکی ئەوتۆ ئەنجامبدات‌و مەوقیعی کورد لەبەرامبەر ئەودا بەهێزبوو، دەیتوانی ئەو کاتە زەختی لێبکات‌و کورد دەیتوانی هەڕەشەی کشانەوەی لێبکات‌و دەبوو بە سەبەبی ئەوەی کە وەزارەتەکەی بڕوخێت».

لەماوەی چەند ساڵی ڕابردووداو تائێستا بەرپرسانی کورد بەجدی کاریان بۆ جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) نەکردووەو نەیانتوانیوە فشاربخەنە سەر دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراق، بەوەش ئەو بۆچوونە دروستدەکات، کە نوێنەرانی کورد لەپێناو وەرگرتنی ئیمتیازاتی شەخسیدا چاوپۆشییان لەو مەسەلەیە کردووە.

نەوشیروان مستەفا لەوبارەیەوە وتی: «ئەوانەی کە خۆیان تەقسیریان هەبووە لە مەسەلەی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) لەکاتی خۆیدا دەیانتوانی حکومەتی عێراق مەجبور بکەن کە جێبەجێی بکات، لەبەر کۆمەڵێک سەبەب جێبەجێیان نەکردووە، لە سەروو هەموویانەوە لەبەرئەوەی کە کاتی خۆی نوری مالیکی تا ئەوکاتەی مادەی (١٤٠) ئیکسپایەربووەو تا کۆتایی(٢٠٠٧) دەسەڵاتی ئیمزاکردنی گرێبەستی بازرگانی، گرێبەستی نەوت‌و هەندێک گرێبەستی لەوجۆرەی دابوو بە هەندێک لە کوردەکان لە بەرامبەر ئەوەدا ئەوانیش چاوپۆشییان کرد، هەتاوەکو مادەکە ئێکسپایەربوو، کە مادەکەش ئێکسپایەربوو هەموو ئەو دەسەڵاتانەی سەندەوە لەو کاربەدەستە کوردانەی کە لە بەغدابوون».

هەروەک لەتیف فاتیح، ڕۆژنامەنووس پێیوایە مەسەلەی کەرکوک مەسەلەیەکی زۆر چارەنووسسازەو ناکرێت بە هیچ شتێکی دیکەوە گرێبدرێت، وتیشی: «دەبێت پێشبینی هەموو شتێک لە دەسەڵاتدارانی کورد بکەین، بەتایبەتی لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)وە زۆر ڕێیدەچێت بۆ بەرژەوەندی شەخسی چاوپۆشی لەسەر مەسەلەی کەرکوک کرابێت، بەتایبەتی لە گرێبەستی نەوتدا کە کێشەیەکی سەرەکی نێوان بەرپرسانی کوردو بەغدایە».

بەبۆچوونی پسپۆڕانو چاودێرانی کێشەی کورد چارەسەرنەکردنی مەسەلەی کەرکوک بۆ کەمتەرخەمی‌و لاوازیی ئەدای نوێنەرانی کورد لە بەغدا دەگەڕێتەوە.

د.عومەر محەمەد، پسپۆر لە بواری کێشەی کورد بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لەبەرامبەر مادەی (١٤٠) پاشەکشێیەکی گەورە هەیەو لەئەنجامی نەبوونی وتارێکی یەکگرتووی کوردی‌و کە خۆی لەدوو وتاری جیاوازدا دەبینێتەوە، هەروەها لاوازیی ئەدای بەرپرسانی کورد لە بەغداو کەرکوک بوونەهۆی کەمبوونەوەی قورسایی کورد لە بەغداو ئەمەش وایکرد، کە نوری مالیکی هەڵوێستێکی توند بەرامبەر بە مادەی (١٤٠) پیشانبدات‌و جێبەجێکردنەکەشی دوابخرێت.

وتیشی: «ئەو شەڕەی بەرپرسانی کورد لەسەر بودجە دەیکەن، لەسەر کەرکوک نەیانکرد»، بۆ ئەو بۆچوونەش نموونەی ئەوە دەهێنێتەوە کە تائێستا نەمانبینی پەرلەمانتارانی کورد لەسەر کەرکوک لەپەرلەمان بکشێتەوە، نەمانبینی وەزیرێکی کورد لە بەغدا بکشێتەوە، بۆیە ئەو قسەیە ڕاستە کە دەڵێت، بەرژەوەندی حیزبی‌و شەخسی لەپێش بەرژەوەندییە نەتەوەیی‌و نیشتمانییەکانەوەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ئێستادا کێشەی کەرکوک کێشەیەکی نێودەوڵەتییە، نەک بەتەنیا کێشەیەکی عێراقی.


کەرکوک لەچاوەڕوانی (١٤٠)دا

پارێزەر سابیر مامەسێنی: خەڵکی هەولێر وەک شانەی نوستوون‌و ڕۆژی دەنگدان بڕیاردەدەن

ستارە عارف



سابیر عومەر مامەسێنی، پارێزەری ڕاوێژکار پێیوایە خەڵک لەهەولێر ناوێرن بانگەشە بۆ هەڵبژاردن بکەن، چونکە تووشی لەکارلادان‌و هەڕەشە لێکردن دەبنەوە لەدیمانەیەکی ڕۆژنامەدا مامەسێنی ئاماژە بەوەدەکات کە لەدوای هەڵبژاردنەوە گۆڕانکاریی ڕوودەدات، لەبەرئەوەی ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینە سەریهەڵداوە کە توانای ئەوەیان هەیە تێکڕای ئەو یاسایانەی لەپەرلەمان دەرچوون بەشێوازێکی یاسایی هەموارى بکەنەوە

ڕۆژنامە: بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە گەرموگوڕترە بە بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی پێشوو، خەڵک پەرۆشانەتر بەرەو ڕووی پرۆسەی هەڵبژاردن دەبنەوە لێکدانەوەی تۆ بۆ ئەمە چییە؟

* بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە جیاوازە، بۆ نموونە، لە هەولێر ئەو گوڕوتینەی نییە، شاری هەولێر وەک ئەوەیە کە پێیدەڵێن «خانە نوستووەکان»، بیروڕای جیاوازیان هەیە، بەڵام ناتوانن لە ڕواڵەتدا دەربیبڕن، ئەمەی هەڵگرتووە بۆ ڕۆژی دەنگدان، بە ڕاستی هۆکاریشی هەیە، یەکێک لەوانە ڕەنگە ئەوە بێت فشاری جۆراوجۆر هەیە، بۆ نموونە خەڵک هەیە لەبەرئەوەی فەرمانبەرەو لە فەرمانگە کاردەکات، ناتوانێت بەئاشکرا بیروڕای خۆی دەربببڕێت، پارێزەرانیش بەهەمان شێوەن، بۆ نموونە زۆر پارێزەر هەبوون دژی دەستوور بوون، بەڵام نەیانتوانی ڕەتی بکەنەوە، چونکە هەیانبوو حیزبی بوون‌و لەبەر حیزبەکەیان نەیانوێرا، هەندێکیشیان کە ئیمزایان لەسەر ئەو بەیاننامەیە کرد کە بۆ نارەزایی دەربڕینی دەستوور بڵاومانکردەوە، بەڵام بە تەلەفۆن پێیان وتین کە لەسەر ئەو هەڵوێستە لەلایەن حیزبەکەیانەوە لێیان پرسیونەتەوە.

ڕۆژنامە: چاوەڕوانی گۆڕانکاریی دەکەیت لەدوای ئەم هەڵبژاردنەوە بۆ گۆڕینی ئەم واقیعەی کە وایکردووە ئازادیی بیروڕا بەند بکات‌و گەندەڵی پەرەبسێنێت؟

* بە بڕوای من گۆڕانکاریی ڕوودەدات، لەبەرئەوەی ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینە سەریهەڵداوە،کەتوانای‌ئەوەیان‌هەیە تێکڕای ئەو یاسایانەی لەپەرلەمان دەرچوون هەموارى بکەنەوەو بەشێوازێکی یاسایی دەتوانن داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان بکەن بۆ هەموارکردنەوەیان، ئەگەر سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕەزامەندی پێنەدان، لەڕێگەی دادگای دەستووریيەوە دەتوانن یاساکان هەموار بکەنەوە، کە لە بەرژەوەندی نیشتمان‌و خەڵکدا بێت.

ڕۆژنامە: سەرجەم یاساکانی پەرلەمان کە دەریکردوون پێویستیان بەهەموارکردنەوە هەیە؟ هۆکاری ئەم هەموارکردنەوەیە چیە؟

* نایاسایی نین، بەڵام هەر یاسایەک کە پەسەند دەکرێت یان لە پەرلەمان دەردەچێت، دەبێت لە بەرژەوەندی گەل‌و نیشتماندا بێت، نابێت یاسا بۆ بەرژەوەندی تاکە کەس دەربکرێت، بۆیە زۆربەی زۆری ئەو یاسایانەی لە پەرلەمانەوە دەرچوون پێویستیان بەهەموارکردنەوەو گۆڕینە، یەکێک لەو یاسایانە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانە، کە بریتییە لە (٢٠) بەندی یاساییو لەو بەندانەدا ویلایەت‌و مەرجەکانی پاڵێوراو و هەڵبژێردراو و ئەرکو فەرمان‌و دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی دیاریکردووە، جگە لەمە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (١٩٩٢) کە تایبەت بوو بە یاسای هەڵبژاردنی ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٧)ی هەموارکراو هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەوەی جێگەی سەرنجی ئێمەی پارێزەرانە، بەندی (١٠)و بڕگەی (٦)و بەندی (١٣)و بڕگەی (٢)و بەندەکانی (١٤و ١٥)ن، لە بەندی (١٠) بڕگەی (٦)دا هاتووە، بەپێی یاسا سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆی هەیە لێبووردنی تایبەت بۆ بەندکراوەکان دەربکات، لێرەدا بەپێویستی دەزانم هەڵوەستەیەک لەسەر ئەم بڕگەیە بکەمو ڕووی پرسیار لە ئەندام پەرلەمانانی پێشنیازکەر بکەمو بڵێم، ئایا ئەم بڕگەیە بەمشێوەیە دژ بە بنەما دیموکراسییەکان نییە؟ لەگەڵ سەربەخۆیی‌و جیاکردنەوەی هەرسێ دەسەڵاتەکە ناساز نییە؟ ئەمە جۆرێکە لە دەستێوەردانی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن لە دەسەڵاتی دادوەریی، ئەم بڕگەیە لە ڕووی یاساییەوە کە بەوشێوەیە دارێژراوە هیچ بەهاو سیمایەکی یاسایی تێدا نییە، بەتایبەتی لەو وڵاتانەدا کە سیستمی پەیڕەوکراو یان دیموکراسی بێت، چونکە ئەمە دەستێوەردانی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنە لە دەسەڵاتی دادوەریی‌و مراندنی دیموکراسییەت‌و زیندووکردنەوەی دیکتاتۆرییەتە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە گلەییمان لە دارێژەرانی یاساکان لە پەرلەمان نییە، چونکە نوێنەری حیزبەکانیان‌و دەسەڵات بوون، نەک نوێنەری گەلی کوردستان، لە هەمانکاتیشدا جۆرە لاساییکردنەوەیەکی بەناو ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی سەردەمی پێشووە، کراوە.

ناوەڕۆکی بەندەکانی (١٤و١٥)ی یاساکەش لەگەڵ بنچینەی یاساکاندا ناگونجێت، پێموایە لەجۆری ئەم یاسایە جگە لە هەرێمی کوردستان‌و پەرلەمانەکەی لە هیچ کون‌و قوژبنێکی ئەم سەرزەمینەدا نییە، چونکە چۆن دەبێت لەکاتی دیارنەبوونی سەرۆکی هەرێمدا بەهەر هۆیەک بێت، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەرکو فەرمانەکانی بگرێتە ئەستۆ، لەهەمانکاتدا بەپێی بەندی (١٣) بڕگەی (٢) سەرۆکی هەرێم جێگری هەیە، لەکاتی دانانی هەر یاسایەکدا پێویستە بنچینە یاسایەکە ڕەچاوبکرێت، نەک حیزبایەتی تەسک، لە یاساکەدا هاتووە لەکاتی چۆڵبوونی پلەوپایەی سەرۆکی هەرێمدا سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق ئەرکو فەرمانەکانی هەڵدەسوڕێنێت، بەڕای من دەشێت ئەم بڕگەیە هەر ناوێکی لێبنرێت تەنیا یاسا نەبێت، چونکە نابێت دەسەڵاتی یاسادانان ئەرکو فەرمانی ڕاپەڕاندن بگرێتە ئەستۆ، ئەمە جۆرێکە لەتێکەڵاوکردنی دەسەڵاتەکان‌و دەبوایە سەرۆکی پەرلەمان بواری بەمجۆرە بەناو یاسایانەی نەدایە.

سابیر عومەر مامەسێنی ساڵی(١٩٨٠) بەشی یاساو سیاسەتی لەزانکۆی بەغدا تەواوکردووە.

پاش تەواوکردنی خوێندن پەیوەندی بەشۆڕشەوە کردووە.

حاکمی سەرکردایەتی یەکێتی بووە لەناوچەی زەڵێ.

ئێستا کاری پارێزەریی دەکات لەشاری هەولێر.



زەعامەت...
لە عەرشەوە بۆ گۆڕستان!

چیمەن محەمەد ڕەشید

زۆرێـــــک لـــە وڵاتـــە خۆرهەڵاتییەکانو وڵاتانی جیهانی سێیەم لەگەڵ ئەوەی دەستوورو سیستمی حوکمڕانیان هەیە، بەڵام دەســـەڵات لە خـودی سەرۆکدا چڕکراوەتەوە، سەرۆک لە لوتکەی هـەرەمـی دەســـەڵاتـی حیزب‌و حکومەتدایە کـە دەسەڵاتێکی بێسنوورو ڕەهای هەیە، زۆربەی کات سەرۆک، سەرۆکی حیزب‌و ســـەرۆکـی وڵات‌و ســـەرۆکـی حکومەتە، لە دەستوورو بەرنامەی حـیـزبـەکـانـیـانـدا ســـەرەڕیـی یاساو مافـو ئازادییە سیاسی‌و مەدەنییەکان، عەدالەتی کۆمەڵاتی‌و یەکسانی‌و مافی هاوڵاتیبوون لە چەندین ڕستەو دروشمگەلێکی ڕەنگیندا ڕازێنراونەتەوە، بەڵام ئـەم چەمکو مـافـو ئازادیانە هەر لە تاریکیدا دەهێڵرێنەوەو کەموایە ڕۆشنایی ببینن، چونکە هەموو کارو چالاکیەک، ئاراستەو جـوڵانـەوەیـەک دەبـێـت بەپێی خـواسـت‌و نـیـازی ســـەرۆکـو لەپیناو مەبەستو ئارەزووەکانی‌و بەرژەوەندییە سیاسی‌و ئابووری‌و پاراستنی کورسی دەسەڵاتەکەی ئەودابێت!.

دەسەڵاتی بێسنوورو ڕەهای ســەرۆکـەکـانـی هـەنـدێـک لەو وڵاتانە هاوشێوەی دەسەڵاتی ئەمیرو پادشاکانی ئەوروپای چەندین سەدەی پێش ئێستایە کە مۆنۆپۆلی تەواوی هەموو ئیش‌و کارو دامەزراوەکانیان کردبوو، دەسەڵاتی سەرجەم کاروبارەکانی وڵاتیان خستبووە ژێر دەستی خۆیانەوەو تاکەڕەوانەو لەبری هـەمـووان هەڵوێست‌و بڕیاری وڵاتیان ڕاگەیاندو تەنانەت بڕیاری جەنگو ئاشی کە هەستیارترین‌و مەترسیدارترین بڕیاربوون تەنیا لە دەسەڵاتی خۆیاندابووە، چونکە بەڵای سەرۆکەوە سەقامگیریی سیاسی‌و خزمەتگوزارییەکان‌و ڕەچـاوکـردنـی بـەرژەوەنـدیـیـە سیاسی، ئابووری‌و کۆمەڵاتی‌و فەرهەنگیەکان، دوا ئامانج‌و دوا مەبەستی کـاری سەرۆکایەتی ئـەونـیـن، بـەڵـکـو پـاراسـتـنـی بـەرژەوەنـدیـە هەمەلایەنەکانی خـــودی خـــۆی دوا ئامانجی سەرۆکە!

بـۆیـە دەکـرێـت لـە خـودی تـەمـەنـی دەســـەڵاتـداریـێـتـی ســـەرۆکـــەوە خـوێـنـدنـەوە بۆ سیستمە سیاسییەکان بکرێت، جـۆری پراکتیزەکردنی سیستم لە پەیوەندی نێوان ســەرۆکـو دەسەڵاتدا دەبینرێت‌و بەراوردی ئەو پەیوەندییە لەگەڵ سیستمە دیموکراتییە ڕاستەقینەکان‌و کە بە دەوریـی هـەڵـبـژاردن بۆ ســـەرۆک دەکـــرێـــت‌و مـــاوەی مانەوەی دیاریکراوە بە دەستوور جێبەجێدەکرێت بکەین!

بـۆ درێـــژەدان بـە مـاوەی حوکمڕانی‌و پاراستنی کورسی حوکمڕانی لە مـــاوەی ژیانی‌و تەنانەت لـەدوای خۆی زۆربەی سەرۆکەکان ئەم دوو شێوازە دەگرنەبەر:

یەکەم: مانەوە بە دریژایی ژیان:

مانەوەی سەرۆک لە دەسەڵاتدا تا دەمرێت، جا ئەو مردنە مردنێکی سروشتی بێت یا بەهۆی تیرۆرو کودەتاو شۆڕشەوە بێت.

سەرۆک بۆ مانەوەی چەندین دروشم‌و چەمک بەکاردەهێنێت، وەک «یەکێتی ریزەکانی گەل، نەتەوە، باری ئەمنی وڵات، دەستکەوتی مێژوویی، زۆرجاریش مەترسییە دەرەکیەکان‌و دوژمنی وەهمی دروستدەکەن‌و گەلی پێوە سەرقاڵ‌و چەواشە دەکرێت‌و ڕای خەڵک بۆ ئەو مەبەستە ڕادەکێشرێت بۆ ئەوەی وەک سەرۆک بیربکەنەوە.

ئەمجۆرە سەرۆکانە چەند سیفات‌و تایبەتمەندییەکیان هەیە کە دەکرێت گرنگەکانیان بخەینەڕوو بەم شێوەیە:

١- زەعامەتی ڕاگەیاندن، ئامرازە دەوڵەتییەکانی ڕاگەیاندن‌و ژمـارەیـەک بـەنـاو ڕۆشنبیرو هەمیشە زەعیم هەوڵی زۆرکردنی سامانی ناوخۆیی‌و دەرەکیەکانی ئـەداو دەسـت دەخاتە گـەورەو بچووکی وڵاتەوەو چارەنووسیان دیـاریـدەکـات، زەعیم دەتوانێت خەڵکی نەبوو دەوڵەمەندبکات، تـا لـەنـاو بـازنـە داخـراوەکـەی دەسەڵاتدا بێت کە تورەش بوو ئەو دەوڵەمەندە هەژاردەکات‌و چوار دەوری دەگرێت هەتا ئیفلاسی دەکـات یا ملکەچی دەکـات بۆ مەنتیقی ڕەهای زەعیم.

٤- زەعـیـم بـە دەمـارگـیـری خـێـزانـی لـەنـێـو بـازنـەیـەکـی تـەسـکـدادەیـەوێ دەســـەڵاتـی بهێڵێتەوەو دواتر دەمارگیری بۆ هۆزو خێڵ، بۆ ئایین‌و ئاییزایەک، بۆ ناوچەو شوێنێکی دیاریکراو دەخاتەگەڕ، تا هەر کاتێک بیەوێت ناکۆکی‌و دووبەرەکی لە نێوانیاندا دروستبکات، گروپێکی تێکەڵ بۆ ئەو مەبەستە پێکدەهێنێ لە خاوەن بەرژەوەندییەکان تا لە خزمەت بەدیهێنانی ئامانجەکانیدابن.

دووەم : بۆ ماوەیی سیاسی « کۆماری مەلیکی »، لەگەڵ ئەوەی سیستمی حوکمڕانی زۆربـەی وڵاتانی جیهانی سێیەم کۆماریە، بەڵام زەعیم بەرنامە ڕێژیدەکات بۆ ئەوەی دوای خۆی کورەکەی یـان کەسێکی نزیکی ببێ بە زەعیم بۆ پاراستنی بەرژەوەندی بنەماڵەکەی.

* دوا ڕۆژی زۆربـــەی زەعیمەکان بەکوێ گەیشتوە؟

زۆربـــەی زەعـیـمـەکـان دوا کودەتای سیاسی جیاوازە لە گۆڕانی سیاسی، گۆڕانی سیاسی یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی سیستمی دیموکراتی‌و دەسەڵات لە ڕەهایی‌و بێسنووری زەعیم ڕزگـاردەکـات، هەڵبژارنی ماوە دیـاریـکـراو بـۆ سـەرۆکـەکـان دەهێنێتەئاراوەو بەربەستێکی گەورە دادەنێت لەبەردەم ئەو جۆرە دەسەڵاتانە، بەڵام کودەتای سیاسی زۆرجـار زەعیمێکی لابـردوەو زەعیمێکی دیکەی دروستکردووە، واتە تەنیا گۆڕانێکی ڕووکەش‌و گۆڕان لە کەسەکاندا بووە نەک لە سیستم‌و فەلسەفەی دەسەڵاتدا.

دیـاردەی زەعامەتی سیاسی بە دەستگرتن بە دەسەڵاتەوەیە نەک دەستکەوتەکان، زەعامەتی خـۆڕهـەڵاتـی لـە گەشەپێدان‌و پێشکەووتندا نییە، وەک بەڵگەیەکی مادی، بەڵکە لە گوتاری سیاسی‌و ڕاگـەیـانـدنـدایـە کـەوا دەکـەن عەبقەریەتی زەعیم‌و دەگمەنی سیاسی نیشاندەن، خۆشەویستی خـەڵـک بـۆ ئـەم زەعـیـمـانـە خـۆشـەویـسـتـیـەکـی خـۆڕسـک نییە، بەڵکە خۆشەویستیەکی ڕووکەشانەیە کە لەژێر گوشارو کاریگەری جۆراوجۆردا دەبینرێت، وەک ترس‌و بەخشینی ئیمتیازی وەک پۆست‌و پـارە کە تەمەنی ئەو خۆشەویستیە لەگەڵ نەمانی زەعیمدا بەشێوەیەکی سروشتی ئەویش دەڕەوێتەوە.

دووەم: کودەتای سەربازی:

ئەم جۆرە کودەتایە هەمیشە دەرئەنجامێکی تراژیدی لەگەڵ خـۆیـدا هـێـنـاوە، تـوندوتیژی‌و خوێنڕشتنی پـێـوەبـووە، وەک کودەتاکانی (عێراق، یەمەن، ...تاد) کە لەلایەن دەستەیەک ئەفسەری پلە بەرزی سوپاوە ئەنجامدراوەو بە کۆشتنی سـەرۆک‌و دەستو پێوەندەکانی کۆتای بە دەسەڵاتی زەعیم هێنراوە.

سێیەم: گـۆڕان یا شۆڕشی میللی:

لـە سـەدەکـانـی ڕابـــردووداـ ئەم شێوازە دەگمەنترین جۆری گۆڕینی زەعیمە کە میللەت لەو سیستمەدا بتوانێت بە شۆڕشێکی میللی کـۆتـای بـە دەســـەڵاتـی زەعیمبهێنێت، بەڵام لەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆدا میللەت‌و هێزی گەل ڕۆڵ‌و شێوازێکی کاریگەرە لە کۆتایی پێهێنانی ئەم جۆرە دەسەڵاتانەدا کە ئەویش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیستمە سیاسییە جیهانیەی کە لە ئارادایەو جەخت لە مافـو ئازادییەکانی گەلان دەکاتەوە، لە چۆنیەتی‌و شێوازی ئەو حوکمەی کە خۆیان هەڵیدەبژێرن.

بەشێوەیەکی گشتی ماوەتەوە بڵێین زەعیمەکان هیچ کاتێک کورسی دەسەڵاتییان بە خۆشی‌و بە ئاشتی چۆڵنەکردووە هەر بۆیە دەبینین تەنیاو تەنیا کاتێک کورسی دەسەڵاتییان جێهێشتووە کە بۆ گۆڕستان براون!

سەرچاوەکان :

١- د. فيصل الحذيفى- الحاكم والسلطة.

٢- حليم احمد - تاريخ العراق الحديث.

سەرۆک بۆ مانەوەی چەندین دروشم‌و چەمک بەکاردەهێنێت، وەک «یەکێتی ریزەکانی گەل، نەتەوە، باری ئەمنی وڵات، دەستکەوتی مێژوویی، زۆرجاریش مەترسییە دەرەکیەکان‌و دوژمنی وەهمی دروستدەکەن‌و گەلی پێوە سەرقاڵ‌و چەواشە دەکرێت‌و ڕای خەڵک بۆ ئەو مەبەستە ڕادەکێشرێت بۆ ئەوەی وەک سەرۆک بیربکەنەوە

ئەگەر یەکێتی‌و پارتی براوە نەبن!؟



ئەنوەر عەرەب

ئەمە ئەو پرسە هەستیارەیە کە ڕۆژانە لە شەقامی سیاسیی کوردی بەلایەکدا وەک مەترسی‌و بەلایەکدا وەک چارەسەر دەخرێتەڕوو‌و تەماشادەکرێت، دەرئەنجامەکەی بە هەر لایەکدابێت خوێندنەوەی تایبەتی خۆی دەوێت.

لە هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەماندا ئەم پرسیارو پێشبینییە لاوازترین ئەگەری هاتنەدی هەیە، ئەویش بە هۆی ئەو ڕێککەوتنە ستراتیژییەی لەنێوان یەکێتی‌و پارتیدا هەیە، بەڵام ئەگەر یەکێتی‌و پارتی براوەنەبن چی ڕوودەدات، ئیتر لێرەوە سەرەتای گۆڕان‌و مەترسییەکە ڕووەدات‌و ترس لە توندوتیژیی دێتە کایەوە، ئایا عەقڵیەتی سیاسیی ئەو دوو پارتەی کە تائێستاش پێیانهەزم ناکرێت بە جیاو لیستی سەربەخۆ دابەزن‌و کێبەرکێی یەکتری بکەن‌و قبوڵی شکست‌و سەرکەوتنی یەکدی بکەن کە هەر ئەم عەقڵیەتە لە هاوپەیمانێکی ستراتیژیدا کۆیکردوونەتەوەو دەسەڵاتیان لەناوخۆیاندا برابەشکردووە.

ئایا ئەم دووهێزە کە ڕەوشی ئێستای هەڕێم‌و حکومەت‌و پەرلەمان بە بەشێک لە بەخشەندەیی خۆیان دەزانن‌و لە بڕی ئەوەی وەک سیاسەتی حکومەتی هەڕێم مامەڵەی ناوەندبکەن کەچی لە ڕاستیدا وەک ئەندام پەرلەمان‌و چاودێرانی سیاسی‌و ڕەوشەکە ئاماژەی پێدەدەن‌و بە سیاسەتی ئەو دوو حیزبە کاردەکرێت، ئایا لە ئەگەری بارودۆخێکی وەهادا کە براوەنەبن دەشێت کورسیی دەسەڵات‌و فەرمانڕەوایی چوڵبکەن‌و بە قەولی خۆیان دەست لەو هەموو خۆێنە هەڵگرن کە لەم پێناوەدا ڕشتوویانەو بیکەن بە ساقەسەری دیموکراسی‌و هیچ ڕووبەڕووبوونەوەو توندتیژییەک ڕوونەدات، ئەمە لە کاتێکدایە کە هێشتا ئەو خوێرە تەنیا گزنگی داوەو هەڵنەهاتووە.

هەربەم هۆیەوەیە کەنااڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن‌و بوێژەکانی حیزب هێڵی ڕاست‌و چەپ بەسەر ئەملاو ئەولای خۆیاندا دێنن‌و ئەم بە کرێگرتەو ئەویتر بە بەندیخانەی عەقڵ ناودەبن، لە ئەگەرێکی لەم شێوەیەدا پارتی‌و یەکێتی ئامادەن دوای مااڵوایی‌ان لە دەسەڵات ملکەچی ئەو پەرلەمان‌و حکومەتە ئەکتیڤە دوور لە گەندەلییەبن کە نەیارەکانیان بانگەشەی پێکهێنانی دەکەن‌و هەموو لایەنە شاراوەکانی هەردوو پاراستن‌و زانیاری ڕادەستی پەرلەمان‌و حکومەت بکەن وەک ئەوەی ئێستا بانگەشەی بۆ دەکەن لە ئایندەدا لە دەزگایەکی ئەمنی هەواڵگری حکومەتدا ڕێکیانبخەنەوە، یان هەموو لایەنە دیارو نادیارەکانی دارایی‌و گومرگەکان‌و ازلێبهێنن‌و ڕادەستیان بکەنەوەو بەو ساناییە بیانخەنەوە ژێر ڕکێفی نەیارەکانیانەوە، ئەو نەیارانەی گەورەترین بیانووو چەکی دەستیان بەرزکردنەوەی دروشمی گەندەلی‌و چاکسازییە کە دیارە ئەوەی گەندەلییەکە یەخەی دەگرێت یەکێتی‌و پارتییە، ئایا ئەم دوو هێزە لە کاتی بوونی پەرلەمان‌و حکومەتێکی لەم شێوەیەدا ئامادەن هەموو ئەو کەسانەیان کە لە حکومەت کاریانکردووەو دواتر داوای لێپێچینەوەیان لێبکرێت ڕادەستی پەرلەمان بکەن‌و دەتوانن یاساییانە قبوڵی دەرئەنجامەکانی بکەن، ئایا وەک فەلاح سودانی، وەزیری بازرگانی عیراق هەوڵی هەڵهاتن‌و دەرباز بوون لە دەستی یاسا دەدەن یان هەریەکەیان دەبێتە خولەپیزەیەک‌و کەس جورئەتی لێپێچینەی ناکات.

لەبەرامبەریاندا نەیارەکانی ئەو دوو هێزە کە زیاترینی چانس بە هێزە ئیسلامییەکان(کۆمەڵ‌و یەکگرتوو)ە، ئایا دەتوانن ئەوانیش بەبێ دەمارگیرانەو هیچ وەلائێک ببنە حکومەتی خزمەتگوزاری‌و بە هۆی وەلائیان بۆ ئایین‌و حیزبەکەیان کەسیان لی غافڵ نابێت‌و ئەوانیش با نەدەنەوە بەلای قەرەبووکردنەوەی خۆیاندا لە سەر جەستەی شەکەتی حکومەت‌و پەرلەمان بە هۆی ئەو زوڵمەی کە لێیانکراوە، یان ئایا دەتوانن ببنە حکومەتێکی چالاکو کارا وەک ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکەن‌و بەنیازی خوڵقاندنینی، ئایا دەتوانن سەروەری بۆ پەرلەمان‌و حکومەت بگێڕنەوەو ئیتر پرسە نەتەوەییەکان لە ڕێگەی سیاسەتی حکومەتی هەڕێمەوە چارەسەر بکرێن، ئایا سیاسەت‌و بیرکردنەوەیان پرسی سیاسیی کـوردو شەقامی سیاسیی کـوردی ڕووەو کوێ دەبـەن‌و لە کوێ لەنگەری پێدەگرن، چ دۆست‌و لایەنگرێکی نوێ بۆ کورد دەدۆزنەوەو بیرکردنەوەو سیاسەتیان چ گۆڕانێک لە ئاراستەی سیاسەتی کوردا دروستدەکات.

هەموو ئەو پرسیارانەی لەم بابەتەدا خرانەڕوو بەشێکیان وەلامیان لەبەرچاوەو هەندێکی دیکەشیان دەبێت چاوەڕوانی ئایندە بین وەلامنبداتەوە .

Anwar_arab@yahoo.com

د.شاهۆ سەعید:

بەپلەی یەکەم ماستەرو دکتۆرام تەواوکردووە

رۆژنامە

دوای ئەوەی دەزگاکانی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نووسراوێکیان بڵاوکردەوەو ئاماژەیان بۆ ئەوەکرد کە گوایە د.شاهۆ سەعید وتەبێژی لیستی گۆڕان بەدەر لە رێنماییەکان لەخوێندنی بااڵ وەرگیراوە، ناوبراو وەاڵمی ئەو نووسراوە دەداتەوەو دەڵێت: بەپلەی یەکەم ماستەرو دکتۆرام تەواو کردووە.

لە لێدوانێکیدا بۆ سایتی (ئاوێنە) د.شاهۆ سەعید وتەبێژی لیستی گۆڕان رایگەیاند: «هەندێک لە دەسەاڵتداران گەر بۆیان بکرێت نەک خوێندن، بەڵکو هەوای وڵاتەکەی خۆشمان وەک منەت پێ دەفرۆشنەوە».

وتیشی: «ئەو نووسراوەی کە ئەوانی شاگەشکە کردووە، فەرمانێکی وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٧. بەپێی ئەو نووسراوە رێگە بە من دراوە لە وڵاتەکەی خۆم و لە شارەکەی خۆمدا بخوێنم، ئەو خوێندنەشم لەسەر حسابی کەس نەبووە، چونکە هەموو مەرجەکانی خوێندنی باڵام تێدا بووە، وەک مەرجی تەمەن، مەرجی نمرە بە پلەی زۆر باشە».

د.شاهۆ سەعید ئەوەشی وت: «بەخشینم لە رێنماییەکان تەنیا بۆ ئەوە بووە کە بۆم هەبێت لە پسپۆڕییەکی نزیک پسپۆڕییەکەی خۆم بخوێنم کە زمانی عەرەبییە، چونکە پسپۆڕیی بەکالۆریۆسەکەم شەریعە و زانستە ئیسلامییەکان بووە، ئەو دوو پسپۆڕییەش هێندە لە یەکتر نزیکن کە تا ئێستاش دەرچووی شەریعە بۆی هەیە ببێتە مامۆستای عەرەبی. ئەوکاتەش ئەو دوو پسپۆڕییە هەردووکیان سەر بە کۆلێجی زانستە مرۆییەکانی زانکۆی سلێمانی بون».

وتەبێژی لیستی گۆڕان رووبنکردنەوەی زیاتری داو ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو لە سەردەمی بەعس و لە سەردەمی دەسەاڵتی کوردیشدا بە ئیستحقاقەوە خوێندنی زانکۆیی و خوێندنی باڵای تەواوکردووە، دەڵێت: «لە بەکالۆریۆسدا لە یەکەمەکان بووم، ماستەرم بە پلەی یەکەم تەواوکردووە، بە پلەی یەکەم منافەسەی وەرگرتنم بۆ خوێندنی دکتۆرا تەواوکردووە، بەپلەی یەکەم دکتۆرا و بە پلەی ئیمتیاز تێزی دکتۆراکەم پەسەندکراوە، لە ماوەی یاسایی خۆشمدا بووم بە پرۆفیسۆری یاریدەدەر».

د.شاهۆ سەعید ئەوەش رووندەکاتەوە، کە تاکە منەتی دەسەاڵتی کوردی ئەوەیە کە «رێگەی پێداوم لە وڵاتەکەی خۆمدا بخوێنم، هەڵبەتە ئەوەش فەزڵ نییە، بەڵکو مافێکی ئاساییە، بەاڵم هەندێک لە دەسەاڵتداران گەر بۆیان بکرێت نەک خوێندن، بەڵکو هەوای وڵاتەکەی خۆشمان وەک منەت پێ دەفرۆشنەوە».

لەدرێژەی لێدوانەکەیدا د.شاهۆ ئەوەشی وت: «بەر لە من و تائێستاش رێگە بە چەندین کەس دراوە کە لە رێنمایی پسپۆڕیی ورد ببەخشرێن، ئەوەش کارێکی پێویستە بۆ لێک نزیکبوونەوەی پسپۆڕییەکان، لە زانکۆکانی دنیای شارستانیشدا پەیڕەو دەکرێت. لە کۆتاییدا دەڵێم گەر ئەوەی رۆژێک مامۆستای من بووبێتو ئەوەی رۆژێک خوێندکارم بووبێت شایەتی ئەوەم بۆ دەدات کە ئایا من بە ئیستحقاقەوە بووم بە مامۆستای زانکۆ یان نا».

بۆ بەڕێز سەرۆکی هەرێم (مەسعود بارزانی)

خوشکی من (ناهیدە حەمە سالح ڕەحیم قەرەداغی) دەرچووی کۆلیژی کارگێڕیو ئابووری لە زانکۆی سەلاحەدین، کە لە ڕۆژنامەی وڵات کاریدەکرد، لە ڕۆژی (١٩٩٧/٥/١٦) بەدەستی پێشمەرگەکانی (سوپای رزگاری)و (سوپای دوو) کە سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانن لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە گیراونو بێسەروشوێن کراون، بەداخەوە سەدان جار بە دواداچوونو پرسیارمان کردووە، بەاڵم نە ئاسایشی هەولێر نە ئاسایشی گشتییو نە فەرماندەی لەشکری کوردستانو نە هیچ لایەنێکی دی وەاڵمیان نەداوینەتەوەو.....بێوەاڵمن!!! ئێمە جەنابت (مەسعود بارزانی) بە بەرپرسیار دەبینین لەبەرئەوەی تۆ فەرماندەیی ئەو لەشکرانەت دەکرد لە (١٩٩٧/٥/١٦)ەوە تا ئێستا، هەروەها لەبەرئەوەی تۆ سەرۆکی کوردستانی دەبێت مافی هاوڵاتی بپارێزیت!!! بۆ زانینی جەنابتو هەموو هاوڵاتییانی کوردستانو دەزگا پە یوەندیدارەکانی مافی مرۆڤو دادگاکانی کوردستان، ئێمە خانەوادەی بەشێک لە بێسەروشوێنەکان لە ڕۆژی (٢٠٠٨/١٠/٥) چووین بۆ بەردەم پەرلەمانی کوردستان بە ئاگاداری ڕێکخراوەکان یاداشتێکمان دا بە پەرلەمان، بەداخەوە تائێستا هیچ وەاڵمان نەدراوەتەوە (ئەو یاداشتە کە ناوی (٦٦) کەسی بێسەروشوێنی تیایە لە ماڵپەڕی چاک نیوز بڵاوکراوەتەوە) ئایا ئێمەی جەرگسووتاو ئەو مافەمان هەیە چارەنووسی ڕۆڵەو خوشکو براکانمان بزانین؟؟؟ ئەگەر کوژراون مەیتەکانیان بدەنەوە، ئەگەر لە زیندانە نهێنییەکاندان بڕیار بدە با بە ئاشکرا دادگایی بکرێن، جەنابت ئامادەیی ئەوەت دەربڕیوەو داوا لە خەڵکی کوردستان دەکەیت دەنگت پێبدەن، ئارەزووی ئەوەت هەیە کە جارێکی دیکەش ببیت بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پەیمان دەدەیت کە چاکسازیی بکەیتو کەموکوڕییەکان چارەسەر بکەیت.

ئێمە خانەوادەی بێسەروشوێنەکان داخوازی دەکەین وەاڵمی ئێمە بدەیتەوەو چارەنووسی ونبووەکان دیاری بکەیتو تاوانباران دادگایی بکرێنو سزا بدرێن، ئەگەر جەنابتو دادگاکانی هەرێمی کوردستان وەاڵمی ئێمە نەدەنەوە، ئەوکاتە مەجبورمان دەکەن بۆ وەرگرتنی وەاڵم داوا لە دادگای فیدراڵی عێراقی بکەین.

داخوازی لە هەموو مرۆڤێکی بە ویژدانی کورد دەکەم پشتیوانی ئێمە بکەن، داخوازی لە کەسوکاری بێسەروشوێنەکان دەکەم داوای مافی خۆتان بکەن.

پارێزەر: سەمیرە حەمە سالح
ڕەحیم قەرەداغی

بزووتنەوەیەکی نوێ دەیەوێت کۆتایی بە پاوانکردنی دوو لایەنە بهێنێت

جەمال ئیختیار

لەکاتێکدا کە کوردەکان ئامادە دەبن تا لە هەڵبژاردنی (٢٥)ی ئەم مانگەدا بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکی هەرێم دەنگ بدەن، وشەی باو گۆڕانە بە مانای «چەنج».

گۆڤاری ئیکۆنۆمیست لە ڕاپۆرتێکدا دەربارەی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی هەرێمی کوردستان بڵاویکردەوە، کە وشەی (گۆڕان) لە هەرێم بووەتە شتێکی باوو لەگەڵ ئەوەشدا ناوی بزووتنەوەیەکی سیاسییە کە دەیەوێت بەسەر ئەو دوو حیزبە سیاسییەدا کە لەدوای ڕاپەڕینی (١٩٩١) هاتنە سەرکار، سەربکەوێت، یان لانیکەم ببێتە ئۆپۆزسیۆنێکی کارا لە بەرامبەر ئەواندا، هەڵبژاردنەکە بە تەوژمترین ڕووداوی دەوران زێڕینی ئێستا دەبێت، کە تێیدا کوردەکان خاوەنی ئۆتۆنۆمی بوون.

کەمپەینی گۆڕان خێرایەو ناوو لۆگۆکەی کە مۆمێکە لەسەر قوماشێکی شینی تۆخ بەخێرایی هەموو جێگایەکی داگرتووەو باڵۆنەکان، تەکسیو پاسەکان، تیشێرتو کاڵاوەکانی پێ ڕازاوەتەوە، لە کۆمەڵگەیەکدا کە تائێستاش مەحسوبیەتو ئینتمای خێڵەکی دەوری هەیە، نازانرێتو تائێستا ڕوون نییە کە ئایا ئەو پشتیوانییە دەکرێت بەدەنگ یان نا.

(گـۆڕان) دەڵـێـت: مەبەستی ئەوەیە ژیانی دانیشتوانی کوردی ناوچەکە باشتربکات، ڕەخنە لە گەندەڵیو مەحسوبیەتی یەکێتیو پارتی دەگرێت، یەکێتیو پارتی کە لەلایەن تاڵەبانیو بارزانییەوە کۆنترۆڵکراون هەرکامیان ناوچەیەکیان لەژێر دەستدایە.

یەکێکی دیکە لە دروشمەکانی گۆڕان ئەوەیە، کە ئەو دوو حیزبە بااڵدەستە شتێکی ئەوتۆیان ئەنجامنەداوە بۆ پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییەکانی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، چارەنووسی کەرکوک کە کێشەیەکی بەرچاوە لەنێوان کوردەکانو بەغدا تائێستا یەکلایی نەکراوەتەوەو حکومەتی ناوەندی کە لەلایەن عەرەبەکانەوە بە هاوبەشی لەگەڵ کوردەکان بەڕێوە دەچێت، تائێستا ڕێگەی نەداوە بە ئەنجامی ڕیفراندۆمی بەڵێندراو بۆ یەکلایی کردنەوەی چارەنووسی ئەو پارێزگایە ئەگەرچی کوردەکان زۆربەی ناوچەکە کونترۆڵدەکەن.

یەکێتیو پارتی کە سەردەمێک دوژمنی سەرسەختی یەکتربوون لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا بە هاوبەشی ئیدارەی ناوچەکەیان کردووەو ئێستاش بە یەک لیست لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداریدەکەن، بۆ ڕکابەری لەسەر (١١١) کورسی پەرلەمانو هەروەها لیستی ئیسلامییە میانڕەوەکانو حیزبە سیکوالارەکان بەشدارن، (٢٤) لیست لە هەڵبژاردنەکەدا بەشدارنو (١١) کورسی دراوە بە کەمینەکانی وەکو تورکمانو مەسیحییەکانو ئەرمەنەکان.

ڕێبەری بزووتنەوەی گۆڕان نەوشیروان مستەفا، (٦٥) ساڵ، کە بۆ ساڵانێکی درێژ کەسی دووەمی ناو یەکێتی بوو بەسەرکردایەتی جەاڵل تاڵەبانی، کە ئێستا سەرۆکی عێراقە، بەاڵم سێ ساڵ لەمەوبەر نەوشیروان مستەفا کشایەوەو وتی «ڕێکەوتنی هەمەاڵیەنەی یەکێتیو پارتی لەسەر هەموو بواریکی ژیان دەبێتە هۆی پەرەسەندنی گەندەڵی، مەحسوبیەتو زیانگەیاندن بە ژیانو بەرژەوەندی خەڵکی ئاسایی».

لەگەڵ ئەوەدا بە دەیان کەسی ڕەسمیی گەورەو کەسانی باڵا لەناو یەکێتیو هەزاران کەسی سەر بەو حیزبە پشتگیری ئەویان کردووەو زۆربەیان لەبەر پشتگیریکردنی ئەو لابراون، نەوشیروان مستەفا دامەزراوەی وشە بەکاردەهێنێت بۆ باڵوکردنەوەو پەرەپێدانی پەیامەکەیو وشە خاوەنی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە، وێب سایتێکو تەلەفیزیۆنێکی ئاسمانییە، کە بینەرو خوێنەریان زۆرە. ئەو دەڵێت کە ئێستا کاتی پلورالیزم، شەفافیەتو وەاڵمدەرەوە بوونی دەسەاڵتەو ئەگەر دەمانەوێت ئامانجو مافەکانی خۆمان لە بەغدا بەدەستبهێنین پێویستە لە سەرەتادا مالی خۆمان پاکو ڕێکبخەینەوە.

دوو پارتە دەسەاڵتارەکە بە دانانی بەرهەم سالح کە جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراقە وەاڵمیان داوەتەوە، کە ئەگەر دوو پارتەکە کۆنترۆلی دەسەاڵتیان لە دەست نەچێت چاوەڕواندەکرێت بکرێت بە سەرۆکی کابینەی داهاتوو، جێگای نێچیرڤان بارزانی بگرێتەوە کە برازای مەسعود بارزانیەوکو سەرۆکی بێ ڕکابەری خێڵەکەی.

لەسەر بنەمای ڕێکەوتنی یەکێتیو پارتی وا چاوەڕواندەکرا کە سەرۆکی حکومەت هەر دوو ساڵ جارێک بگۆڕێت، بەاڵم بەهۆی کێشەکانی ناو یەکێتی ئەوە سەرینەگرت، پێشهاتی تازە لەو بوارەدا لەدوای هەڵبژاردنەکان چاوەڕواندەکرێت، ئەگەر گۆڕان بەردەوام بێت، پێناچێت دامەزراوە کۆنەکە بۆ ماوەیەکی درێژ بمێنێتەوە.



٧/٢٥ گۆڕان دەکەین



کـلـتـووری هـەڵـبـژاردن

فەرەیدون پێنجوێنی

گـوتـاری رۆشـن، بیرکردنەوەی رۆشن، ژیاندۆستی، مەردومئامانجی، دادپـەروەریـی کۆمەڵایەتی - لەسەر هەردوو ئاستی مادیو مەعنەوی، ئەو پایە گرنگانەن کە درێژە بە مانەوەی سیستمی سیاسیو حوکمرانی دەدەن.. بگرە تەنیا پاساوێک بۆ هەبوونی سیستمی سیاسیو حوکمرانی، خودی ئەو پایانەن.

ئەگەر ئێستا لە وڵاتانی پێشکەوتووی دنیادا ئاستی هوشیاریی خەڵکو تاکەکەس ئـەوەی سەپاندبێت کە فەرمانڕەواو سیستمی سیاسی بە تـەواوی پابەندی ئەرێکردنو نەرێکردنی خەڵکبن، پێوەری خەڵکیش بۆ ئەرێکردن یان بۆ نەرێکردن، ڕەوشتی بەرزو تۆکمەی خۆیو کارو کردەوەی خزمەتگوزارانەی فەرمانڕەواو سیستمە سیاسییەکەی بێت (نەک هۆکاری دەروونـیو شەخسیی تاکەکەس)، ئەوا لە بەرهەمهێنانی میژوویەکی وەهاو کلتوورێکی وەهادا، هەم دەسـەڵاتو هەم خەڵک پێکەوە بەشداریان کـردووە... گەلانی دنیا (بە گەلی ئێمەشەوە)، بۆیە بیریان لە رزگاریی نەتەوەییو نیشتمانی کـردووەتـەوەو چوونەتە ژێـر باری ڕاپەرینو شۆڕشە خوێناوییەکانەوە، بۆ ئەوەی ژیانێکی باشترو هوشیارییەکی بەرزتر دەربـارەی سەر لەبەری ژیان بەدەستبهێنن، چونکە لە قۆناغی پێش رزگـاریـی نـەتـەوەیـیو نیشتمانیاندا دەرفەتی ئەوەیان بۆ نەڕەخساوە لەژێر سایەی سیستمێکی سیاسی دادپەروەردا ژیانیان بگوزەرێنن و بگەنە ئاستێکی بەرزو باش لە ژیانی مادیو مەعنەویو سیاسیو ڕۆشنبیریی... کاتێکیش دەرفەتی ئەوەیان بۆ ڕەخساوە ئازادیی نەتەوەییو نیشتمانی بەدەستبهێنن، هاوکات پرۆسەی ئازادکردنی عەقڵو بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاریی خۆیانیان بەرەو سەر بردووەو گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی (دەسەڵات) بە تەواوی پابەندی ئەرێکردنو نەرێکردنی خەڵک بێت، خەڵکیش لە ئەرێکردنو نەرێکردندا بۆ دەسـەڵات، بە تـەواوی پابەندی ڕەوشتی بـەرزی نیشتمانیو نەتەوەیی بێت، رێگە بەخۆی نەدات لەژێر کاریگەریی بەرژەوەندیی تایبەتیو تاکەکەسیی خۆیدا دەنگ بدات،

بەڵام ئەم کلتوورە کە هەم خەڵکو هـەم دەسـەڵات وەکـو یـەک پابەندن پێیەوە، وەک وتمان بەرهەمی ئیشکردنی هەردوو لایان بووە، جا بە چەند سالّو لە چ ڕێگەیەکەوە پێی گەیشتوون ئەوەیان باسێکی دیکەیە... ئەوەش دەزانین کە خەڵک لای ئـەوان ئـەوەنـدە خـۆی بە کەمو بە بچووک نەزانیوە پێیوابوو بێ بەشداری ئەم هیچ زیادەیەک ناخاتە سەر ئەزموونی حوکمرانیو ڕۆڵێکی نابێت لە باشکردنی ژیاندا!

هـەروەهـا (ڕۆشنبیر) لای ئـەوان ئـەوەنـدە بـچـووک نـەبـووە خـەڵک بە سووک تەماشا بکات، لەڕێی نووسینو قسەکانیەوە پێیان بڵێت: بەتەمای هیچ مەبنو خۆتان تاقیمەکەنەوە، دنیا هەر ئەوەیە کە هەیەو هیچ کردەوەیەکی گرنگ لە ئێوە ناوەشێتەوە!

لە کوردستانی ئێمەدا ڕاپەرینو رزگاریی نەتەوەیی بە باشی ئامانجی خۆی نەپێکا کە ئەمە هەم خەتای دەسـەڵات بوو هەم خەتای خەڵک خۆیشی بوو... ڕاستە ڕاپەرینو رزگاریی نەتەوەیی ئـەوەی لێکەوتەوە کە کـورد بیر لە دامەزراندنی سیستمی سیاسی بکاتەوەو بۆ پراکتیزەکردنی ئەم بیرکردنەوەیەش سالّی (١٩٩٢) دەستی بۆ باشترین ئامرازی سیاسی برد کە هەڵبژاردنە، بەڵام دواتر لە ئەنجامی یەکتر قەبوڵنەکردنی حیزبەکاندا، شەڕ قەوماو نەهامەتییەکانی شەڕەکەش بە تونـدی لەسـەری میللەتدا شکایەوە کە هەر خۆی جێبەجێکارو قوربانیی ئەو شەڕەو هەموو ڕاپەڕینو نسکۆو جەنگە ئیقلیمیو شەڕو کوشتارە ناوخۆییەکانی سەردەمی خەباتی شاخیش بوو.

پێش ڕاپەڕین، شەڕی ناوخۆ تەنیا بـە بـەرچـاوی خەڵکی گوندەکانەوە دەگـــوزەڕاو لـە سنووریکی مرۆیی تەسکتردا ئەنجامدەدراو زیانەکانیشی ئەگەرچی لـەڕووی مەعنەوییەوە زۆر گـەورەبـوون، بـەڵام لـەڕووی مـادیو بەشەرییەوە ئەوەندە گەورەنەبوون... بەڵام پاش ڕاپەڕین بە بەرچاوی خەڵکی هەموو شـارو شارۆچکەکانەوەو لە سنووریکی زۆر فراوانترداو زۆر پڕ زیانتر (هەم لەڕووی مرۆییو مادییەوە، هەم لەڕووی سیاسییەوە) ئەنجامدراو گـوزەڕا... ئەمە وایکرد میللەت لەڕووی بـیـرکـردنـەوەو هەڵسوکەوتکردنو تەماشاکردنەوە، بارگاوی ببێت بە هەمان ئەو کلتوورو بیروبۆچوونە خراپانەی کە خودی حیزبە بەشەڕ هاتووەکان لەسەر یەکتر هەیانبوو بەردەوام لەڕێی ئۆرگانە ئیعلامیو حیزبییەکانیانەوە هەناردەی ناو خەڵکی شارو دێیان دەکرد، کە هەر ئێستا خۆیان نازانن چی بکەنو چۆن بکەن، ئەو کلتوورە لەناو خەڵکانی زیانبەرکەوتوو بەڵێ، میللەت خەیاڵی هەڵبژاردنی سەرتاسەریی کوردستانی بە جۆرێک لە خۆیدا خەواندبوو و کپکردبوو، کە وامان دەزانی ئیتر هەتا هەتایە جارێکی دیکە نایبینینەوە لە کێبەرکێیەکی ڕاستەقینەی وەکو ئەوەی ساڵی (١٩٩٢)دا بە جۆشو خـرۆشـی زۆرەوە دەرکـەوێـتـەوەو بچێتەوە سەر سندوقی دەنگدانو وەکو دەڵـێـن: (شـــەڕە پـــەڕۆ) بکات، چونکە پاشتر بینیمانەوە کە چەند پەشیمانە لە بەشداریییەکەی ساڵی (١٩٩٢)ی خۆی.. بێگومان ئـەو ســەردەمـە هوشیاری دەربارەی کایەی ڕاستەقینەی دیموکراتیو هەڵبژاردنو بردنەوەو دۆڕانو دەستاو دەستکردنی دەسەڵات، لەلای ئەو، بوونی ڕاستەقینەی نەبوو، بەڵکو تەنیا لەلای نوخبەیەکی زۆر کەمی ڕۆشنبیربووننی هەبوو، ئەو نوخبە کەمەش بە کردەوە ڕێگەی چەسپاندنی ئەو ئەفکارانەی خۆی نەدەزانی، یاخود بڵێین: ڕێگەی چەسپاندنیانی نەبوو! بێگومان زۆربەی خەڵک تائێستاش لە کایەی هەڵبژاردنو دیموکراتیەت بە باشی حاڵی نییە!

ئەمە نیشانەی ئەوەیە دەسەڵات لە کوردستاندا نەک هەر نەیتوانی ئاستی هوشیاریی سیاسیو کۆمەڵایەتی خەڵک لە بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەرێمێکدا کە دەسەڵات بۆ ماوەیەکی زۆر خەڵکی لەنێوانی خۆیدا بە شەڕ دابێتو بووبێتە هۆی سەرهەڵدانی کلتووری (نالێبووردەیی)و (یەکتر قەبوڵنەکردن)و (ناجێگیریی دەروونـی)و (ناجێگیریی کۆمەڵایەتی)...

بێگومان لە حاڵەتی یەکەمیاندا هـاوڵاتـی کاتی دەنـگـدان بە تـەواوی پابەندی ڕەوشتی بـەرزی نیشتمانیو نەتەوەییەو دەسەڵاتیش بە تـەواوی پابەندی دەرئەنجامی دەنگدانەکەی ئەوە... بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا، هەردوو لا، هەم دەسەڵاتو هەم بەشێکی زۆری خەڵک، تا سالّگارێکی دیکەش گیرۆدەی ئەو کلتوورە دەبن کە زایندەی شەڕی ناوخۆو بەچکەی هۆش و گۆشی پێش سەرهەڵدانو دەرکەوتنی دیموکراتیەتی ڕاستەقینەیە.

ئـەوەتـا دەبینین ناخۆشترینو نائارامترینو بە سوێترین ڕۆژانـەی ژیانی هـەردووڵا (خەڵکو دەسـەڵات) ئەم (١٥ - ٢٠) ڕۆژەیە کە پڕوپاگەندەی هـــەڵـــبـــژاردنو خـــودی پـــرۆســەی هەڵبژاردنی تێدا بەڕێوەدەچێت... بەڵام هێشتا لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر (خەڵک)و ئیتر دەستاودەستکردنی دەسـەڵاتو ڕەخساندنی فرسەتی بەشداریکردنی ڕاستەقینە لە بەڕێوەبردنی کاروبارە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتو خەڵکی وڵاتـدا، بۆ تاکەکەسە هەڵکەوتووەکانو گروپو هێزە سیاسییەکان بۆ بەڕێوەبردنی وڵات (ئەویش نەک بەپێی پرەنسیپی مـوحـاسـەسـەی حـیـزبـیو بـەش بۆ خـۆپـچـڕیـن لـەڕێـی خۆسەپاندنی چەکدارانەو هەڕەشەی نانەوەی شەڕو کوشتار)، بەڵکو بەپێی سەرئەنجامی دەنگدانی خەڵکو هەڵبژاردنەکان.. تەنیا ئەمە ڕێگەی ڕاستەقینەی دیموکراتییەو هەڵسوکەوتو کلتووری دیموکراتی دەهێنێتە ناومانەوەو لە پرەنسیپی پەنجا بە پەنجاو ئەم ڕێژەیە دەربازمان دەکات، نەک گوتاری سیاسیی سەدبارە کراوەو هەرگیز جێبەجێنەکراو!

بەڵام ئایا تاکەی (خەڵک)ی وڵاتی ئێمەو (دەسـەڵات) لە وڵاتی ئێمەدا، لە کلتووری دیموکراتی دەسڵەمێنەوەو بە ترسەوە دەست بۆ دیموکراتی ڕاستەقینە دەبـــەن؟ تـاکـەی زۆرینـــەی خەڵکی کوردستان (لە بەڕێوەچوونی کایەکانی هەڵبژاردنو چالاکییە ڕۆشنبیریی و ڕۆژنامەوانیو کۆمەڵایەتییەکانیاندا)، دامەنگیرو ئالودەی ئەو کلتوورە دەبن کە لەپاش شەڕی ناوخۆوە بە نەستیانەوە نووساوە!

ئەی تاکەی دەسەڵات لە کوردستاندا جورئەتی نابێتو نایەوێت بچێتە ناو کایەیەکی دیموکراتی ڕاستەقینەوەو پـێـکـەوە (خـــەڵـــکو دەســـەڵات)وەهـــا ناکەن ئەم هەرێمە قۆناغی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی سەردەمی پێشوو بەجێبهێڵێت!

لێرەدائەم باسە بە نوکتەیەکی ناوخەڵک کۆتایی پێ دێنم کە دەڵێت: - (جارێکیان بە مەسئوڵێکی حکومیی خۆمانیان وتبوو: خەڵک زۆر لێتان نارازییە! ئەویش وتبووی: جاقەیچێکا ئێمە زۆر لەوان رازیین)! کەواتە نارەزایی خەڵک ئەگەر تەنیا لە سنووری نارەزاییدا بمێنێتەوە، هیچ دەسەڵاتێکی دیموکراتیو نادیموکراتی پەستو تووڕە ناکات، زیادەیەکی ئەوتۆ ناخاتە سەر کلتووری دیموکراتی،

بـەڵام ئایا ئـەم هەڵبژاردنە هیچ وەرچەرخانێک لە کلتووری سیاسیی ئێمەدا دروستدەکات، بۆ ساڵی (٢٠١٣) هەڵبژاردنی دیکەی باشتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت، وردە وردە ڕاماندێنێت لەسەر ئـەوەی هەر چـوار ساڵ جارێک وەکو وڵاتانی دنیا (دەســـەڵات) بخەینە سەر تاقیکردنەوەی گرنگو ژێـر پرسیاری دەنگدەرانەوە یان نا! ئیدی جارێ چش لە گوزەرانی باشتر!

بە ئومێدی دەستخستنەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە، پێویستە هەموو پێکەوە بچینە دەنگدانو بەشداربین لە دیاریکردنی ژیانو چارەنووسی خۆماندا....

بە دوور نازانرێت بەڕێوەبردنی ئەم پرۆسەیە لەمسالّدا ئەزمونێکی باشی لێدەرچێتو بۆ هەڵبژاردنی سەرتاسەریی ساڵی (٢٠١٣) (ئەگەر ٤ ساڵ جارێک هەڵبژاردنی سەرتاسەریی ئەنجامبدرێت) ببێتە هۆی ئەوەی لەوەو دوا میللەت لێی مەعلوم بێت کە ئەو حیزبانەو ئەو کەس‌و سەرکردانەو ئەو سیستمە سیاسییەی لە هەرێمەکەدا فەرمانڕەواییان دەکەن، تا کەی ئەوە جێگەیان دەبێتو تا کەی لەسەر حوکم دەبنو سنووری دەسەڵاتەکانیان چەندەو چۆنە!

سەرۆکی پێنەماو!

د.هەژار مەعروف



لە (٢٠٠٩/٦/٢٤)لە یاریگەی نێودەوڵەتی ـ هەولێر هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی (لیستی کوردستانی) بە ڕەسمی ڕاگەیەنراو سەرۆک تاڵەبانیو پاشان سەرۆک بارزانی هەریەکە نزیکەی (٢٠) خولەک وتاری خۆیان پێشکەشکرد، پاش ئەوەی لە نووسینی (سەرۆکی شلەژاو) کە لە (ڕۆژنامەو ماڵپەڕی سبەی‌و هاوڵاتی) بڵاوکرایەوە، ڕای خۆمم لەسەر وتارەکەی سەرۆکی هەرێم دەربڕی، ئینجا سەرەی وتارەکەی سەرۆک تاڵەبانییە. سەرەتا مام جەلال جۆرە منەتێک بەسەرماندا دەکات کە خۆی‌و بارزانی وەک هەندێک لە ڕابەرانی شۆڕشەکانی دیکەی دونیا ناکەن کە بە بەهانەی شەرعیەتی شۆڕشگێڕی هەموو مافێک دەگرنە دەستی خۆیان، بۆیە وا خێر بە گەلەکەمان دەکەن‌و مافی هەڵبژاردنمان پێڕەوا دەبینن. گەلی کورد بەو هەموو قوربانیەی کە داوێتی لە پێناوی ئازادیی‌و دادی کۆمەلایەتی، بەو خەباتە هەرگیز نەوەستاوەی کە بە ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١) تاجی سەرکەوتنی لەسەر نابوو بەهۆی گەڕانەوەی بە قەدرو حورمەتی سەرۆک بارزانی‌و تاڵەبانی‌و هاوخەباتەکانیان لە لەعنەتی تاراوگەو ئاوارەی وڵاتانەوە بۆ ئامێزی گەرم‌و بە وەفای گەلەکەیان، گەلێکی ئاوا شایستەی دیموکراتی‌و هەڵبژاردنی پاک‌و ئازادو دەستاو دەستکردنی پەرلەمانی دەسەڵاتی سیاسییە. جگە لەمەش مافی هەڵبژاردن مافێکە لە دەستووری عێراقدا هەیە، هیچ سەرۆکێک ناتوانێت کوردی عێراقی لێبێبەش بکات. بەشی هەرە زۆری مافە مادی (پارەو سامان)یەکانی کۆمەڵانی خەڵک لەژێر بەهانەی شەرعییەتی شۆڕشگێڕی بێت یا هەر بەهانەیەکی دیکە! لەلایەن پارتی بارزانی‌و یەکێتی تاڵەبانیەوە، بەتایبەتی دوای (ڕێکەوتنی ستراتیژی) نێوانیان قۆرغو زەوتکراوە. تاڵەبانی دیفاع لەخۆی دەکات‌و دەڵێت: «بێ موجامەلەو پیاهەلدان با هەموو دەنگ بدەین کە بارزانی بۆ سەرۆکی هەرێم هەڵبژێردرێت». ڕێکو ڕەوان لە وتارەکەدا هەمووی موجامەلەو پەسن‌و پیاهەلدانە بەسەر بارزانی: «جەنابی کاک، سەرۆک، ڕۆڵەی نەبەزو دلێر، پێشمەرگەی دێرین‌و ژێرو تێکۆشەر، ڕۆڵەی خۆشەویست‌و دلسۆز، چاکترین کەس....». تاڵەبانی ئازادیی بیروڕا لە هەرێمی کوردستان بە «بێوێنە» وەسفدەکات‌و ڕەخنە لەوانە دەگرێت کە «پەتەکە دەپسێنن‌و ئازادیی بە شێوەیەکی ناتەواو بەکاردەهێنن». ئەمەشیان وا نییە، هەر بۆ نموونە کوان بکوژانی (سۆرانی مامە حەمەو شێخ ستار) کە لەسەر بیروڕاکانیان کوژران؟ ئەوە تاڵەبانی‌و بارزانی خۆیانن نەک کۆمەڵانی خەڵک کە ئازادییەکی بێوێنەو موتلەقیان هەیە بەسەر هەموو جومگەو ئاستە گرنگەکانی هەموو پایە بنەڕەتییەکانی دەسەڵات (ئابووری‌و یاسادانان‌و تەنفیزی‌و دادگاکان). بە بڕیاری کام دادگا فرۆکەوانی بۆمباهاوێژی کیمیایی سەر هەڵەبجە (تاریق ڕەمەزان) ئازادکرا؟ مەگەر بە دەسەڵاتی بێوێنەو ئازادیی موتلەقی تاڵەبانی لە بڕیار دەرکردن ئازاد نەکرا؟ لە باسی هەڵبژاردنەکاندا دەڵێت: «با بە ئارامی بچێتە سەر»، بەڕاستی ئەمە زۆر کەمە، ئەو دەبوو بە دەنگێکی زۆڵاڵو ڕوون‌و ئاشکرا تکاو داوا لە لایەنگرانی لیستی کوردستانی‌و ئینجا هی هەموو لیستەکانی دیکە بکات کە بە هیچ جۆرێک پەنا نەبەن بۆ تووندوتیژی‌و هەڕەشەو پاڵو پەستان‌و گوشین‌و فڕوفێڵ. دەشێت بەهۆی ترس لە دەسەڵات‌و هەڵبژاردن بە ئارامیی بەڕێوەبچێت، بەڵام فروفێڵی گەورەی تێدابکرێت لە باسیدەکات! ئا ئەمەیە ویژدانی شۆڕشگێڕیی مام جەلال؟ ئا ئەمەیە ویقارو گەورەیی‌و سنگفراوانی ئەو بەرامبەر هاوسەنگەرانی دوێنێی خۆی کە شانازیی پێوەدەکردن؟ بەداخی زۆرەوە پەیامی تاڵەبانیش، وەک پەیامەکەی بارزانی بۆ مونافیسەکانی لە هەڵبژاردنی (٢٠٠٩/٧/٢٥)، بەتایبەتی بۆ لیستی گۆڕان ئاشتیخوازو ئارامو هاوڕێیانە نەبوو. زۆرتر حەماسی‌و عاتیفی‌و باسی خۆکردن‌و خۆپەسندان بوو: «شەرەفی گەورە»، «سڵاوێک بۆنی خوێنی شەهیدە نەمرەکانتانی لێبێت». باسی کێشە قوڵو گەورەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا (مـــادەی ١٤٠، نەوتی کـوردســتـان.... هتد) بە ڕوون‌و کۆنکرێتی نەکرد. ئەو دەربڕیایە کە بە زێڕو زۆری بارزانی لە (٢٠٠٩/٦/٢٤) بەسەر پەرلەمانی کات بەسەرچووی کوردستاندا تێپەڕێندرا، بۆ ئەمەی نەکرد؟ خۆی لێدزییەوە، چونکە ڕای لەگەڵ بارزانی لەسەر دەستوور ناکۆکەو ئەمڕۆ باسکردنی ناکۆکییەکان‌و جیاوازییەکان بڤەو قەدەغەیە؟ ئەو بە ڕوونی‌و ڕاستەوخۆ داواشی نەکرد، کە لە هەڵبژاردنەکاندا با خەڵک دەنگ بدات بە دەستوور، ئەمەی لە بیرچوو یا بە هۆشیاریی تەواوەوە نەیوت؟ لە باسی دەستووری هەرێمی کوردستاندا داهێنانێکی سەیرو عەجایبی کرد کە مەگەر هەر خۆی بزانێت مەبەستی چیبوو! ئەو مژدە دەدات بە دانیشتووانی کوردستان لە عـــەرەب‌و تـورکـمـان‌و سریانی‌و ئاشووری بەوەی کە ئینشائەللا بەپێی ئەو دەستوورە مافی نەتەویی‌و ئۆتۆنۆمی لە کوردستاندا بەوانیش دەدرێت!! ئاخر نەتەوەیی عـەرەب‌و تورکمانەکان کەی ئەوەندە بێکەس‌و دەسەپاچەو لاوازن کە پێویستیان بە مەرحەمەتی تاڵەبانی‌و بارزانی بێت؟ تاڵەبانی بە غرورو لوتبەرزیی دەسەڵاتدارێکی موتلەقی خۆرهەڵاتییەوە ناسنامەی «نیشتمانپەروەریی ڕاستەقینە» لە هاوخەباتانی پتر لە (٣٠) ساڵی دوێنێی خۆی دەسەنێتەوەو هێرش دەکاتە سەریان کە «فیشاڵو قسەی گەورەو بێسەروبەر» دەکەن. بێگومان مەبەستی لە ڕابەران‌و تێکۆشەرانی (لیستی گۆڕان)ە، ئەوانەی کە بەشداری مەیدانیی کاراو لێبڕاوی هەموو ئەو دەستکەوتانەن کە لە وتارەکەدا باس‌و شانازییان پێوە دەکات. ڕابەرانی لیستی گۆڕان کە پلەوپایەی حیزبی‌و حکومی بەرزیان هەبوو یا ئەندام پەرلەمان بوون، ئەگەر لەسەر بیروڕای جیاواز لە مام جەلال جودا نەبوونەتەوە، ئەی لەسەر چی؟ ئا ئەمەیە ئەو ئازادییە بێوێنەیەی بیروڕا کە باسیدەکات! ئا ئەمەیە ویژدانی شۆڕشگێڕیی مـام جـەلال؟ ئا ئەمەیە ویقارو گـەورەیـی‌و سنگفراوانی ئەو بەرامبەر هاوسەنگەرانی دوێنێی خۆی کە شانازیی پێوەدەکردن؟ بەداخی زۆرەوە پەیامی تاڵەبانیش، وەک پەیامەکەی بارزانی بۆ مونافیسەکانی لە هەڵبژاردنی (٢٠٠٩/٧/٢٥)، بەتایبەتی بۆ لیستی گـۆڕان ئاشتیخوازو ئـارامو هاوڕێیانە نەبوو. زۆرتر حەماسی‌و عاتیفی‌و باسی خۆکردن‌و خۆپەسندان بوو: «شەرەفی گەورە»، «سڵاوێک بۆنی خوێنی شەهیدە نەمرەکانتانی لێبێت». باسی کێشە قوڵو گەورەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا (مـــادەی ١٤٠، نەوتی کـوردسـتـان.... هتد) بە ڕوون‌و کۆنکرێتی نەکرد. ئەو پەستێکی زۆری دەستووری عێراقیدا کە لە ڕاستیدا هێشتا هەموار نەکراوەو ناکۆکی زۆری لەسەرە، بەڵام لەڕووی ئەداوناوەڕۆکەوە لە وتارەکەی بارزانی باشترو دەوڵەمەندترو ڕاستگۆتربوو، هیچ نەبێت دان بنێن بەهەڵەو کەموکورتیەکان‌و بانگی کۆمەڵانی خەڵکی کرد بۆ خەبات بۆ باشترکردنی ڕەوشی حکومەتی هەرێم.

شەکەتی‌و بێـوزەیـی لـە ئەنجامی پیریی‌و نەخۆشیی بە ئاشکرا بە جۆرو شێوەی دوان‌و فۆنیتیک‌و ڕەوانبێژیی‌و زمانپاراویی قسەکانی مام جەلالەوە دیاربوو، تانوپۆی خوتبەکەی پڕ پڕ بوو لە هەڵەو پەلە، لە هەندێک شوێندا زمانی دەگیرا یان وشەکانی تێکەڵو پێکەڵ دەکـرد، یان بیروڕایەکی لە ناوەڕستدا دەقرتان‌و نەدەهاتەوە سەری. فەرموون چەند نموونەیەک: لەبری بڵێت شۆڕشە سەرکەوتووەکەی ئێمە، دەڵێت:

(شۆڕشە سەرکەوتنەکەی ئێمە). دەڵێت: (هەمیشە بە شەرەفێکی گەورەم زانیوە....کە ڕۆڵەی دڵسۆزی نەتەوەکەمان بین، بە دڕێژایی....)، لێرا دەیقرتێنێت‌و پێمان ناڵێت بە دڕێژایی چی یان چەند. لە بری بڵێت ئێمە بەڕەنگاری دڕندەترین ڕژێم بووبوینەوە، دەڵێت (دڕندانەترین ڕژێم بەڕەنگارمان بووبووەوە). لەبری بڵێت هەڵو مەرجی تایبەتی‌و بابەتی، دەڵێت (تایبەتی‌و بایبەتی)و ئینجا ڕاستیدەکاتەوە «بابەتی». لە باسی مێژووی کوردا دەڵێت «گەلەکۆمەکێی دەوڵەتە داگیرکەرەکان‌و.... گەورەکانی دونیا» لـەدوای دەربڕینی وشـەی داگیرکەرەکان زمانی تەتەڵە دەکات‌و تۆزێ بۆی دەوەستێت‌و ئینجا دەڵێت گەورەکان، وا دیارە هەست بەو هەڵەیە دەکات کە تێکەوتووە، ئەو وەک سەرۆکی عێراق نابێت عێراق‌و ئێران‌و سوریاو تورکیا بە داگیرکەر دانێت، چونکە داگیرکەر دوژمنە، بەڵام ئەو باشترین پەیوەندی هەیە لەگەڵ سیانیان‌و سەرۆکی چوارەمیشیانە! دواتـر دەڵـێت» توانرا لە دەستووری ئەو عێراقەدا فیدرالو گەلێک لە مافەکانی مێژوویی کوردستان بچەسپێنرێت، داگیربکرێت» ئینجا بە پەلە ڕاستیدەکاتەوەو دەڵێت «داخیلبکرێت»، دەشبووایە بڵێت مافە مێژووییەکانی خەڵکی کـوردسـتـان. دواتـر لە باسی دەستکەوتی گـەورە گـەورەدا هەر لاڵ دەبێت‌و دەڵێت دەسس..کە...ئینجا دوای چەند چرکەیەک وشەی دەستکەوتەکان دەردەپـەڕی! لە باسی کەموکوڕییەکاندا لەبری بڵێت دەیسەلمێنین دەڵێت «ئێمە نایسەلمێنین.....وە من بێ پێچو پەنا پێتان دەڵێم کە کەموکورتیمان هەبووە». لە شۆڕشێکی دیکەدا لەبری بڵێت پەرلەمان دەڵێت «پەرلیوان»و نزیکەی (٢٠) چرکە بێدەنگ دەبێت، لەناو گوێگرانیەوە دەبێتە هەراو هوتاف‌و فیکەلێدان.

لەڕووی زانستی پزیشکیەوە ئەگەری ئەوە هەیە ئەو هەڵەو پەلانەو زۆری دیکەش لە بۆنەو دیـدارە ڕۆژنامەگەرییەکاندا، هەڵەنەبن‌و مام جەلال بەدەست خۆی نەبێت کە دەیانکات، بەڵکو نیشانە (symptom)و ئەنجامی بەسالاچوونی مام جەلال بێت کە بە مانای پیربوون‌و سستبوون‌و جۆرە شێوانێکی(degenrativ process) کارو فرمانی (function) مێشکی هەر مرۆڤێکی لە سەروو (٧٥) ساڵەوە بێت، چونکە بەتایبەتی تویژی دەرەوە (cerebral cortex)ی مێشکی گەورە دەوری مەزن دەبینێت لە دووان‌و دەربڕینی وشەکاندا لەکاتی قسەکردن، کە یەکێکە لە بەرزترین وەزیفەکانی میشک. بێگومان وتاری سیاسی گوتن بەرامبەر سەدان کەس‌و ڕاگەیاندن پەستان‌و گوشین‌و زەخت سـەد ئـەوەنـدە زیـاتـر لـەسـەر مێشک دروستدەکات، وەک ئەوەیە داوا لە مام جەلال یا لە هەر کەسێکی بان (٧٥) ساڵ بکەین کە وەک ئاسک لە کێبەرکێیەکی ڕاکردنی گەلێک گرنگدا بەشداریبکات کە زۆر لەویش گەنجتر بەشداربن تێیدا!

بە ڕاستی مام جەلال کە وەک بیستراوە نەخۆشیی دلیشی هەیە، ناهەقی‌و دڵڕەقی بەرامبەر بە جەستەو گیانی خۆی دەکات، زۆریش لەوانەی خۆیان پیاهەلواسیوەو دنەی دەدەن‌و هانیدەدەن کە لە مەیدانی سیاسیدا لە بەرزترین ئاستی حیزب‌و حکومەتدا دڕێژە بە کارو چالاکی خۆی بـدات، هەڵپەرستن‌و مەسلەحەت‌و سوودی خۆیان مەبەستەو بەرامبەر مام جەلال دڵڕەق‌و بێبەزەیین، ئەوان‌و مام جەلال پێکەوە بەم کارەیان لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان‌و گەلی کوردیش زوڵـم‌و ناحەقیەکی گـەورە دەکـەن! من وەکو دکتۆرێک کە زانستی کارو فەرمان (physiology)و زانستی نەخۆشیی (Pathology) مێشکی مـرۆڤ ئیشی ڕۆژانەمە، دەزانم باسی چی دەکەم.

وەک دکتۆر لە ڕووی ئینسانیەوەو وەک هاوخەباتێکی سااڵنی هەشتای مام جەلال، کە بەو شێوەیە لە کۆڕوکۆبوونەوە گشتییەکاندا دەیبینم ئەو هەڵوەستەکردن هەیەو بە گرنگیەوە دەبێت لێی بڕوانین هەماهەنگی یەکترییە لە نێوان لیستەکان بۆ زیاتر جوانکردنی بەهای دیموکراسی هەرێمی کوردستان لەلایەن میدیای خـۆرئـاوا بەگشتی‌و دەڕوپشتمان بەتایبەتی، چونکە ئەم هـەڵـبـژاردنـەی ٢٠٠٩/٧/٢٥ یەکێکە لە پرسە گرنگەکانی تاکی کـوردی‌و چاوەڕوانی گۆڕینی بنەڕەتی دەکرێت لە خۆ نوێکردنەوەی حیزبەکان‌و ئاشنایەتی کـۆمـەڵـگـای کـــوردی بـە پـرۆسـەی هەڵبژاردن‌و مۆدیلی نوێی لیستی جوداو دەنگ‌و ڕەنگی ئۆپۆزسیۆن، ئەمە ئەو هەنگاوەیە کە لەچەند ڕۆژێکی دیکەدا بەڕەو ڕووی دەبینەوەو هەناسەدانێکی بەهێزە بە لاشەی دەسەڵاتی کوردی بۆ زیندووبوونەوەو لە خەو هەستانی پەرلەمانە لەو خەونە قوڵەی دەیەوێت دەستووریکی نەگۆڕ بدات بەخۆیدا.

omerjelal@yahoo.com

کێ دەنگ بە کێ دەدات؟؟

عومەر جەلال



فـۆرمـی هـەڵـبـژاردن لـە هەرێمی کوردستاندا بە پارادۆکسیی تـەواو دەبینرێت لە ڕوانگەی دەنگدەرانی تاکی کوردییەوە، ئەویش بەهۆی ئەوەی تا هەنووکە تاکی کوردی ئەوەندەی دەنگ بە ئیرەیی‌و ڕقەوە بەکاردەهێنێت نیو هێندە بەڕپرس نییە لەو دەنگەی بەنیازە بەخودی هەمان لیست بیبەخشێت، بۆ وێنە دەشێت ئەندامگەلێکی تۆراوی نێو پارتی بەهۆی ئەو گەندەڵی‌و سستییەی لە یەکێتیدا بینیویەتی دەنگ بە لیستی گۆڕان بدات، یان هەر لیستێکی دیکە لە کاتێکدا هەر وەک چۆن ئەندامگەلێکی یەکێتی ئامادەگی ئەوەیان تێدانییە دەنگ بە مەسعود بارزانی بدەن، ئەم فاکتەرە ئەوەندەی پەیوەندی بەڕەهەندەکانی قینو ڕقەوە هەیە، نیو هێندە پەیوەندی بە ستراتیژی هاوپەیمانێتی یەک لیستی نییە لە کاتێکدا ئەندامگەلێکی ئیسلامی ئامادەگی ئەوەی تێدا دەبینرێت دەنگ بە لیستێکی جودا بدات، بەهۆی ئەوەی حیزبەکەی هاوپەیمانێتی لەتەک حیزبی عەلمانی کردووە، ئەمانەو دەیان ترسی دیکە هەیە لەوەی کە هەڵبژاردن دیوێکی دیکەمان نیشان بدات، لەوەی کە پێشبینی دەکەین، گرنگی هەڵبژاردن لەوەدایە تاکی کوردی بە هەڵوێستەیەکی نەتەوەییەوە بچێت بۆ دەنگدان، نەک ناچارکردنی لەلایەن حیزب‌و لیستەکانی دیکە.

یەکێک لـەو گەمە ناشرینەی لە بانگەشەی هەڵبژاردنی لیستەکاندا دەبینین پارە بەخشینەوەو تێکچڕژان‌و بەڵێنگەلی ناڕاستە، کە چەند ساڵێکە لەلایەن حیزبەکانەوە گوێبیستی دەبین‌و هەمیشە دەیڵێنەوە، دەشێ تا ئێرە بانگەشەی هەڵبژاردن وەک مافێکی سادەی لیستەکان کارێکی نۆرمااڵو ئاسایی بێت، بەڵام ئەوەی کە نەشیاوەو دوورە لـە بـەهـای بانگەشەکردن، هەڵڕژانی داهاتی تاکی کوردییە لە لایەن لیستەکانەوە، لیستێک ئامادەگی ئەوەی تێدابێت (٢٠٠) هەزار دۆلار ببەخشێت بە هونەرمەندێک بۆ چەند کۆنسێرتێک لە کاتێکدا ئەو هونەرمەندە ڕەتیبکاتەوە، ئایا دەبێت چەندین هەزار دۆلاری دیکە بدات بەو هونەرمەندانەی کە لە دەوری خۆیان کۆیان کردووەتەوە؟ کێشەکە لەوەدانییە کە ئەم پارە تەخشان‌و پەخشانکردنە بدەن بە هونەرمەندو ڕۆژنامەنووسی سەربەحیزب، لەکاتێدا دەیانتوانی ئەو بڕە پارە خەیاڵییە بدەن بەو گەنجانەی کە پاش خوێندن هیچ ئومێدێکیان بەژیان نەماوە، لە شەقامەکاندا لە چاوەڕوانی دامـەزراندندان بـە دەسـتـی بەتاڵ دەسوڕێنەوە؟ یان هیچ نەبوایە هاوکاری کـەسـوکـاری ســەربــەرزی ئەنفال‌و شەهیدانیان بکردایە، دەشێت زیاتر کەسیان لەخۆیان کۆبکردایەتەوە، تاکی کوردی بەڕێزەوە دەنگی بەو لیستانە دەدا نەوەک کەس نازانێک چەند ساڵێکە ئەم هەموو پارە بەخشینەوەیە لە خۆوە بۆ کێ دەڕوات؟

هەڵبژاردن وەک پنتێکی بەهێزی دیموکراسی بۆ خزمەتکردنی تاکە لە کۆمەڵگادا لەپێناو ململانێیەکی بەهێز بۆ ڕێکخستنەوەی پایە لاوازەکـانـی سیستمی دەسەڵاتە، نەک بۆ شکست‌و هەڕەشەکردن لە ئەندامان‌و لایەنگران‌و هـەواداراتـی لیست‌و قـەوارەی جودا، دەشێت ئێمە وەک نەتەوەی کورد چەمکی هەڵبژاردن بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە پرۆسەیەکی نـوێ بـێـت، تەمەنێکی کورتی هەبێت لە هەرێمی کوردستاندا، ناکرێت ئەمە بکەینە بەهانەیەک بۆ لادان لـە پـەیـڕەوی بانگەشەکردنی هەڵبژاردن‌و هێنانە ناوەوەی پشێویی‌و دڕدۆنگی، خودی پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ نوێبوونەوەو گۆڕینی ئەو سیستمە لاوازەیە کە چەند ساڵێکە چ سەرۆکی هەرێمو چ ئەندامانی پەرلەمان پراکتیزەی دەکـەن، هێنانە پێشەوەی کەسانێکی جودایە بۆ ئەو پێشهاتە کە لە ئایندەدا چاوەڕوانی دەکەین. ئەوەی پێویستی بە هەڵوەستەکردن هەیەو بە گرنگیەوە دەبێت ئەوەیە کە ئەگەر هەڵبژاردن بۆ زیاتر جوانکردنی بەهای دیموکراسی هەرێمی کوردستان لەلایەن میدیای خـۆرئـاوا بەگشتی‌و دەڕوپشتمان بەتایبەتی، چونکە ئەم هـەڵـبـژاردنـەی ٢٠٠٩/٧/٢٥ یەکێکە لە پرسە گرنگەکانی تاکی کـوردی‌و چاوەڕوانی گۆڕینی بنەڕەتی دەکرێت لە خۆ نوێکردنەوەی حیزبەکان‌و ئاشنایەتی کـۆمـەڵـگـای کـــوردی بـە پـرۆسـەی هەڵبژاردن‌و مۆدیلی نوێی لیستی جوداو دەنگ‌و ڕەنگی ئۆپۆزسیۆن، ئەمە ئەو هەنگاوەیە کە لەچەند ڕۆژێکی دیکەدا بەڕەو ڕووی دەبینەوەو هەناسەدانێکی بەهێزە بە لاشەی دەسەڵاتی کوردی بۆ زیندووبوونەوەو لە خەو هەستانی پەرلەمانە لەو خەونە قوڵەی دەیەوێت دەستووریکی نەگۆڕ بدات بەخۆیدا.

omerjelal@yahoo.com

بەشێوەیەکی عادیلانە بەسەر خەڵکی بە تواناداا دابەش ناکرێت: خەڵکی بێ توانا پۆستە گرنگەکان دەگرنە دەستەوە، ئەمە لە سەرۆکی حکومەتەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە بەرپرسی بەشێک لە یەکێک لە بەڕێوەبەرێتیەکاندا. هونەرمەندێک پاداشت دەکرێت کە رەخنەی نەبێت، باشترین نموونەش دەرکـــردنی لەسەر پۆست لابردنی هەموو ئەوانەی پشتیوانی لە لیستی دەسەڵات ناکەن.

١٦. تێکچوونی سیستمی بانکی: بانکو سیستمی ئیئتیمانی لە نزمترین ئاستی پێویستدایە.

١٧. سێنترالیزەکردنی بڕیارو داهات: هـەمـوو کـەس دەبـێـت لـە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دابمەزرێتو هەندێک تەندەریش هەیە چەند تایبەتمەند بێت یان پەیوەست بێت بە شارەکانو بەڕێوەبەرێتییەکانەوە، بەڵام لە ئاستی بااڵدا نەبێتو لە ناوەندەوە نەبێت مافی ئەنجامدانیان نییە.

١٨. کـەمـبـوونـەوەی چـاودێـری پـڕۆژە گشتییەکان: پـڕۆژە گشتییەکان سەرپەرشتی و چاودێریی ناکرێن، لە باشترین نموونەدا کاتی پێویست تەواو نابن، دوای تەواوبوون راستەوخۆ پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەیە، زۆر زیاتریان تێدەچێت لەوەی کە پێویستە...تاد

١٩. بە تایبەتکردنی پڕۆژەگشتییەکان: کەرتی تایبەتو بوژاندنەوەی کەرتی تایبەت گرنگی خۆی هەیە، لە ژیانی دیموکراسیو بەرقەرارکردنی کۆمەڵی مەدەنیدا، بەڵام تایبەتکردنی تایبەت، وەک ئەوەی هەموو پرۆژەکان بۆ چەند کۆمپانیایەک بێت ئەگەر لە پسپۆڕی کۆمپانیاکەشدا نەبێت.

٢٠. کـەمـکـردنـەوەی مـووچـەی پلەنزمەکانو گەورەیی کەڵێنی مووچە: یەکێک لە خراپیەکان ئەوەیە بۆشاییو جیاوازییەکی گەورە هەیە لەنێوان نزمترین مووچەو بەرزترین مووچەداو ئەنجامی پشتبەستن بە تاکە داهاتی وەک نەوتو دامەزراندنی زۆری خەڵک لە کەرتی گشتیدا، کەرتی گشتیی پەکخستوەو هەروەها مووچەشی کەمکردووەتەوە.

٢١.بەرفراوانکردنی دەرفەتی بەرتیل: پاش بەخشینەوەی ئەو هەموو بەرپرسیارێتییە کارتۆنییەو چارەسەرنەکردنی رۆتین پانتایی بەرتیلخۆریی بەرفراوان بووە، تارادەیەکی باش هەموو ناوەندەکانیشی گرتووەتەوە.

٢٢. مانەوەی زۆری کاربەدەست لە پۆستێکو لە ناوچەیەکدا: بووەتە هۆکار بۆ فراوانکردنی پانتایی نیپۆتیزمو کرۆنیزم.

٢٣. زیادەڕەوی لە بانگەشەی حیزبیدا: بەردەوام هەموو خەڵکو هەموو کارمەندێک بانگەشەی حیزبی پێدەکرێت، بەردەوام هەستو نەستەکانی ناچاردەکرێت ستایشی پاڵەوانەکانی حیزب بکات.

٢٤. نەبوونی حکومەتێکی ئەلیکترۆنی: بـــەردەوام لەگەڵ گەشەی کۆمەڵگەدا دەبێت تەکنیکیش پێشبکەوێت رێگەگرتن لە دامەزراندنی حکومەتێکی ئەلیکترۆنی باشترین گەواهییە لەسەر خواست بەرەو گەندەلی.

٢٥. دەوڵەمەندی لە سامانی سروشتیداو خراپی گوزەرانی خەڵک: تا ئێستاش خراپی گـــوزەرانو بەرزیی رێـــژەی بێکاریو هەژاریی یەکێکە لە سیماکانی هەرێمی کوردستان، لەکاتێکدا بودجەی سااڵنەی هەرێم لە بودجەی چەند وڵاتێکی ناوچەکە زیاترە.

٢٦. داخورانی سیستمی کۆمەاڵیەتی: هەستنەکردن بە بەرپرسیارێتی کۆمەاڵیەتی لەاڵیەن تڕۆپکەکانی دەسەاڵتەوە باشترین ئاماژەن بۆ ئەم پێوەرە، ئەمەش بەرامبەر هەموو ئەو خەڵکانە کراوە کە پێویستی تایبەتیان هەیە، بەرامبەر کرێنشین کراوە، تەنانەت شەهیدەکانیش پلەبەندو پۆلێنکراونو زۆر جیاکاریی دیکەش.

٢٧. وێناکردنی مەترسی: بـەردەوام دەســەاڵت وێنای مەترسی کـردووە لە هزری دانیشتوانەکەیدا بۆ ئەوەی پشێویی و نا ئارامیی لە دەڕوونـــی دانیشتوواندا بەرقەرار بێت، گەندەاڵخۆرییەکانیش ئاسانتر ئەنجامبدرێت.

٢٨. بەرزراگرتنی بەرژەوەندی هاوڕێ کۆنەکان: کۆنبوون کراوەتە خەسڵەتێک بۆ سرینەوەی نوێبوونو بەرزراگرتنی پاڵەوانێتی رابـردوو بۆ سەرکوتکردنی ئازایەتی نوێ.

٢٩. خێزانو خێڵگەرایی سەنتەری دەسەاڵتە: پێموایە ئەمە ڕوونکردنەوەی ناوێت.

٣٠. ئـابـووری قـرچـۆکو سیستمی ئابووری شەراکەتی خزمو خێزان: تێکڕای کەرتە ئابوورییەکان خەسێنراونو شیرینی پرۆژەو شەریکی لە پرۆژەدا لەسەر بنەمای خزمایەتیو ناسیاویو پاشان ئینتیمای حیزبیو ئینتیمای شەخسی بۆ دەسەاڵتدار.

٣١. داڕووخانی ئەخاڵقی کۆمەاڵیەتی: تێکڕای پەیوەندییە کۆمەاڵیەتییەکان لە پەیوەندی هاوسۆزییو پشتیوانیەوە بوونەتە پەیوەندی بەرژەوەندییو پەیوەندی خۆپەرەستی.

٣٢. دابەزینی ئاستی زانستی: بەشی هەرەزۆری توێژینەوە زانستییەکانی زانکۆ لەدوو چاخانەی سلێمانیو هەولێردا بەپارە دەنووسرێن.

٣٣. جیاکاریی لەسەر بنەمای خێڵ، ئەتنیک، یـان پارتی سیاسیی: هەرسێ جیاکارییەکە هەیە نەک بە تەنیا لە بۆ خەڵکە زیندووەکە، بەڵکو بۆ مردووەکانیش هەمان جیاکاریی دەکرێت، ئەگەر بڕوانینە مووچەی شەهیدانو ئارامگای شەهیدانو دامەزراندنی فەرمانبەر لەسەر بنەمای خێڵو خوێن...تاد.

٣٤. هاوپشتیووانی خێڵەکی: بە هیچ شێوەیەک ناتوانرێت خەڵکێک سزا بدرێت کە هاوپشتیوانییەکی گەورەی خێڵەکی لە پشتەوە بێت.

٣٥. کەمیی ژمارەی ژن لە دەسەاڵتدا: ژمارەی ئەو ژنانەی لە ناوەندەکانی بڕیاردان زۆر کەمنو ئەوانەی کە دەسەاڵتیشیان هەیە دەسەاڵتێکی کارتۆنییە.

ئینجا بەپێی ئەم (٣٥) پێوەرە جیهانەیە هەرێمی کوردستان گەندەلییەکی ئێجگار زۆر لە سیستمەکانیدا هەیە، لە هیچ وڵاتێکی دونیادا ئەگەر تەواو گەندەڵیش بێت، نییە هەر (٣٥) پێوەرەکەی گەندەڵی بەسەردا بەرجەستە ببێت، بەڵام لە کوردستاندا هەر (٣٥) پێوەرەکە بەرجەستەدەکرێت.

«ئاگادارییەک لە ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانییەوە

تەندەری ئامادەکردنی تەندەرو دیزاین وەک پرۆپۆزل بۆ نۆژەنکردنەوەی دیوی ناوەوەی نهۆمی زەمینیو یەکەمی تەلاری ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی.

ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی بەنیازە دیوی ناوەوەی نهۆمی زەمینیو یەکەمی بینای ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی دیزاین بکاتەوەو بەو گوێرەیە سەر لە نوێ نۆژەنی بکاتەوە.

بۆ ئەو مەبەستە ژوورەکەمان ئاگاداری سەرجەم کۆمپانیاکانی راوێژکاریی ئەندازیاریو نوسینگەکانی ئەندازی دەکات کە سەردانی ژوورەکەمان بکەن بۆ کڕینی تەندەر لە بەشی ژمێریاری بەم مەرجانەی خوارەوە:

١ـ کۆمپانیا یان نوسینگەی ئەندازیاری دەبێت تۆمارکراو بێت و بەڵگەنامەی تۆمارکردنی بخاتەڕوو بۆ ژوورەکەمان.

٢ـ کۆمپانیا یان نوسینگەی ئەندازیاری ئەزموونی هەبێت لەو بوارەداو بەڵگەنامەی پێویست پێشکەش بکات لەگەڵ گێرانەوەی تەندەردا.

٣ـ نرخی تەندەر (١٥٠٠٠) دینارە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی.

٤ـ مەرج نییە تەندەر بۆ کەمترین نرخ دەرچێت.

٥ـ دواڕۆژ بۆ گێرانەوەی تەندەر بەروارێ (٢٠٠٩/٨/٢) کاتژمێر (١١)ی پاش نیوەڕۆ.

خاوەرزکی احمد
بەڕێوەبەری گشتی ژووری بازرگانیو پیشەسازی

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی داد
دادگای باری کەسیەتی سلێمانی
ژمارە: ٢٤٩٢/ش/٢٠٠٨
رۆژ: ٢٠٠٩/٧/٨
(ئاگانامە)
داواکار: ـ ڕێزان کمال محمد
داوالێکراو: ـ گوڵەباخ صالح محمد
داواکار (ڕێزان کمال محمد) داوایەکی بە ژمارە (٢٤٩٢/ش/٢٠٠٨) لەم دادگایە تۆمار کردووە لەسەرت، وە لەم داوایەدا هاتووە کە داواي (نفی نسل)ی ئەو دوو منداڵە بەناوی (نەواز سولسینە) وە (إثبات النسب)ی لەخۆی.
وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت، دادگا بڕیاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانەوە بۆ ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی کە دەکەوێتە بـــەروارى (٢٠٠٩/٨/٩) سەعات (٩:٣٠)ی سەرلەبەیانی، بە پێچەوانەوە ئامادە نەبن خۆتان یان ریکارێ نەنێرن ئەوا دادگا داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا.
داوالێکراو: گوڵەباخ صالح محمد
دادوەر
عمر أحمد محمد

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سلێمانی
ژمارە/ ٢٠٠٩/٥٧٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٧/١٢
ئاگاداری
بۆ داوالێکراوی جێبەجێ کردن (أوات أحمد معروف) کە تائێستا شوێنی دانیشتن و نیشتەجێبوونت نادیارە ئاگادارتن دەکەین کە خاوەن قەرز (اراس نوری أحمد) گرێبەندی هاوسەریەتی ژمارە (٢٠٢/م ش/٩٨١) لە ١٩٨١/٤/١ جێبەجێ کردووە لە دواین جیابوونەوەی لێت بەپێی بڕیاری دادگای باری کەسیەتی ژمارە (٢٩٥٣/ش/٢٠٠٨) لە ٢٠٠٩/٦/٨ وە بەو پێیە پابەندکراویت بە دانەوەی بڕی (٥٠٠) لیرەی ڕەشاوی کە ئەکاتە بڕی (١٣١,٢٥٠,٠٠٠) سەدو سیو یەک ملیۆن و دووسەدو پەنجا هەزار دینار وەک مارەیی پاشەکی خاوەن قەرز پاش ئاگادارکردنەوەت بە جێبەجێ کردنی گرێبەندی هاوسەریەتی ژمارە (٢٠٠٩/٥٧٩) لە ٢٠٠٩/٧/٧ کە تأکید لەو لایەنە دەکاتەوە کە شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە لەم کاتەدا.
بۆیە ئاگادارت دەکەینە لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە کە لە ماوەی (١٥) پانزە ڕۆژدا کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دووەمی بااڵوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە ڕۆژنامەدا بەدانەوەی ئەو بڕە قەرزەی کەوتۆتە ئەستۆت بە پێچەوانەوە کاری یاسای بەرانبەرت دەکرێت بەپێی ئەحکامی ماددەی (٢٧) لە یاسای جێبەجێ کردن.
جێبەجێکاری داد/ ١
کامل تۆفیق سعید

ئەنجومەنی دادوەری
ژمارە/ ٦٦/کشف تسجیل/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٦/٢٢
ئاگاداری
داواکاری کەشف/ فلاح حسن محمد بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای فلاح حسن محمد لە سەرو کارەکەیەوە بۆ داوا لەسەرکراوی کەشف/ ریموند عازار
ئەم دادگایە لە بەرواری ٢٠٠٩/٦/١٤ بڕیارێکی دەرکرد بە جێبەجێ کردنی باری ئێستای ئەو کارانەی کە کراوە لە پـرۆژەی گوندی لوبنانی کە لە کۆنوسی کەشفی بەرواری ٢٠٠٩/٦/١١ و ڕاپۆرتی شارەزای دادوەری کە لە بـەرواری ٢٠٠٩/٦/١٤ ئاماژەیان بۆ کراوە، وە لەبەر ئەوەی ئێستا شوێنی دانیشتنت نادیارە ئاگادارت ئەکەینەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆ کە لە ماوەی ١٥ ڕۆژدا بڕیارە لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوبکرێتەوە کە لە ماوەی ٩٤ ڕۆژدا بێت لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بڕیارەوە بەرپرسیارێتی ئەو کارانە دەکەوێتە ئەستۆی خۆت و ئەگەر بەم ماوەیە وەاڵمت نەدایەوە ئەوا دادگا بڕیار دەدات بەو کارانەی کە کراوە لە بەرژەوەندی داواکاردا.
دادوەری یەکەم
خدر حسن محمد



(ئەی بەندەری دۆست، ئەی کەشتی دوژمن) نوێترین دیوانە شیعری بەختیار عەلی بااڵوکراوەوە، شوێنی دابەشکردنی ئەم کتێبەو نوێترین کتێبی کوردی/ سلێمانی: شەقامی پیرەمێرد، کتێبخانەی ئەندێشە. هەولێر: بەرانبەر ئۆتێل شیراتۆن، پشت بارەگای حیزبی شیوعی، ناو سەنتەری ئااڵ، کتێبفرۆشی ئااڵ. رانیە: فلکەی هیوا، کتێبخانەی ئەندێشە. کەاڵر: بازاری کوێستان، کتێبخانەی خاک
هەرزانترین نرخ، نوێترین کتێب لە لقەکانی کتێبخانەی ئەندێشە لەشارەکانی کوردستان: ٠٧٧٠١٩٢٢٢١٩ - ٠٧٥٠١٠٢٦٤٠٠

خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر:
عەدنان عوسمان
ednan.rozhnama@yahoo.com - adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین
ئاودێر شێخ عومەر
awder.sh.omer@gmail.com

دەستەی نووسەران
سیروان ڕەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
فازڵ نەجیب ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
فرمان عەبدوڵڕەحمان ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
ئیبراهیم عەلی ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ - ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

دابەشکردن: کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠
ئۆفیسی سەرەکیی: سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی
ئۆفیسی هەولێر: شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چواڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

گەندەڵی و ئەخلاق... چەمکو چارەنووس

سۆران عەبدولقادر کۆستە



گەندەڵبوون: بریتییە لە کاریگەری گەندەڵی لەسەر ژیانی کۆمەڵە خەڵکێک کە پێوەکە دەژین.

گەندەڵکار: ئەو کاراکتەرە بکەرەیە کە بە کردەی گەندەڵخۆری هەڵدەستێت.

گەندەڵی: بریتیە لە رەوشێک کە کۆمەڵگەیەک بەهۆیەوە بە ژیانێکی گەندەڵدا گوزەردەکات و توانا گشتییەکان بەفیڕۆ دەچن.

گەندەڵێکراو: ئەو کەسەیە یان ئەو شوێنەیە کە کردەوەی گەندەڵی بەرامبەر دەکرێت.

گەندەڵخۆر: ئەو کاراکتەرە بکەرەیە کە لە هەژموونی دەسەڵاتێکی گەندەڵکاردا بەرهەڵستی کردەی گەندەڵی ناکات و لە هەندێک باردا لێی سوودمەند دەبێت.

کاتێک کە گەندەڵی لە کۆمەڵگەیەکدا هەبوو، ئەوا هەریەک لەو پێنج زاراوەیە ئامادە دەبێت، گەندەڵی دیاردەیەکە تووشی سیستم دەبێت، نەک دیاردەیەکی تەنیا تاکەکەس و تاکە گروپ، واتە گەندەڵی تووشی سیستمی سیاسی، سیستمی پەروەردەیی یان سیستمی کۆمەڵایەتی...تاد دەبێت. کاتێکیش گەندەڵی تووشی سیستم دەبێت، ئەوا ناتوانین بڵێین ئەو سیستمە بەشێکی ڤایرۆسی گەندەڵی لێیداوە، بەڵام بەشەکەی دیکەی سەڵامەتە، چونکە سیستم بە هەموو بەشەکانیەوە بە یەکەوە کاردەکات، خۆ ئەگەر وا نەبێت، ئەوا یان سیستم نییە یان بەشێک نییە لە سیستمێک. زۆرن ئەوانەی دادو بێدادیانە لە نەبوونی سیستم، بەپێی نەبوونی سیستمیش بێت دەبێت ئیمە دووچاری گەندەڵی نەبینەوە، بەڵام لەڕاستیدا ئیمە سیستممان هەیە، بەڵام سیستمێکی دواکەوتوو کە بێ بنەماو ستراکچەرەو پڕە لە گومان، ئەمەش هۆکارە بۆ نادیاریی سیستمەکە.

-٢

ئەوەی لە ئەخلاقی کەسێک، دامەزراوەیەک یان کۆمەڵگەیەک دەکۆڵێتەوە بە ناچاریی بە دوای فەزیلەتو رەزیلەتکەیدا دەگەڕێت، فەزیلەتو رەزیلەتیش لە نۆرم و بەهاو بیروباوەڕو سیمبول و قەدەغەکراوەکانی کلتووردا بەرجەستەدەبن و پێیان دەزانرێت. کەرەستەی بنەڕەتی ئەخلاق بیروباوەڕو بەهایە، ئەو رەوتەش کە ئەخلاقی تێدا دەناسرێتەوە حوکمدانە، بە واتای judgment ، حوکمدان لەسەر راستو هەڵە، باشەو خراپە، خێرو شەڕ، هەروەها حوکمدان بۆ هەڵسەنگاندنی کردەوە. فەزیلەت وەک: راستگۆیی و بەخشندەیی و عادلبوون...تاد، لە مەودای پەروەردەو مەعریفە دەرناچێت. فەزیلەت یەکێکە لەو پێکهێنەرە سەرەکیانەی مۆراڵ کە باشەو خراپەی تێدا بەرجەستەدەبێت، واتە ئەگەر مرۆڤ لەسەر فەزیلەت پەروەردەکرابێت یان هێندە لە مەعریفەدا دەوڵەمەندبێتو بە ئاسانی راستو هەڵەکان وەک خۆیان لێکجوودا بکاتەوە، ئەوا لەڕەزیلەت دوور دەکەوێتەوە، بەڵام کاتێک لەسەر بەرژەوەندی کورت مەوداو تاکە کەسی پەروەردەکرابێت، ئەوا لەڕەزیلەت نزیک دەکەوێتەوە.

پرسی ئەخلاق بە ئەندازەی جیاواز بۆ تێکڕای کۆمەڵگە گرنگە، بەڵام گرنگترینیان دەسەڵاتە کە پێویستە بەردەوام ئەخلاقی خۆی بخاتە ژێر پرسیارەوە، چونکە دەسەڵات بەردەوام مامەڵە لەگەڵ داودەریدا دەکات. واتە ئەگەری داخوراندنی ئەخلاقی بە بەردەوام ئەگەری ناعادلی دەسەڵات دەکاتە ترسێک لەسەر کۆی کۆمەڵگە. بەپێی ئەو بە دواداچوون و راپۆرتە جیهانیانەی لەسەر هەرێمی کوردستان و عێراقیش هەن لە چەند ساڵی رابردوودا، بەپێی ئەو رەوشی ژیانەی خەڵکی کوردستان هەیبووەو بەپێی ئەو دەستکەوتە کلتووریی و مێژوویانەی خەڵک بەدەستیهێناوە، هەرگیز مۆراڵ، واتە ئەخلاقی دەسەڵات، لەژێر پرسیاردا نەبووە، چونکە بڕگەکانی رەزیلەت لە بڕگەکانی فەزیلەت زیاترن و خۆپەرستی تەواو بالی کێشاوە بەسەر خۆنەویستیداو ئەمەش پێوەرێکی راستەوخۆو بەرچاوی پرسی داخورانی بنەما مۆرالیەکانە لە تەواوی پانتاییەکانی دەسەڵاتدا.

باسمان لە پەروەردەو مەعریفەکرد، کاتێک دەسەڵات لە رووی ئەخلاقییەوە خۆی ناخاتە ژێر پرسیارەوە، ئەوا پەروەردەی کۆمەڵگەو مەعریفە روو لە هەرەسدەکەن، هەر بۆیە دەبێت دەستەبژێرو خەڵک بەم کارە هەستنو پرسیاربکەن... پرسیارنەکردنەوە ئەو کەموکورتییەیە کە بەردەوام شۆڕشو حوکمو سیستمی کۆمەڵایەتی بەرەو هەرەس بردووە، هەرس چەندبارە دەکاتەوە، لەگەڵ پەروەردەو مەعریفە رووەو لێژیو خلبوونەوەبوون داخورانی مۆرالێ زیادەکاتو هەرەس دەبێتە کلتوور. لە چوارچێوەی سیاسەتدا شتێک هەیە پێی دەوترێت حوکمڕانیو حوکمکردن، کە سەرچاوەکەی بۆ حیکمەتو لێوەشاوەییو مەعریفە دەگەڕێتەوە، لە سەردەمی ئەفلاتوونەوە تا ئەمڕۆ گفتوگۆ لەسەر ئەوەیە خەڵکی ژیرو خاوەن مەعریفە حوکمبکات، چونکە بە تەنیا ئەمجۆرەی خەڵک پڕ پرسیارەو سنوورەکانی رەزیلەت دەشکێنێتو توانای ئەوەی هەیە ئەخلاقی خۆی بخاتە ژێر پرسیارەوە. حاکم نەگاتە ئاستە بەرزەکانی فەزیلەت ناتوانێت عەدالەت بەرقەرارببکات، بۆیە ئاستەمە چاکسازیی بە بڕیارێک بێت لە حاکمێکەوە بە دڕێژایی تەمەنی نەیتوانیبێت لە فەزای فەزیلەتو لێبووردەییو خۆنەویستیدا چێژی لە ژیانی بینیبێت. ئاستەمە حاکمێک هەموو مەحکومەکانی بە هیچ و بە نەفامو بەیاغنیش بزانێتو بتوانێت مۆرالی سیاسی خۆی بە دوور لەگەندەڵی بگرێت.

ئارگیومێنتی ئێمە ئەوەیە کە دەڵێین ئەگەر حاکم (تێبینی: مەبەستمان لە دەسەڵاتدارە، ناتوانین بڵێین بەرپرس، چونکە بەرپرسیاربوون کارێکی قوورسە، دەکرێت کەسێک حاکم بێت، بەڵام بە بەرپرسیارێتیەوە مامەڵە نەکات)، لە بەرپرسیارێتی دەرچوو پاشان حیکمەتی دۆڕاند، ئەوا سیستم تووشی گەندەڵی دەبێت، چونکە گەندەڵی سیستم لە سەرەوەڕا بۆ خوارەوە دەچێت. ئەگەر حاکمیش خاوەنی فەزیلەتەکانی داودەریو خۆنەویستیو بەرپرسیارێتیو راستگۆیی...تاد بێت، ئەوا ئەخلاقی حوکمڕانی بە هەمیشەیی لەژێر پرسیاردا دەمێنێتەوە. بەڵام کاتێک گەندەڵی سیمایەو بە ئاسانی پێوانەدەکرێت، کەواتە نەبوونی عەدالەت بەرقەرارە، کەواتە فەزیلەتو ئەخلاقی حاکم لەژێر پرسیادا نییە.. لەمەش مەترسیدارتر ئەوەیە کاتێک خەڵک لەرێگەی راگەیاندنەوە گوشار دەخاتە سەر مۆرالێ پنتەکانی بەرپرسیارێتیو گوێی لێناگیرێت، باشترین ئاماژە بۆ گوێنەگرتن ئەو هەموو تۆمەتە ئەخلاقییەیە کە بۆ رۆژنامەنووسو میدیاکانی دروستدەکەن، بە واتایاکی دیکە خەڵک ئەخلاقی دەسەڵات دەخاتە ژێر پرسیارەوە، بەڵام دەسەڵات هێشتا لەم بەرپرسیارێتییە بپاکە. کەواتە دەسەڵاتو کاراکتەری مۆرالی دەسەڵات گرفتێکی گەورەی تێدایە، ئەوەش یان مەعریفەی لاوازەو لە ئاست وەڵامی پرسیارەکاندا نییە، یان پەروەردەی لاوازەو لە ئاست رەفتارەکاندا نییە. ئەم پێگەیە بەسە بۆ شەرعیەتی گۆڕین، تا بتوانرێت لەرێگەی نوێبوونەوەو بەشێکی گەورەی گرفتی مۆرالی چارەسەربکرێت کە بەهۆیەوە دەتوانرێت لەخەمەکانی گەندەڵی قورتارمان ببێت.

-٣

گەندەڵی بە چەندین شێوە باسی لێوە دەکرێت: پانتاییو چۆرەکانی گەندەڵی، کردەو رەفتارە گەندەڵکارییەکان، هەروەها پێوەرەکانی گەندەڵی. قسەی باو دەڵێت: «حکومەتی هەرێمی کوردستان گەندەڵەو هەموو کەس ئەم راستییە دەزانێت»، ئەم ئاخافتنە دەتوانرێت بکرێتە یەکێک لە پێوەرەکان، بەپێی پێوەری بانکی جیهانی ئەگەر رێژەیەکی بەرزی دانیشتووان باوەڕیان وابوو حکومەت گەندەڵە، ئەوا دەبێت لێپێچینەوە لەو دەسەڵاتە بکرێت. سەلماندنو زانستیکردنەوەی ئەم تێڕوانینە جەماوەرییە پێویستی بە تیۆرو گریمانەو بەڵگەهێنانەوە هەیە، بۆ ئەوەی بتوانرێت چارەسەربکرێت. لەکوردستاندا دەبێت بەدوای پانتاییو جۆرەکانی گەندەڵیدا بگەڕێین کە کایە سیاسیو ئیدارییەکانو کایە کۆمەڵایەتیو ئەخلاقییەکانو کایە مەعریفیو زمانەوانییەکان دەگرێتەوە:

١. گەندەڵی سیاسیی لە کوردستاندا بەرقەرارە، بەدەڵالەتی دەستێوەردانی حیزبە باڵادەستەکان لە کاروباری حکومەتو بە پێوانەی رادەی بەرزی نیپۆتیزمو کرۆنیزم، ئەمە جگە لە بەرتیلی سیاسییو رەفتارەکانی دیکەی گەندەڵخۆریی.

٢. گەندەڵی ئیداریی لە کوردستاندا بەرقەرارە، بە دەڵالەتی ئاڵۆزی رۆتینو بێلایەن نەبوونی رۆتین لە تێکڕای دامەزراوەکاندا بە پێوانەی زۆری سیستمی واستەو بەربڵاوی بەخشیشو شیرینیو دزیو لێنەپرسینەوە.

٣. گەندەڵی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا بەرقەرارە، بە دەڵالەتی نەبوونی سەپەرشتی کۆمەڵایەتی بۆ کەمتواناو نەدارو پەککەوتووەکانو نەبوونی لایەنی کەمی پێداویستییەکان کە لە جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤدا هاتووەو بە پێوانەی بەرزبوونەوەی رێژەی تەڵاق خراپی سیستمی تەندروستیو پەروەردەیی.

٤. گەندەڵی ئەخلاقی لە کوردستاندا بەرقەرارە، بە دەڵالەتی بازرگانی بە مرۆڤەوە بەشداری لە تاوانی رێکخراوداو بە پێوانەی بەرزبوونەوەی لە شفرۆشیو رێژەی ژنکوژیی، بە پێوانەی بەرزبوونەوەی رێژەی بێکاریو رێژەی کارگوزاری بیانی لە کەرتی پاککردنەوەدا لە یەککاتدا، هەروەها بەرزبوونەوەی ئاڵودەبوون بە مادە بێهۆشکەرەکان.

٥. گەندەڵی مەعریفیو زمانەوانی لە کوردستاندا بەرقەرارە، بە دەڵالەتی دابەزینی ئاستی زانکۆو پەیمانگاکانو لاوازیی زمانی ئەدەبیو زانستی لە تەواوی تێکستو نووسینو بەرهەمەکاندا، بە پێوانەی پاترۆنەیجکردنی هونەرمەندە بێبەهرەکانو سێنترالیزەکردنی دەسەڵاتی زانستیو زمانەوانی لە دەست کۆمەڵە خەڵکێکدا کە لەڕووی پێگەیشتنەوە نەبەکامن.

لە هەریەکێک لەم پانتاییانەدا، بەرتیلخۆریی بەڕێوەدەچێت مامۆستای زانکۆ دەبێتە ئەندامی ناوچەو کۆمیتە بەرامبەر دەرچواندنی خوێندکارو کوڕو کچی حاکمەکان، شیرنی گومرکو نەوت، فرۆشتنو بەکرێدانی مولکەکانی میری... کردەو رەفتارێکی دیکە پاوانکاریە کە لە دیاری وەرگرتنەوە دەستپێدەکات، تا دەگاتە پاوانی زەویو زارە گشتیەکان بەبێ ئەوەی گوێبدەنە سیمای شارو ستراتیژە نیشتمانیەکان... بە کورتی هەشت کردەوەو رەفتاری گەندەڵکاریی هەیە، هەر هەشت جۆرەکەی لە کوردستاندا بەرقەرارەو هەموو ئەم کردەوانەش لە تێکڕای پانتاییەکاندا پیادەدەکرێت. هێشتا ئەمانە بەس نین بۆ سەلماندنی گەندەڵی، بەڵکو چەند پێوەرێکمان هەیە، کە ژمارەیان (٣٥) پێوەرە، ئێستاش بەوپێوەرانە گەندەڵی دەسەلمێنین:

١. قەیرانی دەستکەوتنی زانیاری: یەکێک لە کەموکورتییەکانی ئەم تۆژینەوەیەی من نەبوونی زانیاریی و داتای پێویستە، کە لە هەموو کوردستاندا بگەڕێیت ناتوانیت زانیاری دروستت لەسەر بەرپرسان دەست بکەوێت، باشترین نموونە تائێستاش وەزیری دارایی نازانێت مووچەی سەرۆکی هەرێم چەندە.

٢. کەمبوونەوەی شەفافیەت: تائێستاش کەس نازانێت بڕیار چۆن دەدرێت، بۆ کەس ڕوونەکراوەتەوە پەیوەندی باشی نێوان هەرێمو تورکیا بۆچی باش دەبێت یان بۆچی خراپ دەبێت..تاد.

٣. کەمبوونەوەی ئازادی رادەربڕینو ئازادی رێکخراوبوون: هەندێک رێکخراو هێشتا دەستەی دامەزراندنیان نییە، مۆڵەت وەردەگـرنو هەندێکی دیکەش زیاتر لە سێ ساڵیان دەوێت بۆ مۆڵەت وەرگرتن، رۆژنامەنووسو نووسەر دەکوژرێنو هەڵدێن لە وڵات..تاد.

٤. میدیای ئازاد بەرتەسک دەکرێتەوە، تائێستاش نەتوانراوە تەلەفزیۆنێکی بێلایەن لە کوردستاندا هەبێتو بەشی هەرەزۆری کەناڵە ئەهلیو ئازادەکانیش ناتوانن جگە لە سلێمانی لە ناوچەکانی دیکەی بارەگاو دامەزراوەی باشیان هەبێت.

٥. کەمبوونەوەی کاریگەری میدیای ئـازاد: بە درێـژایـی تەمەنی حکومەتی کوردستان هێندەی ئەم چەند ساڵەی دوایی ڕووبەڕووی رەخنە نەبووەتەوە، بەڵام بە هیچ شێوەیەکیش گوێ لەڕەخنە ناگرێتو بەکاری ناهێنێت بۆ خۆ چاککردن.

٦. خراپبوونی سیستمی لێپرسینەوەی ژمێریاریو ناڕوونی کاتە دارایەکانو دواکەوتنیان: هەرگیز بودجەو لێپرسینەوە لەکاتی خۆیدا ئەنجامنەدراوە بە دڕێژایی تەمەنی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٧. نەمانی کۆنـتـرۆڵـی حکومەت: دانیشتووانی هەرێمو دەرەوەی هەرێمیش هەر سەرپێچیەکیان بوێت دەیکەن ئەگەر پشتیوانێکیان لەناو حیزبداهەبێت،لەلایەکی دیکەوە هاوڵاتی بە ئاسانی ناتوانێت داوای مافەکانی خۆی لە دەسەڵاتداران بکاتەوە، واتە حکومەت توانای بەسەر دەسەڵاتدارانی خۆیدا نییە.

٨. بەرتەسککردنەوەی پـەراوەی دیموکراسی: بەردەوام حکومەتی هەرێم دەیـەوێـت دەسـەڵات بخاتە سەرجەم کایەکانەوە لەرێگەی کۆمپانیاکانی هەردوو زلحیزبی بـاڵادەسـتـەوە، سەندیکاکان داگیردەکرێن، هەڵبژاردنی خوێندکاران... تاد.

٩. کـەمـبـوونـەوەی رێـکـخـراوە مەدەنییەکان: رۆژ لە دوای رۆژو پاش وشکهەڵاتنی داهـاتـو کۆمەکی بیانی، رێکخراوە مەدەنیە سەربەخۆکان ژمارەیان کەمدەبێتەوەو رێـژەی تەسلیمبوون بەدەسەڵاتی دوو زلحیزبەکە زیاددەکات، لە کۆی (٧٧٢) رێکخراوی مەدەنی (٦٨٧) رێکخراو یارمەتی لە یەکێتی نیشتمانیو پارتی دیموکراتی کوردستان وەردەگرێت.

١٠. کەمکردنەوەی قورسایی دەنگی دەنـگـدەر: بـەهـۆی ئـەو هـەمـوو فێڵو تەڵەکەیەوە کە لە ماوەی رابردوودا هێزە دەسـەڵاتـدارەکـان پەیڕەویان کـردووە، کاریان لەسەر کەمکردنەوەی قورسایی دەنگی دەنگدەرکردووە لە هەڵبژاردنەکاندا.

١١. لاوازیـی رۆڵـی یاسا: بەرتیلی سیاسییو لایەنداری سیاسیی ناوەندەکانی دادوەری کاریگەری لەسەر پرسی دادوەری هەیە.

١٢. ناپسپۆڕی یاساو کارمەندانی یاسایی: لە باشترین نموونەدا، خوێندکار لەرێگەی خوێندنەوە فێری زمانی عەرەبی نابێتو تائێستاش پەروەردەو فێرکردنی یاسایی سەرجەم بە زمانی عەرەبییە، تەنانەت بەشێک لە نامە یاساییەکانی دادگاکانیش بە زمانی عەرەبی بەڕێوەدەچن. بەم پێیەش ناوەندەکانی یاسا پڕکراوە لە خەڵکی نەشارەزاو لایەندار.

١٣. سیستمی دادوەریی سەربەخۆیی خۆی لەدەستداوە: مەگەر بۆ دەرمـان بگەڕێیت لە هـەردوو ناوچەی سەوزو زەردا، ئەگەرنا یەک دادوەریش نابینیتەوە لەڕووی بێلایەنی سیاسییەوە بێلایەنو سەربەخۆ بتوانێت بانگەشە بۆ عەدالەتی خـۆی بکات، لـەو نموونەیەش باشتر لاوازیی رۆڵی داواکاری گشتییە لەنێوەندە دادوەرییەکاندا.

١٤. نەمانی ئاسایش بۆ بێدەنگی شکێنەکان: هەموو ئەوانەی دەیانەوێت بێدەنگی بشکێنێتو هێزێکی ئۆپۆزسیۆن بنو پەردە لەسەر راستییەکان هەڵدەنەوە دووچاری هەڕەشەو گرتنو کوشتن ...تاد دەبنەوە.

١٥. مـوکـافـەئـەو پـاداشـتـەکـان


پرۆژەی ڕۆژ ستی .
کۆمپانیای ڕۆژی نوێ بۆ دەبەرهێنانی خانوو بەرە
www.rozhinwe.net
هەلێکی زێڕین
جوانی ، ئاسوودەیی ، هێمنی ... سیمای ڕۆژ ستی بە .
+ رۆژ ستی - لەسەر شەقامی بازنەیی مەلیك مەحموود (نزیك سەنتەری بۆڵینگ) .
+ (ژووری میوان ، چێشتخانە ، (3) نوستن ، حەمام ، توالیت ، شوێنی غەسالە و مەغسەل ، بالکون) .
+ هیچ مانگانەیەکی خزمەت گوزاری نادەیت .
+ نرخی یەکەیەك (50 000 $) پەنجا هەزار دۆلارە ، (25000 $) لە لایەن سندوقی نیشتەجێ بوونەوە دەدرێت بۆ هەموو هاوڵاتیەك ، تەنها بری (25000$) دەدرێت بە چوار قیست - پێشەکی 6500$.
نۆفیسی کۆمپانیا - فرۆشتنی یەکەکان : تووی مەلیك - بەرامبەر ئامادەیی شەهید جەمال تایەر - ت (0750 152 1717 - 0770 152 93932 - 0771 016 5555)


گروپی کۆمپانیاکانی دیوان
diwan
مۆبیلیات
دیوان
کەوانتەر
PVC
فرۆشتن بە شێوازی قیستی مانگانە بەبێ زیادکردنی نرخەکان بۆ :
- فەرمانبەران بەگشتی و قوتابیان و مامۆستای زانکۆو پەیمانگاکان ٨ هەشت قیست
- کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال و کیمیاباران و بوك و زاوا ١١ یانزە قیست
- سلێمانی - شەقامی پیرەمێرد ٣١٣٧٣٢٥ - سلێمانی - سی مەتری هەواری تازە ٣٢٣٢٣٥٨
- سلێمانی - کۆتایی شەقامی چوارتای کۆن ٣٢٨٨٢٢٠
- هەولێر-شەقامی شۆرش ٠٦٦٢٥٣٣١٠١ - هەولێر - شەقامی شەستی ٠٦٦٢٥٠٦٠٧٤
- دهۆك - حی عەسکەری- ٠٦٢٧٦٣٠٦١٢
- کەلار- شەقامی سەرەکی سلیمانی ٠٧٤٨٠٢٢٤٩٠٧ - کەلار شەقامی شەهیدان ٠٧٤٨٠٢٧٣٥٧٧
- دەربەندیخان - بەرامبەر یاریگای داخراو ٠٧٤٨٠٢٣٨٠٣٠
www.diwanhome.com diwanhome@yahoo.co.uk

تیشکێك لەسەر دەنگدانی تایبەت ٢٠٠٩/٧/٢٣

بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عێراق



دەنگدانی تایبەت:

پرۆسەی دەنگدانە بۆ چەند کۆمەڵێك لە دەنگدەران کە ناتوانن بەشداری لە رۆژی هەڵبژاردنی گشتی لە (٧/٢٥) دا بکەن، بنکەکانی تایبەت بە دەنگدانی ئەم کۆمەڵانەی خوارەوە رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٣ لە کاتژمێر هەشتی بەیانی تاکو شەشی ئێوارە دەکرێنەوە.

یەکەم:

هێزەکانی ئاسایش و سوپا لە پارێزگاکانی هەرێم.

بەڵگەنامە پێویستەکانی ئەم کۆمەڵەیە :

- ناسنامەی باری شارستانی یان رەگەزنامەی عێراقی یان ناسنامەی فەرمی پۆلیس و ئەوانەی کە سەربازن.

دووەم:

- گیراوەکانی ئەو گرتوخانە و بەندیخانانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوەیان دەبات (ئەو گیراوانەی هێشتا حوکم نەدراون . ئەوانەی حوکمدراون بە کەمتر لە پێنج ساڵ) هەروەها ئەو فەرمانبەرانەش دەگرێتەوە کە لەو دەزگایانەدا کاردەکەن کە لە رۆژی دەنگدانی گشتیدا ناتوانن دەنگ بدەن .
- نەخۆشەکانی ئەو نەخۆشخانانەی کە ژمارەی قەرەوێڵەکانیان لەسەد زیاترە، هەروەها ئەو فەرمانبەرانەی کە لەو نەخۆشخانانەدا کار دەکەن و ناتوانن لە رۆژی دەنگدانی گشتیدا دەنگ بدەن.
- ئەو فەرمانبەرانەی لە رۆژی دەنگدان لە دەزگا حکومیەکان و ناوچەی نێو دەوڵەتی لە بەغدا خۆیان و خێزانەکانیان لە کاردان، بەڵام لە هەرێمی کوردستان تۆمارکراون.
- ئەوانەی لە ناو سوپادان بەڵام وەکو دەنگدەر لە هەرێمی کوردستان تۆمارکراون و لەچەند پارێزگایێکی دەرەوەی هەرێم ئەرکێکی فەرمیان بێ راسپێردراوە.

بەڵگەنامە پێویستەکانی ئەم کۆمەڵەش:

- ناسنامەیەك بۆ سەلماندنی کەسایەتی و زانینی ژمارەی پسولەی خۆراکی خێزان و ژمارەی ناوەندی خۆراك، یان هێنانی پسولەی رەسەن یان کۆپی کراو.

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بەم ژمارە خۆڕاییانەوە بکە: اسیاسیل ٧٧٧٧ کورەك ٢٠٢٠

المفوضية العليا المستقلة للانتخابات
کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان
The Independent High Electoral Commission
www.ihec.iq

چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩

بەرەو گۆڕا

٥٧

بڵاوکراوەیەکی تایبەتی هەڵبژاردنە، لیژنەی راگەیاندنی لیستی گۆڕان دەریدەکات

No. 19 Date. 19-7-2009 ٢٠٠٩-٧-١٩ ژمارە: (١٩)

نەوشیروان مستەفا:

ئێمە باوەڕمان بە ناوچەگەرێتی نییە

بۆ ل ٤-٥



بۆ پاراستنی گیانی هاوڵاتییان لیستی گۆڕان کەرنەڤاڵی هەولێر دوادەخات

پشتیوان سەعدوڵڵا

هەرچەند بڕیاربوو رۆژی (٢٠٠٩/٧/١٧) ئاهەنگێکی جەماوەریی گەورە بۆ گۆڕانخوازانی هەولێر ساز بکرێت، بەڵام دوای ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە لایەنگرانی گێرەشێوێنی لیستی کوردستانی هێرشیان کردە سەر کادیرەکانی لیستی گۆڕانو سەرجەم لافیتەو پۆستەرەکانیان دڕاندو دەسەڵاتدارانیش پشتگیرییان لە گێرەشێوێنەکان کرد، لیستی گۆڕان بۆ پاراستنی گیانی هاوڵاتییان ئەو ئاهەنگە جەماوەرییەی پایتەختی کوردستانی دواخست.

ئەنجومەنی لیژنەی باڵای هەڵبژاردنی لیستی گۆڕان لە روونکردنەوەیەکدا رایگەیاند: بە هۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە لایەنگرانی گێرەشێوێنی لیستی کوردستانی هێرشیان کردە سەر کادیرەکانی لیستی گۆڕانو سەرجەم لافیتەو پۆستەرەکانیان دڕاند، بەڵام لەپاش ئاگادارکردنەوەی لایەنی بەرپرس، بەداخەوە هێزە ئەمنییەکان نەک هەر بارودۆخەکەیان ئاسایی نەکردەوە، بەڵکو بە ئاشکرا پارێزگارییان لە گێرەشێوێنەکان کرد، بەم بۆنەیەوە رایدەگەیەنین کە بۆ سەلامەتیی خەڵکی بەشەرەفی شاری هەولێر ئاهەنگەکەمان دواخستو پەنا بەخوای گەورە ئێمە لە رۆژی (٧/٢٥) ئاهەنگی گەورەی سەرکەوتن دەگێڕین، ئاهەنگێک کە شایستەی شاری هەولێرو جەماوەرە گۆڕانخوازەکەی بێت.

هەڵەبجە ئەمجارە بە سندوقی دەنگدان تۆڵەی خۆی دەکاتەوە

بۆ ل٦

د.شاهۆ سەعید وەڵامی تۆمەتەکانی راگەیاندنی یەکێتی دەداتەوە

بۆ ل٣

کۆمەڵێک ئەفسەری سەربازیی: دەمانەوێت لەسایەی گۆڕاندا داکۆکی لە خاکەکەمان بکەین

بۆ ل٣

بنەماڵەی شەهید خالید گەرمیانی بەیاننامەیەکی ناڕەزایی بڵاودەکەنەوە

بەرەو گۆڕان

لە بەیاننامەیەکی ناڕەزاییدا کە دانەیەکیان بۆ (بەرەو گۆڕان) ناردووە، بنەماڵەی شەهید خالید گەرمیانی رایدەگەیەنن کە رێکەوتی ٢٠٠٩/٧/١٤ بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە بارودۆخی خراپی کەسوکاری شەهیدان و پەراوێزکردنیان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوەو چەند مەسەلەیەکی پەیوەندیدار بە ناوچەی گەرمیان، سەردانی مام جەلالیان کردو بۆچوونی بنەماڵەکەمان لەسەر ئەو کێشانە لە چەند خاڵێکدا خستە بەردەم سکرتێری گشتی یەکێتی، «بەڵام زۆر بەداخەوە هەر لەگەڵ خوێندنەوەی یەکەم خاڵدا بە تووڕەییو ناڕەحەتیەکی زۆرەوە نوسراوەکەمانی فڕێداو ئامادەنەبوو تەواوی نوسراوەکە بخوێنێتەوە».

ئێمە دەپرسین لە جەنابی مام جەلال ئایا ئەگەر بۆچوونەکەمان هەڵەش بێت نەدەکرا لەجیاتی توڕەبوون دانتان بە خۆتاندا بگرتایەو خاڵەکانی تریشتان بخوێندایەتەوەو کێشەکانمانتان چارەسەر بکردایە، ئێمە قەناعەتی تەواومان هەیە کە بۆچوونەکانمان ١٠٠٪ تەواوەو خەڵکی دەڤەری گەرمیانیش پێیانوایە کە ناوچەکەیان لە چاو ناوچەکانی تردا شتی زۆر کەمی بۆ کراوە، ئەم توڕەبوونە لەم کاتە ناسکەدا کە یەکێتی نیشتمانی تیادا تێپەڕدەبێت کارێکی باش نییە هەر یەکێتیش پێی زەرەرمەند دەبێت کە ئێمە بەشێکی گرنگین لە دروستبوونیدا، بەڵام ئەمڕۆ پەراوێزخراوین.

هەواڵی راگەیاندنەکانی یەکێتی بەدرۆدەخاتەوە

د.شاهۆ سەعید: بەپلەی یەکەم ماستەرو دکتۆرام تەواوکردووە

بەرەو گۆڕان

دوای ئەوەی دەزگاکانی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نووسراوێکیان بڵاوکردەوەو ئاماژەیان بۆ ئەوەکرد کە گوایە د.شاهۆ سەعید، وتەبێژی لیستی گۆڕان بەدەر لە ڕێنماییەکان لەخوێندنی باڵا وەرگیراوە، ناوبراو وەڵامی ئەو نووسراوە دەداتەوەو دەڵێت: «بەپلەی یەکەم ماستەرو دکتۆرام تەواوکردووە».

لە لێدوانێکیدا بۆ سایتی (ئاوێنە) د.شاهۆ سەعید وتەبێژی لیستی گۆڕان رایگەیاند: «هەندێک لە دەسەڵاتداران گەر بۆیان بکرێت نەک خوێندن، بەڵکو هەوای وڵاتەکەی خۆشمان وەک منەت پێدەفرۆشنەوە».

وتیشی: «ئەو نووسراوەی کە ئەوانی شاگەشکە کردووە، فەرمانێکی وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٧. بەپێی ئەو نووسراوە ڕێگە بە من دراوە لە وڵاتەکەی خۆمو لە شارەکەی خۆمدا بخوێنم، ئەو خوێندنەشم لەسەر حسابی کەس نەبووە، چونکە هەموو مەرجەکانی خوێندنی باڵام تێدا بووە وەک مەرجی تەمەن، مەرجی نمرە بە پلەی زۆرباشە».

شاهۆ سەعید ئەوەشی وت: «بەخشینم لە ڕێنماییەکان تەنیا بۆ ئەوە بووە کە بۆم هەبێت لە پسپۆرییەکی نزیک پسپۆرییەکەی خۆم بخوێنم کە زمانی عەرەبییە، چونکە پسپۆڕیی بەکالۆریۆسەکەم شەریعەوزانستە ئیسلامییەکان بووە، ئەو دوو پسپۆڕییەش هێندە لە یەکتر نزیکن کە تائێستاش دەرچووی شەریعە بۆی هەیە ببێتە مامۆستای عەرەبی. ئەوکاتەش ئەو دوو پسپۆرییە هەردووکیان سەر بە کۆلێجی زانستە مرۆییەکانی زانکۆی سلێمانی بوون».

وتەبێژی لیستی گۆڕان ڕوونکردنەوەی زیاتری داو ئاماژەی بەوەکرد کە ئەو لە سەردەمی بەعسو لە سەردەمی دەسەڵاتی کورديشدا بە ئیستحقاقەوە خوێندنی زانکۆیی و خوێندنی باڵای تەواوکردووە، دەڵێت: «لەبەکالۆریۆسدا لە یەکەمەکان بووم، ماستەرم بە پلەی یەکەم تەواوکردووە، بە پلەی یەکەم منافەسەی وەرگرتنم بۆ خوێندنی دکتۆراتەواوکردووە، بەپلەی یەکەم دکتۆراو بە پلەی ئیمتیاز تێزی دکتۆراکەم پەسەندکراوە، لە ماوەی یاسایی خۆشمدا بووم بە پرۆفیسۆری یاریدەدەر».

د.شاهۆ سەعید ئەوەش ڕووندەکاتەوە کە تاکە منەتی دەسەڵاتی کوردی ئەوەیە کە «ڕێگەی پێداوم لە وڵاتەکەی خۆمدا بخوێنم، هەڵبەتە ئەوەش فەزڵ نییە، بەڵکو مافێکی ئاساییە، بەڵام هەندێک لە دەسەڵاتداران گەر بۆیان بکرێت نەک خوێندن، بەڵکو هەوای وڵاتەکەی خۆشمان وەک منەت پێدەفرۆشنەوە».

لەدرێژەی لێدوانەکەیدا د.شاهۆ وتیشی: «بەر لە منو تائێستاش ڕێگە بە چەندین کەس دراوە کە لە ڕێنمایی پسپۆڕیی ورد ببەخشرێن، ئەوەش کارێکی پێویستە بۆ لێکنزیکبوونەوەی پسپۆڕییەکان، لە زانکۆکانی دنیای شارستانیشدا ئەوە هەیە، بۆیە من داوای لێبوردن لە هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە بەهۆی ئەو بڕیارەوە ناڕەحەت بوون، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت ئەوەیە کە ئەو بڕیارە بەرژەوەندی منی تێدا بووە، چونکە ئەگەر ئەو بڕیارە نەدرایە ئەوا من ئێستا لە ئەمریکا دەبووم بە پرۆفیسۆر، بەڵام ئەو بڕیارە وای کرد کە من بگەڕێمەوە بۆ کوردستان و خزمەت بە خەڵکەکەم بکەم، ئەوەی ڕاستی بێت ئەوەیە کە ئەو بڕیارە بەرژەوەندی منی تێدا بووە، چونکە ئەگەر ئەو بڕیارە نەدرایە ئەوا من ئێستا لە ئەمریکا دەبووم بە پرۆفیسۆر، بەڵام ئەو بڕیارە وای کرد کە من بگەڕێمەوە بۆ کوردستان و خزمەت بە خەڵکەکەم بکەم، ئەوەی ڕاستی بێت ئەوەیە کە ئەو بڕیارە بەرژەوەندی منی تێدا بووە، چونکە ئەگەر ئەو بڕیارە نەدرایە ئەوا من ئێستا لە ئەمریکا دەبووم بە پرۆفیسۆر، بەڵام ئەو بڕیارە وای کرد کە من بگەڕێمەوە بۆ کوردستان و خزمەت بە خەڵکەکەم بکەم، ئەوەی ڕاستی بێت ئەوەیە کە ئەو بڕیارە بەرژەوەندی منی تێدا بووە، چونکە ئەگەر ئەو بڕیارە نەدرایە ئەوا من ئێستا لە ئەمریکا دەبووم بە پرۆفیسۆر، بەڵام ئەو بڕیارە وای کرد کە من بگەڕێمەوە بۆ کوردستان و خزمەت بە خەڵکەکەم بکەم، ئەوەی ڕاستی بێت ئەوەیە کە ئەو بڕیارە بەرژەوەندی منی تێدا بووە، چونکە ئەگەر ئەو بڕیارە نەدرایە ئەوا من ئێستا لە ئەمریکا دەبووم بە پرۆفیسۆر، بەڵام ئەو بڕیارە وای کرد کە من بگەڕێمەوە بۆ کوردستان و خزمەت بە خەڵکەکەم بکەم، ئەوەی ڕاستی بێت ئەوەیە کە ئەو بڕیارە بەرژەوەندی منی تێدا بووە، چونکە ئەگەر ئەو بڕیارە نەدرایە ئەوا من ئێستا لە ئەمریکا دەبووم بە پرۆفیسۆر، بەڵام ئەو بڕیارە وای کرد کە من بگەڕێمەوە بۆ کوردستان و خزمەت بە خەڵکەکەم بکەم، ئەوەی ڕاستی بێت ئەوەیە کە ئەو بڕیارە بەرژەوەندی منی تێدا بووە، چونکە ئەگەر ئەو بڕیارە نەدرایە ئەوا من ئێستا لە ئەمریکا دەبووم بە پرۆفیسۆر، بەڵام ئەو بڕیارە وای کرد کە من بگەڕێمەوە بۆ کوردستان و خزمەت بە خەڵکەکەم بکەم، ئەوەی ڕاستی بێت ئەوەیە کە ئەو بڕیارە بەرژەوەندی منی تێدا بووە، چونکە ئەگەر ئەو بڕیارە نەدرایە ئەوا من ئێستا لە ئەمریکا دەبووم بە پرۆفیسۆر، بەڵام ئەو بڕیارە وای کرد کە من بگەڕێمەوە بۆ کوردستان و خزمەت بە خەڵکەکەم بکەم، ئەوەی ڕاستی بێت ئەوەیە کە ئەو بڕیارە بەرژەوەندی منی تێدا بووە، چونکە ئەگەر ئەو بڕیارە نەدرایە ئەوا من ئێستا لە ئەمریکا دەبووم بە پرۆفیسۆر. لە کۆتاییدا دەڵێم گەر ئەوەی ڕۆژێک مامۆستای من بووبێتو ئەوەی ڕۆژێک خوێندکارم بووبێت شایەتی ئەوەم بۆ دەدات کە ئایا من بە ئیستحقاقەوە بووم بە مامۆستای زانکۆ یان نا».



کۆمەڵێک ئەفسەری سەربازیی:

دەمانەوێت لە سایەی گۆڕاندا داکۆکی لە خاکو ئاوو سامانو سەروەرییەکانی نیشتمان بکەین

پشتیوان سەعدوڵڵا

ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرانی کۆلێژی سەربازیی پشتیوانیی لە گۆڕان دەکەنو ڕایدەگەیەنن، لەپێناو بەدامودەزگاییکردنو نەهێشتنی هەژمونی سەربازیی پارتەکان بەسەر حکومەتداو دوور لەژێر فەرمانیی هیچ کەسو پارتوسەرەکخێڵێکدا، وەک سەربازی نیشتمان، داکۆکیی لە خاکو ئاوو سامانو سەروەرییەکانی نیشتمانەکەمان بکەین، هاوکات داواش لە ئەفسەرە نیشتمانپەروەرەکان دەکەن کە خیانەت لە پیشەکەی خۆیان نەکەنو دڵسۆز بن بۆ خاکو نەتەوەکەیان.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا وەزیری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێم بێ گوێدانە هیچ پێوەرێکی یاساییو ڕەوشتیی، خۆیو پاسەوانەکانی دەستدرێژییان کردە ژمارەیەک لە لایەنگرانی لیستی گۆڕان لە شاری سلێمانیو ئەوەش کاردانەوەیەکی توندی لە کوردستان دروستکرد.

ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرانی دەرچوی خولی یەکو دووی کۆلێژی سەربازیی قەڵاچوالان لە پەیامێکیاندا دەڵێن: ئێمە پشتیوانیی لە گۆڕانکاری دەکەینو لەپێناو بەدامودەزگاییکردنو نەهێشتنی هەژمونی ڕامیاریو سەربازیی پارتەکان بەسەر حکومەتداو دژایەتیی گەندەڵیی، ئومێدمانوایە لەو ڕێگەیەوە بۆمان بڕەخسێت، دوور لەژێر فەرمانیی هیچ کەسو پارتو سەرەکخێڵێکدا، وەک سەربازی نیشتمان، داکۆکیی لە خاکو ئاوو سامانو سەروەرییەکانی نیشتمانەکەمان بکەین.

لەماوەی بیست ڕۆژی ڕابردوودا چەند بەرپرسێکی سەربازیو حکومیی بێ گوێدانە یاساو ڕێنماییەکانی کۆمسیۆن، پۆستەکانیان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکارهێناوەو تەنانەت گەیشتووەتە هەڕەشەلێکردنو دەستدرێژییکردنە سەر لایەنگرانی لیسی گۆڕان.

ئەو ئەفسەرانە ئەوە دەخەنەڕوو، کە ئەو یاساشکێنییانەی کە بەناوی سوپاوە لە شارەکانی کوردستاندا دەکرێن، دوورن لە هەموو پێوەرێکی ڕەوشتیو پیشەیی پیاوی دەوڵەت، ئەو ڕەفتارانە سوکایەتیین بە نیشتمانو یاساو بەهای مرۆڤی کورد بەگشتی، بە وەزارەتی بەرگریو ئەفسەرانو سەربازانی نیشتمان بە تایبەتیی.

بەوپێیەی کە تائێستا حکومەتو حیزب لێکجیانەکراونەتەوەو یەکێتیو پارتی خاوەنی هێزە ئەمنییە نیشتمانییەکانن و دەسەڵاتدارانی ئەو دووپارتە هەوڵدەدەن لەژێر ناوی مووچەبڕینو دەرکردنو گواستنەوەدا هەموو ئازادییەکی دەنگدانیان لێ بسەننەوەو ناچاریانبکەن دەنگ بە لیستەکەیان بدەن، ئەمەش بووەتە هۆی دروستبوونی نیگەرانی لای هێزە ئەمنییەکان.

ئەفسەرە سەربازییەکانی قەڵاچوالان، دەڵێن: «داوادەکەین سەرجەم ئەو کەسانەی ئەفسەرو سەربازی نیشتمانن، ناپاکیی لە بەرگو سوێندو پیشەی نیشتمانییانەی خۆیان نەکەنو نەکەونە ژێر باری فەرمانی بەرپرسو سەرەکخێڵەکانی حیزب، خۆیان تەنیا بە مووچەخۆرو دڵسۆزی نیشتمان بزانن، دەست لە ململانێو دەنگدانی دیموکراسییانەی هەڵبژاردن وەرنەدەن بۆئەوەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بە ئاشتییو خاوێنیو دوور لە دەستێوەردان بەڕێوەبچێت».



دۆڵی جافایەتی

پشتیوانیی لە لیستی گۆڕان دەکات

بەرەوگۆڕان

بەشێک لە دانیشتوانی گوندەکانی گەورەدێو مالومەو گەڕەدێو گەڵاڵەو چەند گوندێکی دۆڵی جافایەتی ڕۆژی (٢٠٠٩/٧/١٧) لە کەرنەڤاڵی کردنەوەی بنکەی لیستی گۆڕان لە گوندی باڵخ، پشتیوانیی خۆیان بۆ لیستی گۆڕان ڕاگەیاندو دووشەممەی ئایندەش کەرنەڤاڵێکی گەورەتر بۆ لیستی گۆڕان ڕێکدەخەن.

دانا محەمەد، بەرپرسی بنکەی باڵخی لیسی گۆڕان بە بەرەوگۆڕانی ڕاگەیاند: «دوای بەشداریکردنی جەماوەرێکی گەورەی دۆڵی جافایەتی لە کردنەوەی بنکەکەمان، ئێستا ئامادەکارییەکی دەکەین بۆ کەرنەڤاڵێکی گەورەی لیستی گۆڕان بۆ هەموو دێیەکانی ناوچەی دۆڵی جافایەتی، تا پشتیوانیی لە لیستی گۆڕان بکەین».



کاندیدەکانی گۆڕان چی بۆ خەڵک دەکەن؟

سەنگەر کوردە

ڤیان عەبدولڕەحیم:

کار بۆ دۆخی ژنان و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان دەکەم



کاندیدی ژمارە (١٣)ی لیستی گۆڕان، ئاماژە بەوە دەکات کە سەرجەمی کاندیدەکان پابەندن بەو پەیڕەوو پرۆگرامەی لەسایەی لیستی گۆڕاندا داڕێژراوەو کاری بۆ دەکەن کە «چەندین بەرنامەی چاکسازیی تێدایە لە سەرجەم بوارەکانی ژیان، وەک پەروەردەو خوێندنو دارایی و شەفافبوون و بواری ژنان، ئەوەش بە پشتگیریی ئەو هاوڵاتییانەی دەنگ بە ئێمە دەدەن».

هەروەک ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەوانە بەشێکن لە ئەولەویەتی کارەکانیان بۆ بەرەوپێشچوونی وڵاتەکەمان و گەڕاندنەوەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ژیانێکی ئاسوودە بۆ سەرجەم چین و توێژەکانی گەلەکەمان.

سەرباری ئەو کارانەی لە چوارچێوەی بەرنامەی لیستەکەیدا هەیە، باس لە پێداگیری خۆی دەکات لەسەر دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکی و پێویستەکانی هاوڵاتیان بەگشتی و بەدیهێنانی داخوازییەکانی گەنجان و ژنان، کە «چینێکی حەساسن و پێویستە چەندین بەرنامەی پێشکەوتوویان بۆ بکرێت، ئەوانەش بە متمانەی دەنگی خەڵکی کوردستان دەبێت بۆ دەنگدانیان بە لیستی گۆڕان».

ڤیان کە لەسەرئاستی سنووری ناوچەی پشدەر کاندیدکراوە، ئەوە دەخاتەڕوو کە خزمەتکردن بە خەڵکی سنوورەکەی بەشێکی گرنگ دەبێت لە کارەکانی و دەڵێت: «بێگومان ئەو ناوچانەی ئێمە کە بەردی بناغەی سەرجەم شۆڕشەکان بوون یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانیان ئەوەیە کە زۆر پەراوێزخراون»، ئەوەش رووندەکاتەوە کە خاکی سنوورەکەی لە رابردوودا ناوچەیەکی کشتووکاڵی بوون، بەڵام ئێستا خەڵکەکەی ئەو زەویانە دەفرۆشنو بێبەرهەم بوون، لەکاتێکدا دەتوانرا لە داهاتوودا پرۆژەی زۆر باشو بەرهەمهێنیان لێ دروستبکرێتو «هەوڵدەدین پەرە بەو ناوچانە بدەینەوەو بیکەینەوە بە خاکی بەرهەمهێن».

ئەو کاندیدە پێشیوایە، سنوورەکەی لە رووی کارەباو ڕێگاوبانو قیرکردنەوە گرفتی هەیەو کار دەکات بۆ خزمەتکردنی، جگە لەوانەش وتی: «کێشەکانی ژنان یەکێکی دیکەیە لە گرفتەکان، ژنانی دەڤەری پشدەرو بتوێن بەشێکن لەوانەی لەژووردەوەنو ئیش ناکەنو ئاشنانین بە مافە مەدەنییەکانی خۆیان، کارکردنیش بۆ کاریگەرکردنی ڕۆڵو بەرەوپێشبردنی دۆخی ژنانو ئەو بوارانەی سەرەوە لە ئەولەویەتی ئیشەکانی ئێمە دەبێت».

ئیسماعیل سەعید:

هەوڵدەدین پاوانخوازیی و ئیحتیکاری بازاڕ نەهێڵین



کاندیدی ژمارە (٢٠)ی لیستی گۆڕان، باسلەوەدەکات، کە سەرباری پەیوەستبوون بە بەرنامەی لیستەکەوە، هەندێک کارو بەرنامەی هەیە کە لەکاتی ئەندام پەرلەمانیدا کاری بۆ بکاتو پێداگریی لەسەر بەرژەوەندی هاوڵاتیان بکات.

ئەو کە سااڵنێک زیندانیی سیاسی بووە، ئاماژە بەوە دەکات، کە یەکێک لە ئیشەکانی کارکردنە بۆ زیندانییە سیاسییەکان، کە بەبڕوای ئەو زۆر زوڵمیان لێکراوەو وەک پێویست خزمەت نەکراون.

ئەوەشی خستەڕوو کە جگە لە کارکردن بۆ زیندانیانی سیاسی تێبینی ئەوەی کردووە، کە لە کوردستاندا ئیحتیلاڵی بازاڕ کراوە لەلایەن کۆمپانیای تورکیو ئێرانییەوەو وتی: «هەوڵدەدم کۆمپانیاکانی خۆمان بگێڕینەوە ناو بوارەکان، چونکە ئەفزەلیەتێکی زۆرزۆر دراوە بە کۆمپانیای تورکیو ئێرانی بۆ نموونە (١,٥٪) ئیعفا کراون لە زەریبە، ئەمەو کۆمەڵێک شتی دیکە، وادەکەین کە کۆمپانیاکانی خۆمان بێنەوە ناو بوارەکانی بازرگانیو خزمەتکردنو ڕەخساندنی هەڵی کار، بەشێوەیەک کە کۆمپانیای بیانی لە کۆمپانیای نایاب کەمتر کارو پرۆژەی نەدەینێ، چونکە پرۆژەی ستراتیژی وەک دروستکردنی تونێڵو بەنداوو ئەو پرۆژە گەورانە بە کۆمپانیای گەورەی بیانی نەبێت ناکرێت، بەڵام پرۆژەی بچووکی وەک بینای قوتابخانە یا بنکەی تەندروستی پێویستی بە کۆمپانیای بیانی نییە». هەروەک دووپاتی دەکاتەوە کە کاری بنەڕەتی ئەوە دەبێت کە ئەم وڵاتە لە دەستی ئیحتیلاڵی کۆمپانیای بیانی رزگار بکات کە «بەبێ هۆکار ئەوانەیان کردووە بە داگیرکەر بەسەر وڵاتەکەوەو کۆمپانیا خۆمالییەکانەوە».

ئیسماعیل سەعید، لەو بڕوایەشدایە کە لەبواری بازرگانیداکۆمەڵێک کۆمپانیای بیانیو حیزبی کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ دەستیان هەیە لە قۆرغکردنی بازاڕو بواری بازرگانیدا، ئەوەش دەخاتەڕوو کە بەرنامەی هەیە بۆ ئەو ڕێگریی و پاوانخوازییەو وتیشی: «هەوڵدەدین ئەو پاوانخوازییەو ئیحتیکارە نەهێڵینو سوودی ئەو کارو پرۆژانە بۆ وڵاتو هاوڵاتیانی کوردستان بێت بە گشتی».

د. جوان ئیسماعیل:

ئێمە داوای شەفافیەت دەکەین، چونکە زۆر شت هەیە لەم وڵاتەی ئێمەدا شاراوەیە



دانیشتووی شاری هەولێرەو مامۆستای کۆلێژی کارگێڕیو ئابووریە، ئەو کاندیدی ژمارە (٥٢)ی لیستی گۆڕانە، ئاماژە بەوە دەکات کە دوای چوونە ناو پەرلەمان لە ڕێی لیستی گۆڕانەوە دەیانەوێت زۆر گۆڕان لە کایەکانی ژیاندا بکەن لە کوردستاندا بەشێوەیەک کە بارودۆخی گوزەرانی هاوڵاتیان بەرەو پێش ببەنو «ئەو گەندەلییە زۆرەی لە دامەزراوەکانی حکومەتدا هەیەو بەچاو دەبینرێت لە ڕووی ئیداریو دارایی و ژمێریارییەوە لای ببەین».

د. جوان جەخت لەوە دەکاتەوە، کە بەشێک لە کارەکانی وڵاتو بڕیارە سیاسییەکان کە سەرجەمیان پەیوەندییان بە ژیانو ئایندەی هاوڵاتیانەوە هەیە شەفاف نینو شاراوەنو خەڵک ئاگای لێیان نییە، وتی: «ئێمە داوای شەفافیەت دەکەین، کە زۆر شت هەیە لەم وڵاتەی ئێمەدا شاراوەیە، زۆرجار میللەت ئاگای لەو کارو بڕیارانە نییە کە لە پشتی پەردەوە دەدرێنو زۆرجار ئەو بڕیارانە مەدروس نین، لەگەڵ ئەوەی پەیوەندییان بە ژیانی میللەتەوە هەیە، بەڵام بێ پرسو ئاگاداری هاوڵاتیان دەکرێن، ئەوەش بە زوڵم دەزانین کە لە پشتی میللەتەوە ئەو بڕیارو کارانە بکرێنو لێی بێ ئاگابنو تەنیا دەرەنجامەکانی بزانن».

هەروەک د. جوان دووپاتی دەکاتەوە، کە ئەوان لە لیستی گۆڕاندا وادەکەن شەفافیەت بگەڕێتەوە بەشێوەیەک کە هاوڵاتیان بزانن بڕیارەکان چۆنو بۆ دەدرێن؟، «سەبەب چییە لەوە، ئایا خزمەتی چەند کەسو چ توێژێک دەکات،؟ چونکە ئێستا هەندێک بڕیار بۆ نوخبەیەکی تایبەتو کەسانێکی دیاریکراو دەدرێت کە بەرژەوەندیو مەسڵەحەتیان تێدایەو هیچ سوودێکی نییە بۆ زۆرینەی هاوڵاتیان کە ئەوەش گەندەلییەو پێویستی بە چارەسەرە»، باس لەوەش دەکات کە ئەوە مەبەستو پەیامی لیستی گۆڕانەو دەیانەوێت ئەو گەندەلییە نەمێنێت کە لە حیزبی بەعسەوە ماوەتەوە، وتیشی: «ئێمە دەبێت ئەوانە ڕیفۆرم بکەینەوە کە پێویستبوو پێشتر بکرایەو کارمەندە حیزبییەکانمان فێری گەندەڵی نەکردایە».

کاندیدەکەی لیستی گۆڕان هیواداڕە، لەدوای هەڵبژاردن بەراوردی قسەو پەیامو بەرنامەو بەڵێنەکانی لیستەکان بکرێت کە لەوادەی بانگەشەدا بە هاوڵاتیانی دەدەن، بزانرێت کێ ئەو بەڵێنانە جێبەجێدەکات، کە پێشتر دەیداتە خەڵک، «من وەک کاندیدی لیستی گۆڕان پەیامی زۆر نادەم، بەڵام ئەوەی لەتوانامدایەو گرفتی هاوڵاتیان چارەسەردەکات ئینشەاڵڵا بەپێی توانا چارەسەری دەکەم، بەشێوەیەک کە پلانەکانم بۆ پێشخستنی وڵاتو ویستی گەلەکەم بێت، جێبەجێی بکەم».

...ی، سلێمانی، چەندین دەسەڵاتی یاسایی‌و ئیداریی‌و داراییان هەبێت

کاردەکەین بۆئەوەی: ژنانی ماڵەوە مووچەیان بۆدابینبکرێت. یاسای (بیمەی کۆمەڵایەتی) لەمەودوا لەکوردستانیشدا جێبەجێبکرێت. پەروەردەو قوتابخانەو مزگەوت‌و زانکۆ دووربن لەدەستێوەردانی حیزبی. یاسای (مەنعی تەحەرروشی جنسی) دەربکەین، بۆ پاراستنی ژنان

هەبێت یاساو تەشریعات بۆ سەرتاسەری کوردستانی عێراق دابنێت‌و هەموو ناوچەکانی کوردستانی عێراق هەر لە زاخۆوە هەتاوەکو کفری پابەندبن بە جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەوە، لایەنگری ئەوەین ئەنجومەنێکی وەزیرانمان هەبێت پلانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی لەسەر ئاستی هەموو کوردستانی عێراق پلانی پێنج ساڵەو دەساڵەو پانزە ساڵە،دابنێت. لەهەمانکاتدا ئەنجومەنی وەزیران ئەو لایەنەبێت کە پەیوەندی لە نێوان هەرێمو ناوەندا رێکبخات، هەروەها لەنێوان هەرێمو دەوڵەتانی دونیا رێکبخات، بەڵام ئێمە لایەنگری ئەوە نین هەموو دەسەڵاتەکان لە ئەنجومەنی پارێزگاکان‌و لە قایمقامەکان‌و بەڕێوەبەری ناحیەکان بسەنرێنەوەو بدرێن بەئەوان، ئەمە لەبەرئەوەیە پێماندەڵێن ئەمانە سلێمانیچێتی دەکەن، بەڵێ من لایەنگری ئەوەم کە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی هەموو دەسەڵاتێکی هەبێت، بەڵام لەهەمانکاتیشدا لایەنگری ئەوەم ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک‌و هەولێریش (ئومێدم وایە لەپاشەڕۆژیشدا کەرکوکیش) ئەمانە دەسەڵاتی جێبەجێکردن، دەسەڵاتی کارگێڕی، دەسەڵاتی دارایی‌و کۆمەڵێک دەسەڵاتی وایان هەبێت کە لەسنووری ناوچەکەی خۆیاندا بەڕێوەیبەرن‌و وایان لێنەکرێت بۆ هەموو شتێک موحتاجی دەستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بن، ئەم بیرکردنەوەیەی ئێمە بەشێکە لەفەلسەفەی سیاسیی بەڕێوەبردنی وڵات، پەیوەندی بە ناوچەگەرێتییەوە نییە.

*** کاک نەوشیروان یەکێک لەو پرۆپاگەندانەی بەرامبەر لیستی گۆران دەکرێت ئەوەیە کە دەڵێن «ئەگەر ئێوە دەسەڵات بگرنەدەست‌و هەڵبژاردنەکان ببەنەوە ئەو لەشکرە گەورەیەی دەزگاکانی حوکمڕانی پێشوو دایمەزراندوون هەموویان دەردەکەن‌و مووچەکانیان دەبڕن!؟» قسەی ئێوە چییە؟**

زۆرترین سوودی لێدەبینێت گەنجەکانن کەبەشی زۆری کۆمەڵگەی ئێمەن، فەقیرو هەژاری لادێ‌و شارە لەگەڵ ژنی ناومالدا کە ئەمانە زۆرینەی کۆمەڵگەی کوردین، ئێمە بەهیچ جۆرێک لەم قۆناغەو دوای ئەم قۆناغەش دەستکاری هەندێک سیستم هەیە نایکەین لەوانە سیستمی مووچە، سیستمی تەندروستی، سیستمی پــەروەردە، ئەو سیستمانەی کە تائێستا دەقپانگرتووە بەبێ لێکۆڵینەوەیەکی قوڵ‌و بەبێ دلنیابوون لەوەی بتوانین (بەدیل)ێکی زۆر باشتری بۆبدۆزینەوە بەهیچ جۆرێک دەستکاری ناکەین، بۆیە ئەو پرۆپاگەندانە راست نین.

*** پرۆپاگەندەی ئەوەش دەکەن کە لیستی گۆران هیچ جۆرە پەیوەندییەکی دیبلۆماسی لەگەڵ هیچ وڵاتێکدا نییە، بەتایبەت ئەمریکاو بەریتانیا، ئەمە تاچەند راستە؟**

– ئەگەر ئەوان پەیوەندیی دیبلۆماسییان هەبێت ئەمە هیچ هونەرێکی تیانییە، ئەوان لەبەرزترین پلەی حوکمڕانیدان لەکوردستان‌و لە عێراقیشدا، شتێکی ئاساییە کە لەگەڵ دەوڵەتانی دونیا پەیوەندیی دیبلۆماسی دروستبکەن، لەگەڵ کاربەدەستانی حکومەتدا دروستی دەکەن، ئەوانە پلەی زۆر بەرزیان هەیە، سەرکۆماری عێراقە، سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، سەرۆک وەزیرانە، وەزیری دەرەوەیە، شتێکی ئاساییە دەبێت پەیوەندیی دیبلۆماسی فراوانیان هەبێت، بەڵام لەهەمانکاتدا، ئێمە کە وەکو لیستێک ئەمجارە هاتووینەتە مەیدانەوە پێشتریش وەکو دەزگایەکی راگەیاندنی گەورە پەیوەندیی دۆستایەتی فراوانمان هەیە لەگەڵ زۆر دامودەزگای دەرەوەو سەردان لەنێوانماندا هەیە، هەواڵگۆرینەوە لەنێوانماندا هەیە، پەیوەندییەکی باشمان هەیە لەگەڵ ئەوانەدا، بۆ مەسەلەی ئەم هەڵبژاردنەش ئەوان بێڵایەن دەبن‌و لەدواییشدا مامەڵە لەگەڵ براوەو ئەمری واقیعدا دەکەن.

*** باس لەوە دەکەن کە نەوشیروان مستەفا مامەڵەیەکی تۆندوتیژی لەگەڵ ژناندا هەیە، بۆ ئەمە چی دەڵێیت؟**

– من لەم شەوانەدا لە تەلەفزیۆنەوە پەیامێکی تایبەتم هەبوو بۆ پرسی ژنان، هیوادارم زۆربەی ژنان گوێیان لێ بووبێت، ئەوە دیسانەوە هەر دەچێتە خانەی ئەو قسە بێبنەمایانەوە کە دەیکەن، بروانەکەم پیاوێک مەگەر نەخۆش بێت ئەگینا هەرگیز دژی رەگەزی مێ نابێت، ئەو بەرنامەیەش کە ئێمە هەمانە بۆژنان، پێمواببێت بۆیەکەمجارە لەدەرگای هەندێک باپەتمانداوە کە لە پەرلەمانی داهاتودا هەوڵدەدین هەمووی بکەین بە یاسا، لەناو ئەو یاسایانەدا بۆنمونە دابینکردنی ئەو مووچە تایبەتەیە کە بۆ ژنی ماڵ داوای دەکەین، ئەمەش لەپێناو ئەوەدا تا ژنی مالیش جۆرێک لەسەربەخۆیی ئابووری هەبێت، پێویستە ئەو کارەی لەناومالدا دەیکات چ بەخێوکردن بێت یان ئیدارەکردن وەکو کاری کارمەندانی تری حکومەت بۆی حساب بکرێت، جگە لەوە چەند یاسایەکی دیکەمان بەدەستەوەیە کە لەئێستاشەوە هەندێک لەشارەزایانمان لەیاسا، ئامادەی دەکەن‌و زۆر بەلامانەوە گرنگەو بۆ پاراستنی ژنانە، بابەتی یاسای (مەنعی تەحەرروشی جنسی)یە کە ئێمە زۆر بەلامانەوە گرنگە، یاسایەکی تریان یاسای قەدەغەکردنی جیاوازی رەگەزییە کە نابێت جیاوازی لە نێوان نێرو مێدا بکرێت لەسەر بنەمای رەگەز، چ لەماڵدا چ لەناو فەرمانگەکان‌و شوێنە گشتییەکاندا، یاسایەکی دیکەیان ئەوەیە کە لەباتی ئەوەی جیاکاری رەگەزیی نەگەتیڤ هەبێت جیاوازی رەگەزیی پۆزەتیڤ هەبێت، بۆئەوەی ئەگەر ژن‌و پیاوێک پێکەوە هەمان مەرجیان تیابوو داوای کارێکپێانکرد، ژنەکە پێشبخرێت، بەکۆرتی کۆمەڵێک شتمان بەدەستەوەیە کە بەڵگەی ئەوەیە من ژنم خۆشدەوێت.

*** پرۆپاگەندە کراوە کە لەکاتی دەنگداندا کامێراهەیەو ئەگەر دەنگ بە لیستی دەسەڵات نەدەن مووچەکەیان دەبڕدرێت، لەمبارەیەوە قسەتان چییە؟ تاچەند لیستی گۆران ئیشی بۆ ئەوە کردووە کە کامێرای چاودێریی نەبێت؟**

– ئەم جۆرە پرۆپاگەندانە بەشێکە لەو جەنگە دەروونییەی کە ئەو لایەنانەی ترسی دۆڕانیان هەیە بڵاویدەکەنەوە، من دەمەوێت لێرەوە هاوبیشتمانیانی کوردستانِ دڵنیابکەم کە ئێمە پێیانوتوین «ئەگەر هەڵبژاردن لە کوردستانی عێراقدا باشتر نەبێت لەهەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراق (کە پێش ماوەیەک ئەنجامدرا) ئیعتیرافی پێناکەین.» بێجگەلەوە مەسەلەی بوونی کامێرا لە بنچینەوە درۆیەو مەسەلەی قەلەمو مەرەکەب‌و ئەوشتانەی کە باسی دەکەن هەمووی درۆیە، ئەوە تەنیا بۆ ئەوەیە کە خەڵک وا لێبکەن بڵێت «ئەگەر بچم بۆهەڵبژاردن یان نەچم لە ئێستاوە ئاکامی هەڵبژاردن دیاریکراوە لەبەرئەوە بۆچی بچم بۆدەنگدان»، ئەمە هەمووی جەنگی دەروونییە لەگەڵ خەڵک، ئەگەرنا مەسەلەی مۆبایل بۆ وێنەگرتن یان ئەوەی کە قەڵەمەکە دەسرێتەوە، ئەوە هەمووی درۆیەو باوەڕموایە ئەمجارە کەمترین ڕێژەی ساختەکاریی لەکوردستاندا دەکرێت، بەتایبەت کە ئێمەش لەسەرووی سێبەهزارچاودێرەوە چاودێرمان داناوە بۆ چاودێریی سندوقەکانی دەنگدان‌و هەریەک لەئەوان بەدووچاو چاودێری دەنگدانەکە دەکەن‌و نایەڵن ساختەکاریی بکەن.

*** سەبارەت بەسوێندانی کارمەندان‌و ئەوانەی‌پۆلیس‌یان‌ئاسایشن‌ولەدامودەزگاکاندا کاردەکەن، سوێندیان دەدەن کە دەنگبدەن بە لیستی کوردستانی، سەبارەت بەوە چی دەڵێن، ئێوە چیتانکردووە بۆچارسەری ئەمە؟**

– بۆ ئەم حالەتە پرسیارمان لە کۆمەڵێک زانای ئاینیی کردووە، لەم ڕۆژانەشدا ڕەنگە بڵاوبکرێتەوە، وەک فەتوا بڵاویدەکەنەوە،کە هەموو ئەو سوێندانەی لەژێر فشارو گوشاردا دەدرێن، هەموو ئەوسوێندانەی کە خەڵک لەترسا ناچاردەکرێن بیخوات، هەموو ئەوسوێندانە(باتیلە)و ئەو کەسە نە تەلاقی دەکەوێت‌و نە گوناهی دەگات ئەگەر سوێندەکە بشکێنێت، بەڵکو دەتوانێت وێژدانی خۆی ئاسوودە بکات‌و دەنگ بەو لیستە بدات کە خۆی دەیەوێت‌و باوەری پێیەتی،(فشارو نانبڕین‌و سوێندان‌و تەلاق پێخواردن)ئەمانە هەموو پێچەوانەی ئەخلاقە.

*** لەگەڵ ئەوەی خەڵکێکی زۆر چاوەڕوانی (٧/٢٥)ن بۆ دەنگدان، لەبەرامبەڕیشدا خەڵکێکی زۆر هەیە کە ڕەشبینن‌و دەنگ بەهیچ قەوارەیەک نادەن، قسەی تۆ لەمبارەیەوە چییە؟**

– سەرەتا لەهیچ جێگایەکی دونیادا لەسەداسەدی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە ناچن بۆ دەنگدان، بەڵام ئەوەی کە تۆ باسی دەکەیت خەڵک ڕەشبینە یان نائومێدە لەڕاستیدا خەڵک ناهەقی نییە، من خۆم یەکێک بووم لەوانەی کە لەهەڵبژاردنی پێشوودا هەم بانگەشەمکردووە هەم دەنگمداوە، لە ڕاستیدا من پەشیمانم کە دەنگم بەم کۆمەڵە داوە، بەڵام ئومێدموایە کە خەڵک نائومێد نەبێت، چونکە ئێمە لەبەردەم قۆناغێکی نوێداین کە دەتوانین ناوی بنێین قۆناغی وەرچەرخانێکی سیاسی لە مێژووی سیاسیی میللەتەکەماندا، ئەمجارە وەکو جارەکانی ترنییە، ئەمجارە لیستی جیاواز هەیە، بە بەرنامەی جیاوازەوە مونافەسەیەکی تۆندوتۆڵ‌هەیە، من ئومێدموایە هەموو ئەو کەسانەی کە نائومێدبوون وەک دەوترێت (وتفائلوا بالخیر تجدوه)، ئومێدموایە هەموو گەشبینبن‌و هیوایان هەبێت، مرۆڤ کە هیوابڕاوبوو بەڕاستی دونیا زۆر تاریک دێتە بەرچاوی، دنیای ئێستای کوردستان بۆ خۆشبەختی زۆر ڕووناکە، هەموو نیشانەکان ئاماژەی ئەوەیان تێدایە کە ئێمە بۆ پێشەوە دەچین، پاشەڕۆژێکی ڕووناکمان هەیە، ئاسۆیەکی ڕووناکمان لەبەردەمایە، ئێمە ڕەنگە لەچەندرۆژی داهاتوودا لیستێک بەناوی ئەو یاسایانەی بەقازانجی خەڵکەو بەنیازین لە پارلەماندا تێیپەڕێنین، بڵاوبکەینەوە، لەبوارەکانی چاکسازیی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و لەقازانجی گوزەرانی خەڵکو گەنجانی وڵاتەکەماندایە. ئومێدیشموایە ئێمە بتوانین کارێکی وا بکەین ئەوەی توشی نائومێدی بووە جارێکی تر ئومێدی بەژیان بۆ دروست بێتەوە، هەرخۆی ناوی گۆڕان جۆرێک لە ئومێدو هیوا دەبەخشێت بەخەڵک.

*** کەواتە تاچەند پابەندەبن بە جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەوە کە بەخەڵکی دەدەن؟**

– ئومێدموایە کە هەموو هاوکارەکانمو هەموو ئەوانەی کاندیدکراون پابەندبن (وەکو بەڵێن‌و پەیمانیانداوە)،پابەندبن‌بەجێبەجێکردنی بەرنامەکەوە، بەڵام بەداخەوە لەبەرئەوەی لەم وڵاتەی ئێمەدا ئەو دامودەزگایانە چاوی میللەتیان بەسەرەوە نەبووەو دادگایەکی باڵای وەک دادگای دەستووری نییە کە ڕێگیری لەو شتانە بکات، لەبەرئەوەی لێرە گوشاری جەماوەریی لەسەر حکومەت زۆر کەمبووە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لاوازن‌و دەسەڵاتی چوارەم یاخود میدیای ئازادیش هەندێک قسەی کردووە، بەڵام ئەویش نەیتوانیوە ڕایەکی گشتیی وا دروستبکات کە چاودێربێت بەسەر حکومەتەوە.

لەم دەزگایانەی ئێمەدا چ وەزیرەکان یان ئەندام پارلەمانەکان ئەوەندە ئیمتیازاتیان هەیە کە لەناو ئەم هەموو ئیمتیازاتانەدا خەمەکانی خەڵکیان بیردەچێتەوە، وەک یەکێک کە چۆن یەکەمجار تۆزێک حەشیشە دەخوات دوایی دەبێتە مودمینی تەواو،بەڵام ئومێدموایە ئەم دەستە نوێیەی پەرلەمان زۆر چالاکو کارا بن‌و هەوڵبدەن ئەو ئیمتیازاتانەی پەرلەمان وا کەمکەنەوە کە خەڵک ئەندامێتی پارلەمان وەک ئیمتیازو دەسکەوت تەماشا نەکات، بەڵکو بەخزمەتکردنی نیشتمان‌و ئەرکێکی بزانێت.

*** لەکۆتاییدا دەمەوێت بەشێوەیەکی ڕوونتر لەسەر ئەو پرۆپاگەندەیە قسەم بۆ بکەیت کە گوایە ئەگەر ئێوە بێنە سەر دەسەڵات مووچەی کادیرانی یەکێتی‌و پارتی دەبڕن؟**

– بێگومان ئێمە مووچەی هیچ کەسێک نابڕین، بەڵکو مووچەبڕینی هەرکەسێک لای ئێمە وەکو تاوانێک وایە کە بەرامبەر خێزانێکی کورد دەکرێت، ئێمە هەموو ئەوانەی کە کادیری یەکێتی‌و پارتین بەهاوسەنگەرو بە براو بەخۆشەویستی خۆمان دەزانین لەهەموو ئاستەکاندا، ئێستا ململانێیەکی دیموکراسی هەیە، ئێمە کە دواتر دەسەڵاتمان گرتەدەست بەهیچ جۆرێک هیچ جۆرە حساب‌وکیتابێکمان لەگەڵ کادیرەکانی پارتی‌و یەکێتی‌و حیزبەکانی تردا نییە، بەپێچەوانەوە وەکو باسمکرد ئەو سیستمی مووچەیەی کە ئێستا هەیە هەتاوەکو بەدیلێکی باشتری بۆنەدۆزینەوە دەستکاریی ناکەین، ئێمە بەچاوی ڕێزو پێزانین‌و خۆشەویستییەوە تەماشای هەموو ئەو تێکۆشەرانە دەکەین.

ئومێدموایە ئەم دەستە نوێیەی پەرلەمان زۆر چالاک‌و کارا بن‌و هەوڵبدەن ئیمتیازاتەکانی پەرلەمان وا کەمکەنەوە، کە خەڵک ئەندامێتی پارلەمان وەک ئیمتیازو دەسکەوت تەماشا نەکات

نەوشیروان مستەفا:

ئێمە لەکۆنەوە لایەنگری ئەوە بووین پارێزگاکانی هەولێر، دهۆک

لەم دەزگایانەی ئێمەدا چ وەزیرەکان یان ئەندام پارلەمانەکان ئەوەندە ئیمتیازاتیان هەیە کە لەناو ئەم هەموو ئیمتیازاتانەدا خەمەکانی خەڵکیان بیردەچێتەوە، وەک یەکێک کە چۆن یەکەمجار تووزێک حەشیشە دەخوات دوایی دەبێتە مودمینی تەواو

لەهەموو دنیادا لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا جۆرێک لە ملمانێ و رکابەری لە نێوان هەموو هێزو حیزب و ئەولایەنانەدا دروستدەبێت کە ملمانێ دەکەن لەسەر دەســەڵات، ئــەم حاڵەتەش لەهەرێمی کوردستان بەدوور نییەو لەنێو لیستەکاندا جــۆرێــک لە پرۆپاگەندەی دژ بەیەک هەیە، بەتایبەت هەڵبژاردنی ئەمجارە کە جۆرێک لە ملمانێیی توندی بەخۆوە بینیوە، چونکە لیستی جیاواز لە هەڵبژاردنەکەدا ملمانێدەکەن، یەکێک لەو لیستانەش گۆڕانە کە جەماوەرێکی بەرفراوانی لەدەورکۆبووەتەوە، لەبەر ئەوە کۆمەڵێک پرۆپاگەندە لەدژی بڵاوکراوەتەوە، وەک:

١-(لیستی گۆڕان دژبە ئاینە)٢-(دژ بەهەولێرو بادینانە)٣- (ناوچەگەری دەکــات، بەتایبەت سلێمانی)٤-(ئەگەر لیستی گۆڕان دەسەڵات بگرێتەدەست، ئەوا هەرچی فەرمانبەری سەر بە یەکێتی و پارتییە دەریدەکات).

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرۆپاگەندانە، (KNN) بەپێویستیزانی ئەم دیدارە لەگەڵ بەڕێز (نەوشیروان مستەفا) سەرۆکی لیستی گۆڕان ئەنجامبدات.

سازدانی: عادل عەزیز- شۆخان کەریم

*** سەرەتا دەپرسین تێڕوانینی ئێوە سەبارەت بەئایین چۆنە؟**

-دیارە کوردستان لە کۆنەوە ئاوەدانبووەو مرۆڤی لێ ژیاوە، کۆمەڵێک ئاینی جیاجیاو مەزهەبی جیاجیای تێداژیاوە، بەڵام زۆرینەی خەڵکی کوردستان موسوڵمانن، زۆرینەی خەڵکی کوردستانی عێراقیش نەک هەر موسوڵمانن، سوننەشن.

ئــەوەی بــۆ ئێمە جێگەی شانازییە لەمێژووی هاوچەرخی کوردا، لەماوەی سەد ساڵی رابردووا بەهیچ جۆرێک لە کوردستانی عێراقدا ئاژاوەی ئاینی لەنێوان ئاینو ئاینێکی دیکــەداو ئــاژاوەی تائیفی رووینــەداوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەموو ئەو ئایانەی لەکوردستاندا پێکەوە دەژین، ئاینی ئیسلام، مەسیحی، کاکەیی، یەزیدی، لەمەزهەبەکانیشدا مەزهەبی سوننە، شیعە، شەبەک، هەموو ئەوانە بەتەبایی پێکەوە ژیاون بێئەوەی دووچاری شەڕی ئاینی یان تائیفی ببنەوە. دیارە فەزلێکی گــەورەی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پێشەوا ئایینییەکانی ئاینی ئیسلام کە لەکۆمەڵگەی کوردستانیدا خەڵکیان بەگیانی لێبوردنو گیانی یەکتر قبوڵکردنی ئاینیی راهێناوە.

ئەوەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەبێت، ئەم جوڵانەوەیەی ئێمە جوڵانەوەیەکی بەرفراوانە، ئەم جوڵانەوەیەی ئێمە ئاینو مەزهەبی جیاوازی تێدایە، لەناو ڕیزەکانی ئێمەدا خەڵکێکی زۆرهەیەکەموسوڵمانوژمارەیەکی زۆیشیان (موتەدەیینن) نەک هەر ئەوەی بە شوناسنامە موسوڵمانن، بەڵکو (مولتەزیمن) نوێژدەکەنو هەموو فەرزەکانی ئاینی ئیسلام جێبەجێدەکەن، لەهەمانکاتدا لەڕیزەکانی ئێمەدا مەسیحیو یەزیدیو کاکەییش هەیە، لەناو موسوڵمانەکاندا شیعەمان تێدایە، سوننەمان تێدایە، شەبەکمان تێدایە.

ئەم جوڵانەوەیەی ئێمە جوڵانەوەیەک نییە لەسەر بنچینەی ئاین دامەزرابێت، وەک هەندێک لە ڕێکخراوو حیزبە سیاسییەکان، بەڵکو ئەم جوڵانەوەیەی ئێمە جوڵانەوەیەکە لەسەر بنچینەی (نیشتمان)دامەزراوە.

پێمانوایە لەم نیشتمانەدا هەموومان یەک شت کۆماندەکاتەوە، ئەویش برایەتییە لەنیشتماندا، هەروەکو چۆن برایەتی هەیە لەخوێندندا، برایەتی هەیە لەئایندا، برایەتی هەیە لە مەزهەبدا، برایەتی هەیە لەبیروباوەڕی سیاسیدا، ئەوەی ئێمە کۆدەکاتەوە برایەتییە لە نیشتماندا، لەم نیشتمانەدا هەموو ئەوانەی سەر بە ئاینو مەزهەبی جیاوازن دەتوانن پێکەوە بژینو هەموو مافەکانی هاوڵاتیبوونیان هەبێت، لەهەمانکاتدا ئێمە وەکو کۆمەڵگەیەک کە بەشی زۆری کۆمەڵگەکەمان موسوڵمانە بێگومان ئێمە حوڕمەتو ڕێزی بێئەندازە لە عەقیدەی کۆمەڵگەکەی خۆمان دەگرینو پەیڕەویشی دەکەین، پیرۆزییەکانی ئاینی ئیسلام هەمووی لــەلای ئێمەش پیرۆزن، ئەوکەسانەشی ئەوجۆرە پرۆپاگەندانە بۆ ئێمە دەکەن ڕاست ناکەنو بۆ شکاندنی ئێمەیە، بۆنمونە ئەوەندەی پەیوەندی بەخۆمەوە هەبێت، یەکێک لە کۆنە هاوڕێکانمان لەڕۆژنامەیەکدا گلەیی ئەوەی لە من کردبوو کە من بەدرێژایی ژیانم دژی ئاین شتم نەنووسیوە، لەوە دەچێت ئەمەش یەکێک لەو ڕەخنانەبێت کە من پشتڕاستی بکەمەوەو بڵێم «من بەدرێژایی تەمەنم شتێکم دژی ئاین نەنووسیوە»، چونکە من خۆم باوەڕم وایە عەقیدەی ئاینیو هەستی نەتەوایەتی لە دەروونی مرۆڤدا بەهیچ شێوەیەک نامرێت، ئەزموونی یەکێتیی سۆڤییەت سەلماندی بۆدنیا کە نە دین لەناودەبرێت، نە هەستی نەتەوایەتی، لەبەرئەوە ئێمە بێچگە لەوەی کە خۆمان وەکو بەشێک لە کۆمەڵگەی ئیسلامی کوردستان دادەنێین ڕیزی ئیحتیرامی عەقیدەی دینیی هاونیشتمانیانی خۆمان دەگرین، لەناو مااڵو کەسوکاری خۆشماندا پەیڕەوی لەهەموو ڕێوشوێنەکانی ئیسلام دەکەین، ئەوانەی کە ئەو پرۆپاگەندانە بۆئێمە دروستدەکەن، بێگومان لەبەرئەوەیە ناتوانن تۆمەتبارمان بکەن بەگەندەڵی، مەڵەفێکی ئەوەندە ڕەشمان نییەو لەسەر شتی دیکە عەیبدارمان دەکەن، لەبەرئەوەئەو جۆرە قسانەمان بۆهەڵدەبەستن، بەڵام یەکشتی تر هەیە، ئەویش ئەوەیە کە پێمانخۆشە پێشەواو زانایانی ئاینی پێشەوای هەموو لایەک بن، بێگومان ئەوانیش وەکو هەموو هاوڵاتییەکی کوردستان ئــازادن لــەوەی کە دەنــگ بە چ حیزبێک یان بە چ لیستێک دەدەن، بەڵام ناشێت مزگەوتو مینبەری پیرۆزی مزگەوت بەکاربهێنن بۆ پڕوپاگەندەی حیزبیی، ئێمە هەرووک چۆن لایەنگری ئەوەین زانکۆ سەربەخۆ بێت، لایەنگری ئەوەین پەروەردە سەربەخۆ بێت، لایەنگری ئەوەین قوتابخانەکان سەربەخۆبن، لایەنگری ئەوەشین کە هەموو مزگەوتەکان، ئەوقاف، مامۆستایانی ئاینی، یەکێتیی زانایان، ئەمانە هەموو سەربەخۆبنو دوورب ــن لەدەستتێوەردانی حیزبی، وەک ئێستا هەندێک لایەن دەیکەن، مەلاکان بەکاردێنن بەداخەوە، بەدرێژایی مێژوو ژمارەیەکی زۆری پیاوانی ئاینی پێشەواو پێشڕەوی کۆمەڵ بوون، لەهەمانکاتدا بەدرێژایی زەمەنیش دەسەڵات توانیویەتی لەناو زانایانی ئاینیدا هەندێک کەس بکرێت بۆئەوەی ریکلامیان بۆبکەن، بەکورتی ئەوانەی ناویان ناون (وعاض السلاطین).

*** بۆچوونتان چۆنە سەبارەت بە پەیوەندیی سیاسەتو ئاین؟**

-پێمانوایە ئاین ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە بەتایبەت لە پەروەردەکردنی مرۆڤدا، هەروەک ئاین ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لەکاروباریسیاسیدا(نەک بەمانای حیزبایەتی)، بەڵکو مەلای مزگەوت، زانای ئاینیی بەشێکن لەکۆمەڵ، هەموو ئەو گیروگرفتانەی لە کۆمەڵدا دێتە پێشەوە، هەموو ئەو قەیرانە ئابووریو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیرییانەی کە دێنە پێشەوە، ئەوانیش دەگرێتەوە لەبەر ئەوە دەزگای ئاینیی، مزگەوت دەبێت شوێنی کۆبوونەوەی هەموومان بێت، نابێت وای لێبکرێت تەنیا بۆ لایەنێکی سیاسی دیاریکراوبێت، چونکە ئەوە لەباتی ئەوەی خەڵک کۆبکاتەوە دەبێتە هۆی دروستبوونی ناکۆکی لەناو خەڵکدا، پێمانوایە کە دەبێت مزگەوت ڕۆڵی گرنگی هەبێت لەپەروەردەکردنی کۆمەڵایەتیو سیاسیی خەڵکدا، بەڵام بە لای حیزبایەتیدا نا، یاخود تەرخانکردنی مزگەوت بۆلایەنێکی دیاریکراو، بەڵکو مزگەوت دەبێت شوێنی کۆبوونەوەی هەموان بێت، نەک یەک لایەن.

*** ڕۆژانــە گوێبیستی ئــەوە دەبین کە بزوتنەوەی گۆڕان دەیەوێت کودەتا بەسەر حکومەتدا بکات، وەڵامی ئێوە بۆ ئەوە چییە؟**

-بەبۆچوونی من ئەوەی ئەم قسەیەدەکات لەزانستی سیاسیدا هیچ شارەزاییەکی نییە، چونکە کودەتا بە سوپادەکرێت، دەبێت سوپا بروات لەشەوێکی تاریکدا دەستبگرێت بەسەر کۆشکی کۆماریو دەزگای ڕاگەیاندنداو بەڵام ئێمە نەسوپامان هەیەو نە هێزی چەکدارمان هەیە.

ئێمە نامانەوێت کودەتا بکەین، ئێمە دەمانەوێت گۆڕین بکەینو گۆڕینیش بەهیچ جۆرێک مانای ڕوخــاندنو کودەتا نییە، ئێمە دەمانەوێت گۆڕین بکەین لەشێوەی بەڕێوەبردنی حوکمڕانیدا، دەمانەوێت گۆڕین بکەین لە پەرلەماندا و گۆڕین لە ئەنجومەنی وەزیراندا، دەمانەوێت گۆڕین بکەین لەدادگاو لەهەموو دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بەڕەو باشتر، ئێمە هەرگیز بیر لەڕوخاندن ناکەینەوە بیر لەتێکدان ناکەینەوە، ئەوەی بیری لێدەکەینەوە گۆڕینە بــەڕەو باشتر، هــەروەک باسمکرد ئەوانەی ئێمە تۆمەتبارەکان بە کودەتا دیارە شارەزای کاروباری سیاسی نین.

*** پرۆپاگەندەی ئەوە دەخرێتە پاڵ ئێوە کە گــۆڕان ناوچەگەرێتیو سلێمانیچێتی دەکات، وەڵامی ئێوە چییە؟**

- ئەم پرسیارە شتێکی بیرخستمەوە، بەداخەوە ئەمە جاری دوهەمە ئەم قسەو باسە لەگەڵ من دەکرێت، جاری یەکەم کە ئەم پرسیارە لەمنکراوە، لەگەرمەی خولی دوهەمی شەڕی ناوخۆدا بوو، ئەوکاتە کاک (کەریم عوسمانی) ڕەحمەتی سەرپەرشتیار یان بێژەربوو لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان کە لەهەولێرەوە پەخشی دەکرد، ئەو هات بۆلای منو هەمان پرسیاری لێکردم کە گوایە من وتبێتم (هەولێر کوێی موقەدەسە) من وەڵامم دایەوە کە ئەوە ڕاست نییەو وەڵامەکەشم لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستانو لەکوردستانی نوێشدا بڵاوبووەتەوە، هەرکەس دەیەوێت با بچێت لە کوردستانی نوێ ببینێت، بۆیە بەڵامەوە سەیرە لەدوای ئەم هەموو ساڵە قسە دووبارە دەکەنەوە.

ئێمە نەک ناوچەگەرێتی ناکەین، بەڵکو ئێمە جوڵانەوەیەکی سیاسین، ئێستاو دوارۆژیش، کۆمەڵێک شت هەیە تێمانپەڕاندووە، هەرکەس لە ئێمە سنووری ناوچەو بنەمالەو قەبیلەمان تێپەڕاندووە، سنووڕێکی زۆر فراوانتر کە پێیدەوترێت نەتەوەی کورد، کۆماندەکاتەوە، هەربۆیە هیچ کەسێک لەئێمە لەقەبی عەشیرەتمان هەڵنەگرتووە، ئەگەر نا ئێمە دەمانتوانی لەقەبی بنەمالەکەی خۆمان یان ئەو عەشیرەتەی لەبنجوبنەواندا هەمان بووە هەڵبگرین، وەک هەندێک کەس کە شانازی دەکات بە لەقەبی عەشیرەتەکەیەوە، ئێمە لەناوچەگەریشدا لەگوند تێپەڕیوین بۆ شار لەشاریشەوە تێپەڕیوین بۆ سنووڕێکی فراوانتر کە پێیدەوترێت نیشتمان، ئەویش کوردستانە، ئێمە خۆمان بە کوردستانیی دەزانین نەک ناوچەگەر، کەسانێک کە گلەیی لەئێمە دەکەن لەسەر ناوچەگەریی بابڕۆن کە تاوەکو ئێستە لەقەبەکانیان بەناوی دێیەکی بچوکەوەیە، یاخود بەناوی شارێکەوەیەو شانازی پێوەدەکەن، ئێمە نەک هەر بنەماڵەو قەبیلەو عەشیرەتمان تێپەڕاندووە بۆ سنووری نەتەوایەتی کــورد، نــەک هــەر سنووری گوندو شارۆچکەو شارمان تێپەڕاندووە، بۆ نیشتمانێکی گەورەتر کە ناوی کوردستانە، بەڵکو جــیــاوازیو ململانێی ناوخۆیی حیزبییشمان تێپەڕاندووە.... ئەو ململانێیەی ئێمە هەمانە لەگەڵ تێکڕای سیستمی سیاسییە لەکوردستاندا، کەواتە ئێمە بەهەموو شێوەیەک لە سنووری ناوچەگەری دەرچوینەتە دەرەوە، چوینەتە ناو سنووڕێکەو کە ناوی نەتەوەی کوردوونیشتمانی کوردستانە. سنووڕێک کەناوی هەرێمی کوردستانە.

*** ئەگەر ئەمە بیروبۆچوونی ئێوەیە، بۆچی ئەوەندە بەناوچەگەرێتی تۆمەتبار دەکرێن؟**

- ئەوە بەشێکە لەفەلسەفەی سیاسیی حوکم، ئێمە باوەڕمان بەوە نییە کە هەموو دەســەڵاتــەکــان کۆبکرێنەوە لەدەستی

ئێمە هەموو ئەوانەی کە کادیری یەکێتیو پارتین بەهاوسەنگەرو براو خۆشەویستی خۆمان دەزانین لەهەموو ئاستەکاندا

«هەڵبجە ئەمجارە بە سندوقی دەنگدان تۆڵەی خۆی دەکاتەوە»

خەڵکی هەڵبجە ئامادەنین دەنگی خۆیان بفرۆشن بە کەسانێک کە ئەم واقیعەیان دروستکردووە

پشتیوان سەعدوڵڵا



د. ڕێباز فەتاح مەحمود، لە کاندیدەکانی لیستی گۆڕان کە نوێنەری شاری هەڵبجەیە، لەم دیدارەی (بەرەوگۆڕان)دا ئاماژە دەکات بەو کەمتەرخەمییانەی بەرامبەر شارەکەی کراوە لەلایەن دەسەڵاتی کوردییەوە، هەروەها باسلەوەدەکات بەو بەرنامەیەی لیستی گۆڕان هەیەتی بۆ گێڕانەوەی گرنگی بۆ ئەو شارە.

بەرەوگۆڕان: بە ڕای تۆ حکومەتی هەرێم چی بۆ هەڵەبجە کردووە؟

* شاری هەڵەبجە سیماو مۆرکێکە بۆ کوردستانو خاوەنی قوربانییەکی زۆرە، جگە لەو هەموو قوربانییەش هەڵەبجە شارێکی کوردستانییە، شارێکی میژوویی و گەشتوگوزاری و کشتوکاڵی و بازرگانییە، کێشەی گەورە ئەوەیە، کە ئێمە خاوەنی حکومەتێکین بیرناکاتەوە، تائێستا حکومەتی هەرێم ئاوڕی لێنەداوەتەوە و پشتگوێی خستووە، لە کاتێکدا هەقبوو دەسەڵاتداران خزمەتێکی زۆریان بە شارەکە بکردایە، ئەگەر واقیعی شارەکە ببینین دەزانین کە شارێکی بێخزمەتەو پشتگوێخراوە، پێموایە لە دەوڵەتانی دنیاو ڕێکخراوە خێرخوازییەکان بڕێکی زۆر پارەو سامانیان بەناوی هەڵەبجەوە وەرگرتووە، کەچی هێندەی ئەو پارەیەی کە دەسەڵاتداران لە خێرخوازان کۆیانکردووەتەوە شتیان بۆ ناوچەکە نەکردووە.

بەرەوگۆڕان: تووڕەیی و بێزاری هەڵەبجەییەکان گەیشتە ڕادەی سووتاندنی مۆنۆمێنتی شەهیدان، ئەمە سەلمێنەری پشتگوێخستنی شارەکە نییە؟

* ئەو هەڵەبجەیەی کە دەسەڵات باسی دەکات، ئەوە ئەو هەڵەبجەیە نییە، ئێمە وەکو خەڵکی هەڵەبجە ئامادەین لەگەڵ دەسەڵات دابنیشین بزانین ئەو پرۆژانەی لەو شارە کراون، هی خێرخوازانە، یان هی حکومەت، لە هەڵەبجەدا تەنیا کتێبخانەیەک هەیە، ئەویش دەوڵەمەندێکی شارەکە کردوویەتی.

بەرەوگۆڕان: جگە لە کیمیاباڕانکردنی (٥) هەزار دانیشتووی هەڵەبجە بە چەکی کیمیایی، هەزاران بەرکەوتووی ئەو چەکە هەیەو بەبێ چارەسەر ماونەتەوە، ئەمە مایەی شەرمەزارییە بۆ حکومەت؟

* بەداخەوە تائێستا ژمارەیەکی زۆر بڕیندارە چەکی کیمیایی لە هەڵەبجەدا هەنو حکومەتیش چارەسەری بۆ نەکردوون، لە کاتێکدا دەبوو حکومەتی هەرێم چارەسەری بکردنایەو نەخۆشخانەی تایبەتی بۆ دروستبکردنایە، بەڵام ئەم حکومەتە حکومەتی خەڵک نییە، بەڵکو حکومەتی چەند بنەماڵەو چەند کەسێکەو دەسەڵات بەکاردەهێنن بۆ دەوڵەمەندکردنی خۆیان نەک بۆ خزمەتکردنی خەڵک.

بەرەوگۆڕان: بەرپرسانی حکومی لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا بە منەتەوە دەڵێن، شتی زۆرمان کردووە، ئایا ئەمە بۆچی دەکەن؟

* ئەوەی دەسەڵاتداران دەیکەن، بەکارهێنانی هەڵەبجەیە بۆ کڕینو کۆکردنەوەی دەنگ، وەک چۆن ئەنفال بەکاردەهێنن بۆ کڕینی دەنگ، دەسەڵاتداران لە ئێستادا هەڵەبجە بەکاردەهێنن بۆ ڕاکێشانی هەستو سۆزی خەڵک بەلای خۆیاندا، من بە خەڵکی کوردستان دەڵێم، بابێن سەیری هەڵەبجە بکەن، ئەوکاتە بۆیاندەردەکەوێت، کە ئەم دەسەڵاتە چی بۆ هەڵەبجە کردووەو لە ئاست خزمەتکردنی خەڵکدا بووە؟

بەرەو گۆڕان: بە بۆچوونی تۆ تا چەند سەردانی بەرپرسانی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار لە ئێستادا بۆ بانگەشەو چەواشەکردنی خەڵکی ناوچەکەیە؟

* من دەپرسم بۆچی دەسەڵاتدارانی کوردستان تەنیا لەکاتی هەڵبژاردندا سەردانی هەڵەبجە دەکەن، دەسەڵاتداران لە دەرەوەی شاری هەڵەبجە کۆبوونەوە لەگەڵ خەڵکەکەی دەکەن، وەک بڵێیت هەڵەبجە شارێکی کوردستانی نییە، سەردانەکانیان بۆ خزمەتکردن نییە، بەڵکو بۆ ئەوە دێنە هەڵەبجە کە هەندێک دەنگ بکڕن.

بەرەوگۆڕان: دەوترێت خەڵکی هەڵەبجە لەوە تێگەیشتووترە، کە چیتر دەسەڵاتداران هەڵیانبخەڵەتێنن، ئەمە تاچەند ڕاستە؟

* خەڵکی هەڵەبجە لەوە تێگەیشتووە، کە ئەو بەڵێنانەی دەسەڵات بە شارەکەی دەدات، تەنیا مانەوەیانە لەسەر حوکم، نەک خزمەتکردنی خەڵک، هەڵەبجە ئەمجارە بە سندوقی دەنگدان تۆڵەی خۆی دەکاتەوە، لەو دەسەڵاتدارانەی کە ناوی شارەکەیان بۆ مەبەستی تایبەتی بەکارهێناوە، خەڵکی هەڵەبجە ئامادەنین دەنگی خۆیان بفرۆشن بە کەسانێک کە ئەم واقیعەیان دروستکردووە.

بەرەوگۆڕان: خەڵکی هەڵەبجە چۆن پێشوازی لە لیستی گۆڕان دەکەن؟

* ئێمە دڵنیاین لەوەی کە خەڵکی هەڵەبجە لەگەڵ گۆڕاندایە بریاریانداوە پشتگیری لە لیستی گۆڕان بکەنو لەوەش دڵنیاین، کە لیستی گۆڕان دەنگێکی باش بەدەست دەهێنێت لە هەڵەبجەدا.

بەرەوگۆڕان: وەکو خۆیان باسی دەکەن، سەردانی بەرپرسان بۆ ناوچەکەتان چی دەستکەوتێک بەدەستدەهێنێت بۆ ئێوە؟

* سەردانی سەرکردەکان بۆ ناوچەکە دەستکەوت نییە بۆ ئێمە، چونکە سەرکردەیەک لە ماوەی چوار ساڵدا جارێک بێتە هەڵەبجە، ئیتر بە منەت بە خەڵکی بفرۆشنەوەو باسی ئەوە بکەن، سەردانی سەرۆک کۆمار یان هەر بەرپرسێکی دیکە ڕۆژێکی میژووییە بۆ هەڵەبجییەکان، سەرکردەیەک ئەگەر سەرکردە بێت، دەبێت هەموو ڕۆژێک لەگەڵ موعاناتەکانی خەڵکدا بێت.

بەرەگۆڕان: کە چوونە پەرلەمان، دەتوانن چی بۆ خەڵکی کوردستان بکەن؟

* ئێمە پێمانوایە لە حکومەتو پەرلەمان کۆمەڵێک کێشەی گەورە هەیە، ڕاستە ئێمە پەرلەمانمان هەیە، بەڵام چ پەرلەمانێک، ئەو پەرلەمانەی تەنیا کاری ئەوەیە کە شەرعیەت بدات بە بڕیارەکانی چەند حیزبێکی دیاریکراو، ئێمە کە دەچینە پەرلەمان کۆمەڵێک ئەرکی گرنگ دەکەوێتە سەرشانمان، داڕشتنی دەستوور کە لە بەرژەوەندی هەموو خەڵکی کوردستاندا بێت، نەک لە بەرژەوەندی کۆمەڵێک خەڵکی دیاریکراو دانرابێت، یەکێکی دیکە لە کارەکانی ئێمە بریتییە لە پەسەندکردنی بودجەی هەرێم، هەروەها مەسەلەی چاودێریکردنی کاروبارەکانی حکومەت یەکێکی دیکەیە لە کارەکانی لیستەکەمان، ئێمە دەمانەوێت پەرلەمانێک دروستبکەین،

پرۆفایل:

د. ڕێباز فەتاح مەحمود، لە ساڵی (١٩٨١) لە شاری هەڵەبجە لە دایکبووە.

بەهۆی کوردایەتییەوە خێزانەکەی بۆ چەند ساڵێک ئاوارەی ئێران بوون.

دەرچووی کۆلێژی پزیشکییە کاندیدای لیستی گۆڕانە وەک نوێنەری شاری هەڵەبجە.

کاسبکارانی هەڵەبجە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاردەهێنرێن

بەرهەم عومەر

ڕۆژی (٧/١٤) سەندیکای کاسبکارانی کوردستان لقی هەڵەبجە، ئاگاداری سەرجەم کاسبکارەکانی شاری هەڵەبجەی کردەوە دەکات کە بە مەبەستی وەرگرتنی ژمارەو ناونیشانی زەوییە تەرخانکراوەکانی ناوچەی بازرگانی هەڵەبجە لە هۆڵی (ئامادەیی ئەحمەد موختارجاف) ئامادەبن، بەڵام دواتر کۆبوونەوەکەیان دەکرێتە کۆبوونەوەی بانگەشەی هەڵبژاردن.

یەکێک لە ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە بە (بەرەوگۆڕان)ی ڕاگەیاند: ماوەیەکی زۆرە بڕیاردراوە کە زەوییەکانی ناوچەی پیشەسازی نوێ لە هەڵەبجە لە کۆبوونەوەیەکی بەرفراواندا بە تیروپشک دابەشبکرێت بەسەرماندا و چاوەڕێی ئەوەمان دەکرد ئاگادارمان بکەنەوە، بەڵام کاتێک کۆیانکردینەوە تەنیا وتاریان پێشکەشکردین بۆئەوەی دەنگ بدەین بە لیستی کوردستانی.

لە کۆبوونەوەکەدا فازیل بەشارەتی، بەرپرسی لقی (١٢)ی پارتیو خدر کەریم، سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجەو ئەنوەری رابە، بەرپرسی لقی هەڵەبجەی کۆمەڵەی کاسبکارانو کاندیدی لیستی کوردستانی، وتاریان پێشکەشکردووەو کۆتاییان بە دانیشتنەکە هێناوە بە بێئەوەی باسی مەبەستی کۆبوونەوەکە بکەن.

دەستەیەک لەگەنجان و لاوانی دەڤەری ڕاپەڕین:

تاڵەبانی لەباتی پێشکەشکردنی چەپکەگوڵ، دەمانچە دەبەخشێتەوە

بەرەو گۆڕان

دەستەیەک لەگەنجانو لاوانی دەڤەری ڕاپەڕین داوا لەخەڵکی کوردستان دەکەن ڕۆژی ٢٥ی ئەم مانگە بکەنە ڕۆژی بەرەنگاربونەوەی گەندەڵکارانو ڕەخنە لەسەردانەکەی جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی بۆ دەڤەرەکەیان دەگرن.

لەبەیاننامەیەکدا، ئەو گەنجو لاوانەی ڕاپەڕین ڕایانگەیاندوە، «لەچەند ڕۆژی ڕابردودا تاڵەبانی کە سەرۆک کۆماری عێراقیشە سەردانی دەڤەرەکەیانی کردوەو خەڵکی ناوچەکە پێیانوابو لەگەڵ گەیشتنی بە دەروازەی چوارقورنە، کاروانی ئوتۆمبیلەکانی دەوەستاندو پێش ئەوەی بەسەر پردە ڕوخاوەکەی دوڕیانی چوار قورنەدا ڕەتببێت، سەیریکی ئەو پردەی دەکرد کە دڕێژییەکەی تەنیا ٣٠ مەترەو لە سالی ٢٠٠٦ وە بەهۆی لافاوەوە ڕوخاوەو تا ئیستا چاک نەکراوەتەوە لە کاتیکدا ئەو پردە تاکە ڕێگایە کە دەڤەری ڕاپەڕین بە هەمو ناوچەکانی کوردستان دەبەستێتەوە، جگەلەوەش لەکەڵ گەیشتنی بۆ شاری ڕانیە سەردانی گۆڕی شەهیدانی یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕین دەکاتو چەپکە گوڵی ڕێزلێنانی دەخستە سەر مەزاری پیرۆزیان دواتر سەردانی ماڵی شەهیدانی یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕینی دەکرد لە ڕانیەو لەگەڵ گەیشتنیشی بۆ شاری قەڵادزێ کاتێک بە سەر گۆڕستانی قەڵادزێدا تێدەپەڕی چەپکە گوڵێکیشی دادەنا لەسەر مەزاری شەهیدانی بۆردومانی سالی ١٩٧٤ بەڵام جێگای داخ و سەرسوڕمانی ڕۆشنبیرانی ئەم ناوچەیەیە کە جەلال تاڵەبانی لە ئێستادا جێگری سەرۆکی ڕێکخراوی سۆسیال ئینترناشنالە لەجیاتی ئەوەی سەردانی ناوەندە ڕۆشنبیرییەکانی ئەم ناوچەیە بکاتو چەپکەگوڵ لەگەڵ خۆیدا پێشکەش بەخەڵکی دەڤەرەکەیان بکات بەڵام بەپێچەوانەی دروشمەکانی خۆیانو ڕێکخراوەکەیانو دور لە هەمو بەهایەکی مرۆڤایەتی لەجیاتی چەپکەگوڵ دەمانچە دەبەخشێتەوە».

ئاشکراشیانکردوە، کەتاڵەبانی لە سەردانەکەیدا کەبۆ بانگەشەبو بۆ لیستەکەی یەکێتیو پارتی، سەدان هەزار دۆلاری لەپارەی خەڵکی ڕەشو ڕوتی هەرێمی کوردستان بەخشیوەتەوە، ئەمە لەکاتێکدا بەوتەی ئەو گەنجو لاوانە لەجیاتی تەخشانو پەخشانکردنی سامانی ئەم وڵاتە، تاڵەبانی دەبوایە وەکو وەفایەک مۆنۆمێنتێکی بۆ شەهیدانی یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕین دروستبکردایە کە ڕۆژی ١٩٩١/٣/٥ لەکاتی هەلمەتیان بۆ سەر دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی بەعس شەهیدبون.

داواش لەخەڵکی دەڤەرەکە دەکەن، هەر بە هەمان گڕوتینو حەماسەوە سەعات ٨ی سەر لەبەیانی ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٥ بەرەو سندوقەکانی دەنگدان بڕۆنو بەشێوەیەکی شارستانیانە دەنگی نارەزایەتیان پخەنە سندوقی دەنگدانەوەو ببن بە پێشەنگ بۆ هەلهاتنی خۆرێکی تری ئازادیو ڕزگارکردنی کوردستان لەدەستی گەندەلکاران.

ئەمڕۆ لیستی گۆڕان ناهەنگێکی جەماوەریی لەشاری هەڵەبجە ڕێکدەخات

بۆ پشتیوانی لەلیستی گۆڕان، بڕیارە ئەمڕۆ ئاهەنگێکی جەماوەریی لەشاری هەڵەبجە بەڕێوەدەچێت.

ئاهەنگە لەسەعات ٥ی پاشنیوەڕۆ لەنزیک بینای کازیوەی منداڵانی هەڵەبجە دەستپێدەکات و تیایدا فەرهاد سەنگاوی وتارو پەخشان دەخوێنێتەوەو بەگۆرانیو هەڵپەڕکێ کۆتایی پێدەهێنرێت.

ئاهەنگەکە لەلایەن بنکەی بانگەشەی لیستی گۆڕان لەهەڵەبجە سازدەکرێت.



«هەڵبجە ئەمجارە بە سندوقی دەنگدان تۆڵەی خۆی دەکاتەوە»

خەڵکی هەڵبجە ئامادەنین دەنگی خۆیان بفرۆشن بە کەسانێک کە ئەم واقیعەیان دروستکردووە

پشتیوان سەعدوڵڵا



د. ڕێباز فەتاح مەحمود، لە کاندیدەکانی لیستی گۆڕان کە نوێنەری شاری هەڵبجەیە، لەم دیدارەی (بەرەوگۆڕان)دا ئاماژە دەکات بەو کەمتەرخەمییانەی بەرامبەر شارەکەی کراوە لەلایەن دەسەڵاتی کوردییەوە، هەروەها باسلەوەدەکات بەو بەرنامەیەی لیستی گۆڕان هەیەتی بۆ گێڕانەوەی گرنگی بۆ ئەو شارە.

بەرەوگۆڕان: بە ڕای تۆ حکومەتی هەرێم چی بۆ هەڵەبجە کردووە؟

* شاری هەڵەبجە سیماو مۆرکێکە بۆ کوردستانو خاوەنی قوربانییەکی زۆرە، جگە لەو هەموو قوربانییەش هەڵەبجە شارێکی کوردستانییە، شارێکی میژوویی و گەشتوگوزاری و کشتوکاڵی و بازرگانییە، کێشەی گەورە ئەوەیە، کە ئێمە خاوەنی حکومەتێکین بیرناکاتەوە، تائێستا حکومەتی هەرێم ئاوڕی لێنەداوەتەوە و پشتگوێی خستووە، لە کاتێکدا هەقبوو دەسەڵاتداران خزمەتێکی زۆریان بە شارەکە بکردایە، ئەگەر واقیعی شارەکە ببینین دەزانین کە شارێکی بێخزمەتەو پشتگوێخراوە، پێموایە لە دەوڵەتانی دنیاو ڕێکخراوە خێرخوازییەکان بڕێکی زۆر پارەو سامانیان بەناوی هەڵەبجەوە وەرگرتووە، کەچی هێندەی ئەو پارەیەی کە دەسەڵاتداران لە خێرخوازان کۆیانکردووەتەوە شتیان بۆ ناوچەکە نەکردووە.

بەرەوگۆڕان: تووڕەیی و بێزاری هەڵەبجەییەکان گەیشتە ڕادەی سووتاندنی مۆنۆمێنتی شەهیدان، ئەمە سەلمێنەری پشتگوێخستنی شارەکە نییە؟

* ئەو هەڵەبجەیەی کە دەسەڵات باسی دەکات، ئەوە ئەو هەڵەبجەیە نییە، ئێمە وەکو خەڵکی هەڵەبجە ئامادەین لەگەڵ دەسەڵات دابنیشین بزانین ئەو پرۆژانەی لەو شارە کراون، هی خێرخوازانە، یان هی حکومەت، لە هەڵەبجەدا تەنیا کتێبخانەیەک هەیە، ئەویش دەوڵەمەندێکی شارەکە کردوویەتی.

بەرەوگۆڕان: جگە لە کیمیاباڕانکردنی (٥) هەزار دانیشتووی هەڵەبجە بە چەکی کیمیایی، هەزاران بەرکەوتووی ئەو چەکە هەیەو بەبێ چارەسەر ماونەتەوە، ئەمە مایەی شەرمەزارییە بۆ حکومەت؟

* بەداخەوە تائێستا ژمارەیەکی زۆر بڕیندارە چەکی کیمیایی لە هەڵەبجەدا هەنو حکومەتیش چارەسەری بۆ نەکردوون، لە کاتێکدا دەبوو حکومەتی هەرێم چارەسەری بکردنایەو نەخۆشخانەی تایبەتی بۆ دروستبکردنایە، بەڵام ئەم حکومەتە حکومەتی خەڵک نییە، بەڵکو حکومەتی چەند بنەماڵەو چەند کەسێکەو دەسەڵات بەکاردەهێنن بۆ دەوڵەمەندکردنی خۆیان نەک بۆ خزمەتکردنی خەڵک.

بەرەوگۆڕان: بەرپرسانی حکومی لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا بە منەتەوە دەڵێن، شتی زۆرمان کردووە، ئایا ئەمە بۆچی دەکەن؟

* ئەوەی دەسەڵاتداران دەیکەن، بەکارهێنانی هەڵەبجەیە بۆ کڕینو کۆکردنەوەی دەنگ، وەک چۆن ئەنفال بەکاردەهێنن بۆ کڕینی دەنگ، دەسەڵاتداران لە ئێستادا هەڵەبجە بەکاردەهێنن بۆ ڕاکێشانی هەستو سۆزی خەڵک بەلای خۆیاندا، من بە خەڵکی کوردستان دەڵێم، بابێن سەیری هەڵەبجە بکەن، ئەوکاتە بۆیاندەردەکەوێت، کە ئەم دەسەڵاتە چی بۆ هەڵەبجە کردووەو لە ئاست خزمەتکردنی خەڵکدا بووە؟

بەرەو گۆڕان: بە بۆچوونی تۆ تا چەند سەردانی بەرپرسانی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار لە ئێستادا بۆ بانگەشەو چەواشەکردنی خەڵکی ناوچەکەیە؟

* من دەپرسم بۆچی دەسەڵاتدارانی کوردستان تەنیا لەکاتی هەڵبژاردندا سەردانی هەڵەبجە دەکەن، دەسەڵاتداران لە دەرەوەی شاری هەڵەبجە کۆبوونەوە لەگەڵ خەڵکەکەی دەکەن، وەک بڵێیت هەڵەبجە شارێکی کوردستانی نییە، سەردانەکانیان بۆ خزمەتکردن نییە، بەڵکو بۆ ئەوە دێنە هەڵەبجە کە هەندێک دەنگ بکڕن.

بەرەوگۆڕان: دەوترێت خەڵکی هەڵەبجە لەوە تێگەیشتووترە، کە چیتر دەسەڵاتداران هەڵیانبخەڵەتێنن، ئەمە تاچەند ڕاستە؟

* خەڵکی هەڵەبجە لەوە تێگەیشتووە، کە ئەو بەڵێنانەی دەسەڵات بە شارەکەی دەدات، تەنیا مانەوەیانە لەسەر حوکم، نەک خزمەتکردنی خەڵک، هەڵەبجە ئەمجارە بە سندوقی دەنگدان تۆڵەی خۆی دەکاتەوە، لەو دەسەڵاتدارانەی کە ناوی شارەکەیان بۆ مەبەستی تایبەتی بەکارهێناوە، خەڵکی هەڵەبجە ئامادەنین دەنگی خۆیان بفرۆشن بە کەسانێک کە ئەم واقیعەیان دروستکردووە.

بەرەوگۆڕان: خەڵکی هەڵەبجە چۆن پێشوازی لە لیستی گۆڕان دەکەن؟

* ئێمە دڵنیاین لەوەی کە خەڵکی هەڵەبجە لەگەڵ گۆڕاندایە بریاریانداوە پشتگیری لە لیستی گۆڕان بکەنو لەوەش دڵنیاین، کە لیستی گۆڕان دەنگێکی باش بەدەست دەهێنێت لە هەڵەبجەدا.

بەرەوگۆڕان: وەکو خۆیان باسی دەکەن، سەردانی بەرپرسان بۆ ناوچەکەتان چی دەستکەوتێک بەدەستدەهێنێت بۆ ئێوە؟

* سەردانی سەرکردەکان بۆ ناوچەکە دەستکەوت نییە بۆ ئێمە، چونکە سەرکردەیەک لە ماوەی چوار ساڵدا جارێک بێتە هەڵەبجە، ئیتر بە منەت بە خەڵکی بفرۆشنەوەو باسی ئەوە بکەن، سەردانی سەرۆک کۆمار یان هەر بەرپرسێکی دیکە ڕۆژێکی میژووییە بۆ هەڵەبجییەکان، سەرکردەیەک ئەگەر سەرکردە بێت، دەبێت هەموو ڕۆژێک لەگەڵ موعاناتەکانی خەڵکدا بێت.

بەرەگۆڕان: کە چوونە پەرلەمان، دەتوانن چی بۆ خەڵکی کوردستان بکەن؟

* ئێمە پێمانوایە لە حکومەتو پەرلەمان کۆمەڵێک کێشەی گەورە هەیە، ڕاستە ئێمە پەرلەمانمان هەیە، بەڵام چ پەرلەمانێک، ئەو پەرلەمانەی تەنیا کاری ئەوەیە کە شەرعیەت بدات بە بڕیارەکانی چەند حیزبێکی دیاریکراو، ئێمە کە دەچینە پەرلەمان کۆمەڵێک ئەرکی گرنگ دەکەوێتە سەرشانمان، داڕشتنی دەستوور کە لە بەرژەوەندی هەموو خەڵکی کوردستاندا بێت، نەک لە بەرژەوەندی کۆمەڵێک خەڵکی دیاریکراو دانرابێت، یەکێکی دیکە لە کارەکانی ئێمە بریتییە لە پەسەندکردنی بودجەی هەرێم، هەروەها مەسەلەی چاودێریکردنی کاروبارەکانی حکومەت یەکێکی دیکەیە لە کارەکانی لیستەکەمان، ئێمە دەمانەوێت پەرلەمانێک دروستبکەین،

پرۆفایل:

د. ڕێباز فەتاح مەحمود، لە ساڵی (١٩٨١) لە شاری هەڵەبجە لە دایکبووە.

بەهۆی کوردایەتییەوە خێزانەکەی بۆ چەند ساڵێک ئاوارەی ئێران بوون.

دەرچووی کۆلێژی پزیشکییە کاندیدای لیستی گۆڕانە وەک نوێنەری شاری هەڵەبجە.

کاسبکارانی هەڵەبجە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاردەهێنرێن

بەرهەم عومەر

ڕۆژی (٧/١٤) سەندیکای کاسبکارانی کوردستان لقی هەڵەبجە، ئاگاداری سەرجەم کاسبکارەکانی شاری هەڵەبجەی کردەوە دەکات کە بە مەبەستی وەرگرتنی ژمارەو ناونیشانی زەوییە تەرخانکراوەکانی ناوچەی بازرگانی هەڵەبجە لە هۆڵی (ئامادەیی ئەحمەد موختارجاف) ئامادەبن، بەڵام دواتر کۆبوونەوەکەیان دەکرێتە کۆبوونەوەی بانگەشەی هەڵبژاردن.

یەکێک لە ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە بە (بەرەوگۆڕان)ی ڕاگەیاند: ماوەیەکی زۆرە بڕیاردراوە کە زەوییەکانی ناوچەی پیشەسازی نوێ لە هەڵەبجە لە کۆبوونەوەیەکی بەرفراواندا بە تیروپشک دابەشبکرێت بەسەرماندا و چاوەڕێی ئەوەمان دەکرد ئاگادارمان بکەنەوە، بەڵام کاتێک کۆیانکردینەوە تەنیا وتاریان پێشکەشکردین بۆئەوەی دەنگ بدەین بە لیستی کوردستانی.

لە کۆبوونەوەکەدا فازیل بەشارەتی، بەرپرسی لقی (١٢)ی پارتیو خدر کەریم، سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجەو ئەنوەری رابە، بەرپرسی لقی هەڵەبجەی کۆمەڵەی کاسبکارانو کاندیدی لیستی کوردستانی، وتاریان پێشکەشکردووەو کۆتاییان بە دانیشتنەکە هێناوە بە بێئەوەی باسی مەبەستی کۆبوونەوەکە بکەن.

دەستەیەک لەگەنجان و لاوانی دەڤەری ڕاپەڕین:

تاڵەبانی لەباتی پێشکەشکردنی چەپکەگوڵ، دەمانچە دەبەخشێتەوە

بەرەو گۆڕان

دەستەیەک لەگەنجانو لاوانی دەڤەری ڕاپەڕین داوا لەخەڵکی کوردستان دەکەن ڕۆژی ٢٥ی ئەم مانگە بکەنە ڕۆژی بەرەنگاربونەوەی گەندەڵکارانو ڕەخنە لەسەردانەکەی جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی بۆ دەڤەرەکەیان دەگرن.

لەبەیاننامەیەکدا، ئەو گەنجو لاوانەی ڕاپەڕین ڕایانگەیاندوە، «لەچەند ڕۆژی ڕابردودا تاڵەبانی کە سەرۆک کۆماری عێراقیشە سەردانی دەڤەرەکەیانی کردوەو خەڵکی ناوچەکە پێیانوابو لەگەڵ گەیشتنی بە دەروازەی چوارقورنە، کاروانی ئوتۆمبیلەکانی دەوەستاندو پێش ئەوەی بەسەر پردە ڕوخاوەکەی دوڕیانی چوار قورنەدا ڕەتببێت، سەیریکی ئەو پردەی دەکرد کە دڕێژییەکەی تەنیا ٣٠ مەترەو لە سالی ٢٠٠٦ وە بەهۆی لافاوەوە ڕوخاوەو تا ئیستا چاک نەکراوەتەوە لە کاتیکدا ئەو پردە تاکە ڕێگایە کە دەڤەری ڕاپەڕین بە هەمو ناوچەکانی کوردستان دەبەستێتەوە، جگەلەوەش لەکەڵ گەیشتنی بۆ شاری ڕانیە سەردانی گۆڕی شەهیدانی یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕین دەکاتو چەپکە گوڵی ڕێزلێنانی دەخستە سەر مەزاری پیرۆزیان دواتر سەردانی ماڵی شەهیدانی یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕینی دەکرد لە ڕانیەو لەگەڵ گەیشتنیشی بۆ شاری قەڵادزێ کاتێک بە سەر گۆڕستانی قەڵادزێدا تێدەپەڕی چەپکە گوڵێکیشی دادەنا لەسەر مەزاری شەهیدانی بۆردومانی سالی ١٩٧٤ بەڵام جێگای داخ و سەرسوڕمانی ڕۆشنبیرانی ئەم ناوچەیەیە کە جەلال تاڵەبانی لە ئێستادا جێگری سەرۆکی ڕێکخراوی سۆسیال ئینترناشنالە لەجیاتی ئەوەی سەردانی ناوەندە ڕۆشنبیرییەکانی ئەم ناوچەیە بکاتو چەپکەگوڵ لەگەڵ خۆیدا پێشکەش بەخەڵکی دەڤەرەکەیان بکات بەڵام بەپێچەوانەی دروشمەکانی خۆیانو ڕێکخراوەکەیانو دور لە هەمو بەهایەکی مرۆڤایەتی لەجیاتی چەپکەگوڵ دەمانچە دەبەخشێتەوە».

ئاشکراشیانکردوە، کەتاڵەبانی لە سەردانەکەیدا کەبۆ بانگەشەبو بۆ لیستەکەی یەکێتیو پارتی، سەدان هەزار دۆلاری لەپارەی خەڵکی ڕەشو ڕوتی هەرێمی کوردستان بەخشیوەتەوە، ئەمە لەکاتێکدا بەوتەی ئەو گەنجو لاوانە لەجیاتی تەخشانو پەخشانکردنی سامانی ئەم وڵاتە، تاڵەبانی دەبوایە وەکو وەفایەک مۆنۆمێنتێکی بۆ شەهیدانی یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕین دروستبکردایە کە ڕۆژی ١٩٩١/٣/٥ لەکاتی هەلمەتیان بۆ سەر دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی بەعس شەهیدبون.

داواش لەخەڵکی دەڤەرەکە دەکەن، هەر بە هەمان گڕوتینو حەماسەوە سەعات ٨ی سەر لەبەیانی ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٥ بەرەو سندوقەکانی دەنگدان بڕۆنو بەشێوەیەکی شارستانیانە دەنگی نارەزایەتیان پخەنە سندوقی دەنگدانەوەو ببن بە پێشەنگ بۆ هەلهاتنی خۆرێکی تری ئازادیو ڕزگارکردنی کوردستان لەدەستی گەندەلکاران.

ئەمڕۆ لیستی گۆڕان ناهەنگێکی جەماوەریی لەشاری هەڵەبجە ڕێکدەخات

بۆ پشتیوانی لەلیستی گۆڕان، بڕیارە ئەمڕۆ ئاهەنگێکی جەماوەریی لەشاری هەڵەبجە بەڕێوەدەچێت.

ئاهەنگە لەسەعات ٥ی پاشنیوەڕۆ لەنزیک بینای کازیوەی منداڵانی هەڵەبجە دەستپێدەکات و تیایدا فەرهاد سەنگاوی وتارو پەخشان دەخوێنێتەوەو بەگۆرانیو هەڵپەڕکێ کۆتایی پێدەهێنرێت.

ئاهەنگەکە لەلایەن بنکەی بانگەشەی لیستی گۆڕان لەهەڵەبجە سازدەکرێت.





فۆتۆ: سامان حەمەکەریم

لایەنگرانی لیستی گۆڕان:
بەدڵنیاییەوە لە سلێمانی براوەی یەکەم خۆمانین

ئەگەری لەدایکبوونی هێزی یەکەم، نەک سێیەم

سیروان رەشید



هەرکەسێک لە ئێمە ئەگەر سەرنجێکی دۆخی سیاسیی ئەمڕۆی کوردستانی عێراق بدات، هەست بەوە دەکات جوڵانەوەیەکی سیاسیی کاریگەر سەریهەڵداوە، کە هەندێکجاریش دیمەنی ئەم بزووتنەوە سیاسییە لەو ئومێدە دەچێت کە لەڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ دروستبوو.

لەنزیک بە دەسالّی رابردوو تا بە ئەمرو دەگات کەشی سیاسیو کۆمەڵایەتیی هەرێمی کوردستان تامەزۆری دروستبوونی هێزی سێیەم بوو وەک هێزێکی کاریگەر بەرامبەر پارتیو یەکێتی، بەڵام رەنگە ئەم هەڵبژاردنە وەرچەرخانێکی گرنگو گۆڕانێکی نەوعی وابخولقێنێت، کە نەک هێزی سێیەم بێنێتەکایەوە، بەڵکو ئەگەر ئەم بزووتنەوە گەورەیەی گۆڕان کە ئێستا لەلیستی گۆڕاندا خۆی دەبینێتەوە، بەخوێندنەوەی دۆخی ئێستای شەقامی کوردستان، ئەگەر هەڵبژاردنێکی پاکو دوور لە فرتوفێڵ بەڕێوەبچێتو ئەگەر ئەو نارەزاییەی خەڵک چەند ساڵێکە لە دەسەڵات هەیەتی بکرێتە دەنگ، ئەوا پێدەچێت ئەم رەوتە لەو ٤٦ کورسییەی بەر سنووری پارێزگای سلێمانی دەکەوێت نیوەی زیاتری کورسییەکان بەدەستبهێنێتو پێدەچێت زیاتر لە ٣٥ کورسی کۆی گشتی کورسییەکانی پەرلەمان مسۆگەربکات، بەم دەرەنجامەش لیستی گۆڕان لەبەرامبەر دوو زلهێزەکە (پارتیو یەکێتی وەک تاکە حیزب) ئەم بزووتنەوەیە دەبێتە هێزی یەکەمو پاشەکشە بەیەکێک لەو دوو هێزە سەرەکییە دەکاو یەکێک لەو دووپارتە دەبێتە هێزی سێیەم، ئەگەر تەنانەت پارتیو یەکێتیش نیوەی کورسییەکانی پەرلەمان (٥٦ کورسی) مسۆگەربکەن، لەکاتێکدا ئەگەری ئەوەش دەکرێت ئەمجارە ئەم دوو هێزە چانسی بەدەستهێنانی ٥٦ کورسییان نەبێت بۆ پێکهێنانی حکومەت.

دروستبوونی ئەم جوڵانەوە سیاسییە گەورەیە، پاش ٣٣ ساڵ دێت لەهەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێی گەلی کوردستانی عێراق، کە پارتیو یەکێتی زیاتر لەسێ دەیەیە مۆنۆپۆڵی تەواوی کایەکانی سیاسیو کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستانیان کردووەو پێدەچێت ٢٥ی تەممووز بەتەواوەتی پێکهاتەی سیاسیی کورد بگۆڕێت.

سەرکەوتنی بزووتنەوەی گۆڕان لەهەڵبژاردنی ئەمجارەدا بەدوورنازانرێت، لەکاتێکدا ئەزموونی سیاسی لەناوچەکەدا بۆ سەرکەوتنی ئەمجۆرە جوڵانەوانە لەبەرچاوە، تا ئەوەی لە سەرەتای ئەم دەیەیەدا لەبەرئەنجامی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی تورکیادا بینیمان چۆن پارتەکەی ئەردۆغان سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێناو هەردوو پارتی گەورەی خاوەن دوو دەورەی حوکمڕانیو دەیانسالّ خەباتی سیاسی وەک پارتەکەی تانسۆچیلەرو مەسعودیەلمازی لەسەر شانۆی سیاسی سریەوە.

پێدەچێت لەم هەڵبژاردنەدا خەڵکی کوردستان بیانەوێت مۆدێلێکی سیاسیی تر تاقیبکەنەوە بەجۆرێک کە هاوکێشەی سیاسیی هەرێم بەشێوەیەک بگۆڕێت کە بە بوومەلەرزەی سیاسیی ناوی ببەین.

هیواموایە ئەو گۆڕانەی بەڕێوەیە، لەبەرژەوەندیی هەموو خەڵکو خواستی جەماوەردابێتو کۆی کایەکانی ژیانی سیاسیو ئیداریو کۆمەڵایەتیی هاوڵاتیان باشتربکرێت.

Serwan_rm@yahoo.com



فۆتۆ: شکار موعتەسەم

رانیە: بەڵێ بەڵێ بۆ گۆڕان